# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٠
چوارشەممە
٢٠١٠/٩/٢٢
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


## لەسلێمانی ٦٥ کەس بەگوللە کوژراون

بەپێی ئامارێکی پزیشکاری دادوەری سلێمانی، تەنیا لەهەشت مانگی ئەمساڵدا ٥٦ کەس بەگوللە کوژراون. تەرمی بەشێک لەکوژراوەکانیش دوای کوشتنیان فڕێدراون.
بەپێی ئامارەکە کەدەست دەستوور کەوتووە، لە٢٠١٠/١/١ تا ٩/١ی ئەمساڵ، ٦٥ کەس بەگوللە لەو ماوەیەدا کوژراون، کە ٥٢ پیاوو ١٣ ژنو هەروەها مانگی کانونی دووەم زۆرترین حاڵەتی کوژرانی تێدابووە کە ١٥ پیاوو ٤ ژن بەگوللە کوژراونو زۆربەی حاڵەتەکانیش یان کوژراون یان خۆیانکوشتووە، بەشێک لەتەرمی ئەوانەی کوژراویشن دوای کوشتنیان فڕێدراون.

زانیاری زیاتر لەلاپەڕە ٥ بخوێنەرەوە

# لە ٣٩ حیزبی سیاسی، تاکە حیزبێک ئەنجامی لیژنەکەی سەردەشتی ڕەتکردەوە



## ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری دەکرێت

پ.دەستوور

لەکۆی ٣٩ حیزبی سیاسیی کوردستان بەئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدارەوە، تەنیا یەک حیزب ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەکەیسی سەردەشت عوسمانی ڕەتکردەوە، ئەوانی تر تەنانەت نایانەوێت لێدوان لەبارەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەوە بدەن، لەکاتێکدا ناڕەزاییەکی گەورەی جەماوەری بەڕێوەیە، کەڕۆژنامەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەڕێوەیدەبەن.
دوای ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لەدووەم ڕاگەیاندنیاندا ئاماژەیان بەوەدا کە گروپی ئەنسار ئیسلام سەردەشت عوسمانیان کوشتووە، ناڕەزاییەکی گەورەی جەماوەری دروستبووەو هیچ حیزبێکی سیاسی نایەوێت لەوبارەیەوە قسەبکات.
ڕۆژنامەنووسانی دەستوور، چەندینجار ویستیان ڕای بەرپرسانی حیزبە سیاسییەکان لەوبارەیەوە وەربگرێت، بەڵام هیچیان ئامادەنەبوون لێدوان لەوبارەیەوە بدەن.
بەشێک لەسەرکردایەتیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەبیانووی نەبوونی کاتو بەشێکی تریان ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بەوەدا کەنایانەوێت قسە لەوبارەیەوە بکەن.
لەحیزبی یەکگرتووی ئیسلامی پەیوەندی بەهەریەکە لەئەبوبەکر عەلیو مەولود باوەمورادو محەمەد ئەحمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە کرا، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوان لەوبارەیەوە بدەن.
لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی ڕایگەیاند هیچ قسەیەکیان لەوبارەیەوە نییە، ئازاد جوندیانیش بەبیانوی نەشیاوی شوێنەکەی بۆ قسەکردن لێدوانی نەدا، عەبدوڵڵای حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی سۆسیالیست وتی "بەهیچ شێوەیەک قسە لەوبارەیەوە ناکەین".
محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان وتی "هیچ ڕاو بۆچوونێکمان نییە لەسەر ئەو مەسەلەیە".
کۆمەڵی ئیسلامیش بەبیانووی کۆبوونەوە هیچ لێدوانێکیان نەدا، هیچ کەسێکیش لەبزووتنەوەی گۆڕان بۆ قسەکردن لەوبارەیەوە بەردەست نەکەوت، تاکە حیزب تائێستا قسەی لەوبارەیەوە کردبێت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە.
بێدەنگیی حیزبە سیاسییەکان لەکاتێکدایە لەکوردستان ٣٩ حیزبی سیاسی مۆڵەتی کارکردنیان هەیە.
لەتیف فاتیح فەرەج چاودێری سیاسی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند "تائێستا حیزبەکان موجامەلەی یەکتر دەکەن، سەرزەمینێک نەڕەخساوە کەئۆپۆزسیۆن کاری ئۆپۆزیسیۆنی بکاتو دەسەڵاتیش کاری دەسەڵاتی بکات، ئەوەی لەئۆپۆزیسیۆنە لەوەدەترسێت بەدرێژایی مێژوو هەر لەئۆپۆزسیۆن بێت، ئەوەی لەدەسەڵاتە دەیەوێت هەر لە دەسەڵات بێت".
هەروەها وتی "ئەو حیزبانە لەکەیسی زۆر لەسەردەشت عوسمان گەورەتر نەهاتوونەتە جوابو بەرگریان لەخەڵک نەکردووە، وەک شەڕی ناوخۆو ئەو دەرهاویشتانەی لێیکەوتەوە، لەوتاوانانە خۆشبوونو تەنانەت لەقوربانییەکانی خۆشیان خۆشبوون".
لەلایەکی ترەوە شۆڕش ئەمین ڕێکخەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەدەستووری وت "لەدژی ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشتو بەرانبەر ئەو هەموو داوایەی لەسەر ڕۆژنامەی ئازادو خەڵکانی ئازادیخواز لەدەسەڵاتەوە تۆمارکراون، ڕێپێوان ئەنجامدەدەین".
لەبارەی بەرنامەی ڕێپێوانەکەوە، وتی "یەکەم بەرنامەی ڕێپێوانەکە داواکاریی هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیەیە کە بۆ دۆسیەی سەردەشت عوسمان پێکهێنرا، کەئێمە قەناعەتمان پێی نییە، جگە لەوەش بەشێکی تری ڕێپێوانەکە پەیوەندی بەو فشارە زۆرەی لەسەر ئازادیی رادەبڕینو لەسەر ڕۆژنامەی ئازاد هەیە".




## لەشەرە شمشێرەوە بۆ سەر پەڕەکانی ئینتەرنێت

14

## سکاڵای یاسایی لەسەر ڕێبین هەردیو عەدنان عوسمانو جەلال جەوهەر تۆمارکرا

زانیار محەمەد

پارتی لەدرێژەی داوا یاساییەکانیدا، داوا لەسەر هەریەکە لەپەرلەمانتار عەدنان عوسمان سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانو ڕێبین هەردی نووسەرو شیکەرەوەی سیاسیو کامەران مەنتک مامۆستای زانکۆو جەلال جەوهەرو چەندان ڕۆژنامەنووسی تر تۆماردەکات.
دوێنێ سێشەممە مەکتەبی سیاسیی پارتی، لەدرێژەی داوا یاساییەکانیدا، داوای یاسایی لەسەر چەند نووسەرو پەرلەمانتارو مامۆستای زانکۆو شیکەرەوەی سیاسی تۆمارکرد، دوای ئەوەی لەژمارە یانزەی گۆڤاری فشار قسەیانکردووە.
کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو وتی "ئێمەش داوای یاسایمان لەسەر تۆمارکراوە، پەنابردنە بەر دادگا کارێکی باشە، بەڵام دادگا تەنیا موڵکی پارتی نییە، بەڵکو موڵکی هەموو خەڵکە".
لەبارەی هەڵوێستی ئەوان، کامەران مەنتک وتی "ڕەنگە ئێمەش پەنا بەرینە دادگاو حەقی خۆمان هەیەو سکاڵا تۆماردەکەین، ئەو کاتە دادگا ڕاستی یەکلاییدەکاتەوە".
بەرزان عەلی حەمە سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی لەگۆڤاری فشار لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "جگە لەتۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر تەواوی ستافی گۆڤاری فشار، داوای یاسایی لەسەر زۆرینەی ئەوانەی لەو ژمارەیەی گۆڤارەکەدا بابەت یان لێدوانیان داوە تۆمارکراوە، لەوانە ڕێبین هەردیو عەدنان عوسمانو جەلال جەوهەرو کامەران مەنتک".
عەدنان عوسمان سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بەدەستووری وت "ماڵیان ئاوابێت مەمنونیانم".

## سەنتەری میترۆ: دانپیانانەکان یەکسانە بەدەرئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە

شۆرش خالید

دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان، دانپێدانانی هیشام محەمەدی تاوانبارایان بڵاوکردەوە، ڕەحمان غەریب ڕێکخەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند دانپێنانەکانی تاوانبارەکە دووبارەکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ئەمدواییەی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە لەدۆسییەکە.
ڕەحمان غەریب وتی "دانپیانانەکان بەپێی لێکدانەوەکان لەدەرەوەی مەنتقی ڕووداوەکە بوون، قسەکانی تاوانبارەکە یەکسانە بەچیرۆکەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، لەبەرئەوە هەڵوێستی ئێمەش یەکسانە بەهەڵویستی ڕابردوومان".
هەروەها جەختیشیکردەوە "ئەو زانیارییانە دووبارەکردنەوەی هەمان مەنتقە کە لەجەوهەردا قبوڵنەکراوە، ناچارنین وا بەخێرایی بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر بڕوای پێبکەین".



## زەڕەنگەرەکان واز لەپیشەکەیان دەهێنن

6

## پارتیو یەکێتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان دواخستووە

بورهان قادر لەهەولێر

سەرۆکی لیستی یەکێتی لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند بەبڕیاری سیاسیی پارتیو یەکێتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دواخراوە، دەڵێت ئەو دواخستنەش دەبێتەهۆی ئەوەی جێبەجێکردنی لامەرکەزی لەکوردستاندا پەکبخاتو تووشی شەلەلی بکات.
قاسم عەزیز سەرۆکی لیستی ١٠٩ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت خولی پێشووی پەرلەمان بەیاسا دەستی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی بەستووەتەوەو ناکارای کردوون، یەکێتیو پارتیش بەدواخستنی هەڵبژاردن کردوونی بەئەنجومەنی ماوەبەسەرچوو.
قاسم عەزیز وتی "بەرپرسیارێتیی ناکارابوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەگەڕێنمەوە بۆ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان بەیاسا دەستی شکاندین، لەو دوانزە لیژنەیە، تەنیا لیژنەکانی پرۆژەکانو شارەوانیو بەدواداچوون کارابوون، نۆ لیژنەکەی تریش بەبێئیش دانیشتوونو هیچ کاریان نەبووە".
قاسم عەزیز ئاماژەی بەوەدا کە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا هیچ زانیارییەکیان لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر نییە، ناشزانن چۆن خەرجدەکرێت.

تەواوی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ١٩ بخوێنەرەوە



# لەفرۆکەخانەی هەولێر ڕێگەنەدراوە شێخ جەعفەر بەڕێگای CIPدا بڕوات

دەستوور

لەفرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ڕێگە بەشێخ جەعفەر وەزیری پێشمەرگەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەدراوە، بەشوێنی پێشوازی VIP دا بڕوات، کەئێستا گۆڕاوە بۆ CIP، لەکاتی چوونو هاتنەوەیاندا لەدەرەوە. بەو هۆیەوە کێشە دروستدەبێت.


سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "شەوی یەکشەممەی ڕابردوو کاتێک شێخ جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگەی هەرێم لەڕێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، لەناو فرۆکەخانەی هەولێر ڕێگری لێدەگیرێت بە CIP کەپێشتر بە VIP (Very Important Person) ناودەبراو تایبەتە بەشوێنی تێپەڕینی کەسایەتییە زۆر گرنگەکان، تێبپەڕێت".

سەرچاوەکە وتی "بەو هۆیەوە کێشەو دەمەقاڵێ لەنێوان بەرپرسانی ئەمنی فرۆکەخانەکەو پاسەوانەکانی شێخ جەعفەردا دروستدەبێت".

سالار دۆسکی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕەتیکردەوە کێشەی لەو شێوەیە ڕوویدابێت، وتی "کێشەی لەو شێوەیە نەهاتووەتە بەردەستمان، هەرکێشەیەکی لەو جۆرە ڕوویدات، ئێمەی لێئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام ئاگاداری ڕوودوای لەو جۆرە نین".

سالار ڕایگەیاند "کاتێک وەزیرێک یان بەرپرسێکی باڵا لەدەرەوە دەگەڕێتەوە، چەند کاتژمێر پێش گەیشتنەوەی، فرۆکەخانە ئاگادارەکاتەوە کە لەکاتژمێر چەند دەگاتەوە بەچ فرۆکەیەک دێت، فرۆکەخانەش ئامادەکاری دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسە".

شێخ جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگەی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو هەواڵە ئەسڵو ئەساسی نییەو شتی لەو جۆرە ڕوویننەداوە، بگرە کارمەندەکانی ئەو فرۆکەخانەیە بەوپەڕی ئەدەبەوە پێشوازیان لێکردم".



# لەیەکەم ئامادەکاری پارتی بۆ کۆنگرە، شەڕ دروستبوو

دانا جەمیل

لەهەڵبژاردنەکانی ناوچەی دووی فەرمانبەرانی پارتی سەر بەلقی دووی هەولێر بۆ کۆنفرانسی حیزبەکەیان، شەڕ لەنێوان ئەندامانی ئەو حیزبە دروستدەبێتو بەشەقو بۆکس لەیەک هەڵدەدەن.

سەرچاوەیەک لەناوچەی دووی فەرمانبەران، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەهەڵبژاردنی ناوچەی دووی فەرمانبەران دوو لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووە، لیستێکیان کە لەلایەن بەرپرسی ناوچەوە پشتگیری دەکرێت ٦ ئەندامی لەپێشەوەیە، لیستێکی تر کە لەدەرەوەی ئەو لیستە خۆیان هەڵبژاردووە ٣ ئەندامیان لەپێشەوە بووە لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، بەو هۆیەوە شەڕ لەنێوان لایەنگرانی ئەو دوو لیستەدا دروستبووە".

سەرچاوەکە وتیشی "ئەو دوو لیستە هەریەکە لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییەوە پشتگیری دەکرێنو یەکتریان بەساختەکاریو پێشێلکاری تۆمەتباردەکرد، بۆیە شەڕ ڕوویداو هەڵیانکوتایە سەر یەک".




# مامۆستا کەرکوکییەکانی زانکۆکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ کەرکوک

ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک

لەسەردانەکەی وەزیری خوێندنی باڵا لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ کەرکوک، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، دوای قسەکردن لەسەر کەمیی مامۆستای لەکۆلێژو پەیمانگاکانی ئەو شارە، داوا لەوەزیری خوێندنی باڵا کراوە بەبڕیارێک مامۆستا کەرکوکییەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان، ئەویش ڕازی بووە.

بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کۆبوونەوەیە، لەکاتی کۆبوونەوەی د.دلاوەر وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەگەڵ عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک، لەبارەی هاتنەوەی مامۆستا کەرکوکییەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی سلێمانیو کۆیەو هەولێرو پەیمانگاکانی هەرێم، قسەکراوەو د.دلاوەر ڕازیبووە بەو داوایەی پارێزگاری کەرکوک کەداوایکردبوو ئەو مامۆستایانە بگەڕێنرێنەوە.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بەدەستووری وت "داوامانکرد ئەو مامۆستایانەی کەئێستا لەزانکۆکانی هەرێم وانە دەڵێنەوەو خەڵکی کەرکوکن، بگەڕێنرێنەوە بۆ شارەکە بۆ ئەوەی لەڕووی زمانەوانییەوە خزمەت بەڕێزمانی کوردی بکەنو وەزیریش ئەوەی قبوڵ کردووە".

هەروەها پارێزگاری کەرکوک وتی "وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم بەڵێنی ئەوەی پێداین لەساڵەکانی داهاتوودا چەند قوتابییەکی کەرکوک لەزانکۆکانی هەرێمدا کورسی خوێندنیان بۆ دابینبکرێت".

# ١١ خوێندکار بەهۆی بێ مامۆستاییەوە وازدەهێنن

مەعاز فەرحان

لەسنووری ناحیەی تەقتەقی سەر بەقەزای کۆیە، ١١ خوێندکاری پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بەهۆی ئەوەی مامۆستایان نییە واز لەخوێندن دەهێنن، دوای ئەوەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە دەکەن.

یەکێک لەو قوتابیانە، کە لەخوێندنگەی بنەڕەتی دەرمانااو دەخوێنێت، بەدەستووری وت "دوای ئەوەی دەوام کرایەوە چووینەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مامۆستای پۆلی نۆیەم نەبوو، وتیان بڕۆنەوە ماڵەوە، ئێمەش بەناچاری گەڕاوینەتەوە ماڵی خۆمان".

ئەو قوتابییە وتی "یان دەبێت بچین لەتەقتەق بخوێنن یان ناحیەی سێگردکان ئەوەش بۆ ئێمە دوورە، بۆیە چوونە ماڵەوەمان پێ باشتربوو".

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بەپێی وتەی ئەو قوتابییە، کەسوکاری قوتابییەکان سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیەیان کردووە بۆ ئەوەی دوو مامۆستایان بۆ دابینبکات، ئەویش بەڵێنی داوە، بەڵام نەیبردووەتە سەر.

ئەو قوتابییە ئاماژەی بەوەشدا کەمامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە چەندانجار داوایان لەپەروەردەی کۆیە کردووە کەمامۆستایان بۆ دابمەزرێنرێت، بەڵام تا ئێستا وەڵامنەدراونەتەوەو مامۆستایان بۆ دانەمەزرێنراوە.

دەستوور پەیوەندیکرد بە بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیەوە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی لەکۆبوونەوەدایە هیچ لێدوانێکی نەدا.

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەواڵی دیارنەمانی ٥٠ هەزار دۆلار ڕەتدەکاتەوە




پ. دەستوور

لەلقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەواڵی دیارنەمانی ٥٠ هەزار دۆلار بڵاودەبێتەوە، بەڵام بەرپرسی لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری ڕاگەیاند "بڕی ٥٠ هەزار دۆلار لەلقی هەولێری ئەو سەندیکایە دیارنەماوە، هەر بۆیە بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە تا بەدواداچوون لەدیارنەمانی ئەو پارەیە بکەن".

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی "ئەو بڕە پارەیە، پارەی ئابوونەی ساڵانەی ئەندامانی سەندیکایە، واتە هەر ئەندامێکی سەندیکا ساڵانە بڕی ٢٥ هەزار دینار بەهۆی ئەندامیەتی دەداتە ئەو لقەی کەتیایدا ئەندامە، ئێستاش دەرکەوتووە کەئەندامێکی زۆر پارەی ساڵانەی داوە، بەڵام لەبەرانبەردا پارە وەسڵەکان دیارنینو گومان لەونبوونی ئەو پارانە هەیە".

فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وتی "پارە بزر نەبووە، بەڵام وردبینی ساڵانەو جەردی گشتی دەکەن کەشتێکی ئاساییە، تا ئێستا ئەو حیسایە خیتامیە نەکراوە، چونکە ئێمە داوا لەهەموو لقەکان دەکەین کەوسوڵات بنێرن کەبەتایبەتی سەری ساڵ نزیکبووەتەوە، هەر شتێک پەیوەندی بە شت کڕینو جەردەوە هەبێ، بۆمان بنێرنو تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە، شتی واش لەسەندیکا ڕوونادات".

حاکم ئازاد سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکا، وتی "ئەو هەواڵە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییەو دوورە لەڕاستییەوە".

دەلاقە

ڕەحمان غەریب

## دەسەڵاتپەرستو هەتیوەکانی

هیچ دیاردەیەک هێندەی شکستی دەسەڵاتپەرستیو دۆگماو چەقبەستویی، هەتیو بەدوای خۆیاندا جێناهێڵن، کاتێک بەشێک لەکۆنەپەرستو دەسەڵاتپەرستی ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی، هەوڵەکانیان بۆ دەستکەوتی کورسیو بوون بەوەزیرو ئەندام پەرلەمان دەگاتە بنبەست، ئیتر هیچ نامێنێت پەنای بۆ بەرن جگە لەئیسلاحو نوێخوازیو موعارەزەبوون، کەباشترین ڕێگەن بۆ ئەوەی ئەستێرەیان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بدرەوشێتەوە، پاش ئەوەی لەناو حیزبو جەماوەر دەکشێ.

دوایەمین نمونەیش کاک عەلی ڕوسییە، لەبری ئەوەی لەسەر ئەو لیستی ئەعمالەی ڕابردووی داوای لێبوردن لەهاوڕێکانی بکات، بەم دواییە لەڕۆژنامەی هاوڵاتیو دەستوور، پێشترییش بەدەرکردنی فەتوا بەناوی ڕوونکردنەوە، دەیەوێت ڕای گشتی چەواشە بکات.

کاک عەلی تادەستکەوتو ئیمتیازاتی لەبەردەستدا بوو، تا موچەی پلە بەرزو ئەرزی ڕوکنو میزانییەی تایبەتی هەبوو، لەماسی بێدەنگتر بوو، کەئەمانەی نەما دەست بەدامێنی موعارەزەوە دەگرێو بەلێدوانی هەڵخەڵەتێنەرو مانشێتی گەورە دەیەوێت قەشمەری بەعەقڵی ئەندامان بکات، ئاخر خۆ ئەو لەهەموو بەشدارییەکی حیزبی شیوعی لەحکومەتدا دەنگی داوە، بەڵام کاتێ دەرفەتی ئەوە نامێنێ پۆستی دەسکەوێت، ڕابردووی خۆی بیردەچێتەوەو هاوڕێکانی تەخوین دەکات.

نزیکەی ٢٨ساڵە، دوورو نزیک بەوردی چاودێری ئەو هەرایەین کەهەر جارەی بەلافیتەیەک لەڕیزەکانی حیزبی شیوعی خۆی دەنوێنێت، ئەویش مەسەلەی چاکسازیو نوێخوازییە. ئەم جارەیان بەلافیتەی موعارەزە خۆی نمایشدەکات، بیرمان نەچێت لەهەندێ حاڵەتیدا لافیتەکان بەدەستی ساختەچیەک دەنووسراو بۆیە هەر زوو کاریگەری نەما.

کچانو کوڕانی ئەو حیزبە بۆیان ئاشکرابووە کێ چەمکە ڕاستەقینەکانی نوێخوازیو دیموکراسیەتو چاکسازی بەدڵسۆزی بەرزکردووەتەوەو کێ بە لافیتەی ساختە، شیعاری بەسەرچوو، نوێخوازی دەکاتە پردێک بۆ پرۆسەی گەڕانەوەی بتەکان.

ئەو کاک عەلی یە، خەونە دێرینەکەی بەگەڕانەی سجنی نهێنیو ڕێکخراوی نهێنیو داپڵۆسینی بیروڕای جیاوازو فراونکردنی مەرکەزیەتو بەرتەسکردنەوەی بڕیاری بەکۆمەڵو زۆرکردنی ماستاوچیو مەسینە هەڵگرو کەمکردنەوەی خەڵکی پرسیارکەر، دوورن لەوەی لەهیچ دۆڵێکدا ئەم زاتە لەگەڵ ئیسلاح یەکبگرنەوە.

بۆ ئێمەو دەیانو سەدان کەسی تر کە لەمێردمناڵییەوە لەڕیزەکانی ئەم حیزبە کاریان کردووە، ئەستەمە شکستەکانی ئازارو بریندارمان نەکات، هەموو خاوەن ویژدانێکی زیندوویش دەزانێت ئێمەومانان لەکاتی میحنەت پاشەکشەی کاتی، هەڵوێستمان چیو لەکوێو لەکام سەنگەرەوە دیفاعمان لەچەمکەکانی پرۆسەی چاکسازیو نوێخوازیو دیموکراسیەتی ڕاستەقینەی نێوخۆیی دەکرد، هەر وەک دەشزانن چۆن بتەکانی کۆنەپەرستیو دۆگماو دەسەڵاتپەرستو پارەپەرست ڕووبەڕوومانەبوونەوە، کەئەو کاک عەلی ڕوسییە پێشەنگەکەیان بوو.

لەکۆنگرەی پێنجەمی دیموکراسیەتو نوێخوازی حیزبی شیوعی عێراق، تا دەگاتە کۆنگرەکانی حیزبی شیوعی کوردستان، ململانێ بووە لەگەڵ هەتیوەکانی ڕەوتی خۆپارێزی، کەسانێک تا دوێنێ ئیرهابی فیکرو ڕەخنەو ڕای جیاوازیان لەڕیزەکانی حیزبی شیوعی دەکرد، ڕابردووی حیزبیو سیاسیان شەرمهێنەرە، لەشاخ خۆیاننەگرتو ڕادەستی ئیستیخباراتی عەسکەری بوون، لەڕۆژنامەکانی عودەی داوای بەزەییان لەسەدام دەکرد، ئەمانە حیزبی شیوعییان پێ لەکەدار ناکرێت، ئەو ڕەوتە باوکی مرد، با هەتیوەکانی بچن کارێکی تر بۆخۆیان بدۆزنەوە.

زاکیرەی جەمعی حیزب شاهیدە ئەو ڕەوتە خۆپارێزو ترسنۆکو هەلپەرستە. حیزبی شیوعییان هەژار کردو خۆیان دەوڵەمەند. حیزبیان بچوکدەکردەوەو خۆیان گەورە. کادیرو خەڵکی چالاکیان لەناو ئەو حیزبەدا ڕاونا. خەڵکی هەلپەرستو خۆویستو بەرژەوەندخوازیان پێشخست.

ئا ئەمەیە دەیەوێت خۆیبکات بەپێشەنگی پێداچونەوەو نوێخوازی؟ وای لەنائومێدیت وای نوێخوازی شکستخواردوو، ئەوەندە باڵات نزمبووە ڕەوتی خۆپارێزو دەسەڵاتپەرستو پارەپەرستو هەتیوەکانیان بازدەدەن بەسەرتا.

# پرۆژەیەکی ١٠ ملیۆن دۆلاری نزیکە لەشکستهێنان

کاروخ نامیق

بەهۆی کێشەی نێوان پارێزگاری کەرکوکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە، پرۆژەیەکی ١٠ ملیۆن دۆلاری راوەستاوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاش دەڵێت پرۆژەکە نزیکبووەتەوە لەشکستهێنان.

ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند گەورەترین پرۆژە کەهەموو خەڵکی کەرکوک چاوڕێی دەکات، پرۆژەی پاککردنەوەی شارو لابردنی زبڵو خۆڵو خاشاکە، کەنزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دەرچووە، بەڵام تا ئێستا پرۆژەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بەهۆی هەڵەیەک لەپرۆسەی راگەیاندنی پرۆژەکەو وەرگرتنی تەندەر.

ئاوات محەمەد وتی "تائێستا بەهۆی کێشەکانی نێوان ئەنجومەنو پارێزگا نەمانتوانیوە ئەو پرۆژەیە بخەینە سەرپێ، ئەوەش گوزارشت لەفەشەلی گەورەترین پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکات".

ئاوات محەمەد وتی "پەیوەندی نێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا زۆر کزە، بەئاشکرا دەردەکەوێت هەماهەنگی لەنێوان ئەم دوولایەنەدا نییە، ئەوەش پێدەچێت پەیوەندی بەوە هەبێت یاسایەک نییە پەیوەندی نێوانیان رێکبخات، یان خۆیان پەیوەندیان باش نییە، چونکە زۆرجار باس لەوە دەکرێت پەیوەندی نێوان پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا بەو شێوەیە نییە کەپێویستە بێت، ئەم هۆکارانە وایکردووە پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا بەتەواوی نەتوانێت مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان بکەن وەک پارێزگاکانی تر دەیکەن".

ئاماژەی بەوەشدا کەململانێو خراپی پەیوەندی نێوان پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر پرۆژەکان، وتی "لەساڵی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩ بەئەمساڵیشەوە دەسەڵات لەئەنجومەنی پارێزگا سەندراوەتەوەو دراوەتە پارێزگار، بۆ ئەنجومەنی پارێزگا هیچ نەماوەتەوە تەنیا چاودێری ماوەتەوە".

# خانەقین داوادەکات لە ٢٣ بیرە نەوتەکەی نەفتخانە پشکی هەبێت



فەرمان خێڵانی

ئەو ٢٣ بیرە نەوتەی نەفتخانە کەساڵی ٢٠٠٣ داخرانو پاڵاوگەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بردران بۆ بەغداد، بڕیارە لەئایندەکی نزیکدا بکرێتەوەو بەرپرسانی کوردیش لەناوچەکە دەڵێن دەبێت پشکی خانەقین لەقازانجی نەوتی ئەو پاڵاوگانە بۆ شارەکە خەرجبکرێت.

سەید تالیب محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەئێستادا دەسەڵاتمان زیاترو مەودا فراوانتر بووە، بۆیە ئەو ٢٣ بیرە نەوتەی نەفتخانە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەبڕیاری وەزیری نەوتی عێراق داخرا، توانیمان بەهەوڵی خۆمانو پارێزگاری دیالە ئەو پاڵاوگەیە بهێنینەوە بۆ نەفتخانە کە لەو ساڵەدا برابوویەوە بۆ بەغداد، ئێستا کاری تێدا دەکەین بۆئەوەی بیانخەینەوە گەڕو لەئایندەیەکی نزیکیشدا بیرە نەوتەکانی نەفتخانە دەخەینەوەکار".

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە وتی "لەساڵی ٢٠٠٣ەوە ئێران نەوتی ئەو بیرە نەوتانە دەردەهێنێت بەهۆی ئەوەی کەئەو ٢٣ بیرە نەوتەی نەفتخانە لەسەر سنووری نێوان عێراق – ئێرانە، بەڵام لەمەولا کەبیرە نەوتەکان دەکەونەوە کار، ئێمە دەتوانین ئەوەندە نەوتی لێدەربهێنین کەئێران سوودێکی ئەوتۆی لێنەبینن".

بەهۆی ئەوەی ئەو بیرە نەوتانە لەناو سنووری شاری خانەقیندایە، لەداهاتی نەوتی ئەو بیرە نەوتانەی نەفتخانە بەپێی یاسا بەر خانەقین پشکی تایبەتی دەکەوێت.

سەید تالیب وتی "بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەو ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ خانەقین داوای پشکی ئەو نەوتانە دەکەین".

# بەهانەکانی دەرنەچوون... هەڕەشە، پەلاماردان، خۆخنکاندن

## دەیان خوێندکار بەهۆی دەرنەچوونەوە، هەوڵی خۆخنکاندنو کوشتنیان داوەو پەلاماری مامۆستایان داوە

کاروخ نامیق

دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی هەر دوو قۆناغی ئامادەییو بنەڕەتی، بەهۆی دەرنەچوونیان لەوانەکانیانو مانەوەیان بۆ چەند ساڵێک لەپۆلێک، ژمارەیەک خوێندکار خۆیان دەخنکێننو هەندێکیشیان پەلاماری مامۆستاکانیان دەدەنو هەڕەشەدەکەن.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆکارەکەی بۆ خراپی پەروەردەکردنی منداڵان لەنێو خێزانو خراپی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکارو ژینگەی قوتابخانەکان دەگێڕێتەوە.

لەرۆژی ١٨ ئەم مانگە لەگەڕەکی رزگاری لەقەزای کەلار خوێندکارێکی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەناوی ئەحمەد عادل، ١٤ ساڵ، دوای ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی خولی دووەم وەردەگرێتو بۆی دەردەکەوێت دەرنەچووە، دواتر کەدەچێتە ماڵەوە لەنهۆمی سەرەوەی ماڵەکەیان خۆی دەخنکێنێت.

هەروەها لەناحیەی بەردەقارەمان (باینجان) رۆژی ٩/١٨ دوو خوێندکاری دەرنەچوو لەوانەی ئینگلیزی بەناوەکانی شاهۆ ئەحمەدو شەماڵ ئەیوب کەخوێندکاری پۆلی ١١ بنەڕەتین لەخوێندنگای ژیلوان، مامۆستایی وانەکەیان بەناوی هێمن تۆفیق داوەتە بەر خەنجەربۆکسو پاشانیش بەلەتە بلۆک لێیانداوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا رۆژی ٩/١٦ پۆلیسی سلێمانی کچێکیان رزگارکرد کەبەهۆی دەرنەچوونی لەتاقیکردنەوەدا هەوڵیدا لەپردی خەسرەوخاڵەوە خۆی هەڵداتە خوارەوەو خۆی بکوژێت، ئەو کچە خوێندکاری پۆلی ١٠ ئامادەیی بووە، دوای ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوە وەردەگرێتو بۆی دەردەکەوێت لەوانەیەک دەرنەچووە، هەوڵی خۆکوشتن دەدات.

ئەمانە بەشێکن لەو دەیان چیرۆکەی لەماوەی هەفتەی رابردوودا بەهۆی دەرنەچوونی خوێندکارانەوە روویدا.

کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "تەوای ئەو حاڵەتانەی روویانداوە پەیوەندی بەدەرنەچوونی قوتابیانەوە هەیە لەوانەکانیان".

سەبارت بەرووداوەکەی ناحیەی بەردەقارەمان، کەمال نوری وتی "بڕیاری دەستگیرکردن بۆ ئەو دوو خوێندکارە دەرچووە، بەڵام تائێستا دەستگیرنەکراون، لەبەرئەوەی بۆ شوێنێکی نادیار رایانکردووە".

هەروەها وتی "بەهۆی ئەو رووداوەوە دەواممان لەو قوتابخانەیە راگرتووە".

بۆ ئەمساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١ یەک ملیۆنو ٤٩٧ هەزارو ٨٠٦ خوێندکارو قوتابی بەهەردوو رەگەزی کورو کچ لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لەهەرێمی کوردستاندا روو لەخوێندن دەکەن، هەروەها لەکۆی زیاتر لە٤٣ هەزار قوتابی دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی، تەنیا نزیکەی ٢٥ هەزاریان لەزانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم کورسی خوێندنیان بۆ دابینکراوە، ئەوەش ترسو دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەنێو خوێندکاراندا دروستکردووە.

چۆمان ئەحمەد توێژەری کۆمەڵایەتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت خۆکوشتنی قوتابی لەو قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی، لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا ئەو خوێندکارە لەتەمەنێکی هەرزەکاریدایە، توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی نییە کەدێتە رێگەی، ئەوەش بەهۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەرووی فیسۆلۆجیو بایەلۆجیو سایکۆلۆجی روودەدەن.

چۆمان ئەحمەد هۆکارێکی تر بۆ خراپی پەروەردەکردنی منداڵان لەنێو خێزان دەگێڕێتەوە، وتی "تائێستا خێزانەکان پەروەردەیەکی دروستو مەدەنی منداڵەکانیان ناکەن، کەبتوانن منداڵان بەشێوەیەک پەروەردەبکەن بەهێزبێتو بڕوای بەخۆی بێت".

هەروەها پێیوایە پەیوەندی نێوان منداڵانو خێزان پەیوەندییەکی لاوازەو خێزان نەیتوانیوە بەئەرکی خۆی هەستێت.

ئەو وتی "ئەگەر منداڵێک رووبەڕووی کێشەیەک بێتەوە پەنا بباتە بەر خێزانو دایکو باوکی، ئەوکاتە دەتوانن کێشەکەی بۆ چارەسەربکەنو لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک رێنمایی کۆمەڵایەتیشی پێبببەخشن".

بەهۆی مانەوەی بۆماوەی ٣ ساڵ لەسەریەک لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، رۆژی ٩/١٩ کچە خوێندکارێک لەگەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی گوللەیەکی کلاشینکۆف بەخۆیەوە دەنێتو خۆی دەکوژێت.

چۆمان وتی "نەپەیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستاش لەسەر بنەمایەکی مەدەنییانەو دروست دارێژراوە، نە ژینگەی قوتابخانەکان بەجۆرێکە کەقوتابی بتوانێت تێیدا بخوێنێتو لەلایەنی دەروونییەوە ئاسودەبێت".



ئەنجامی تاقیکردنەوەکان هەڕەشەیە بۆ سەر مامۆستاو قوتابی

# سزای بەکۆمەڵ بۆ مامۆستایانی قوتابخانەیەک دەرکراوە

دەستوور

بەهۆی کەمتەرخەمبوونیان لەسەرپەرشتیکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠، حەوت مامۆستا لەقوتابخانەی چرای بنەڕەتی لەسەنگەسەر سزادراون، بەدواخستنی سەرە موچەیانو گواستنەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر.

بەنووسراوی ژمارە ٧١٧٠ لەبەرواری ١٤-٩-٢٠١٠ کە لەپەروەردەی قەڵادزێ دەرچووەو کۆپییەکی لای رۆژنامەی دەستوورە، ئاماژە بەنووسراوی پەسنو لێکۆڵینەوەی ژمارە (٢٧١٦) ی (١٥-٨-٢٠١٠) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی/ کاروباری تەکنیکی ژمارە (٢٠٤٨٤) لە (٣١-٨-٢٠١٠) کراوە، لەنووسراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە لەبەرئەوەی ئەو مامۆستایانە، کەمتەرخەمبوون لەسەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠، بۆیە سزای سەرنجڕاکێشانیان ئاراستە دەکرێتو ئاگاداردەکرێنەوە، کەئەم کەمتەرخەمییە دووبارە نەکەنەوە، هاتووە "ئەگەر دووبارەبێتەوە سزای توندترتان ئاراستە دەکەین".

سزای سەرنجڕاکێشان بەپێی رێنماییەکانی پەروەردە بۆ ماوەی سێ مانگ سەرە موچەکەیان دوادەخات، هەروەها (م - خ) کەمامۆستای وانەکە بووە، بۆماوەی شەش مانگ سەرە موچەکەی دواخراوە.

هەر بەپێی نووسراوێکی تری پەروەردەی قەڵادزێ، سزای گواستنەوە بۆ هەریەکە لەعەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چرای ئێوارانو ئاوات ئەحمەد قادر یاریدەدەی قوتابخانەی ناوبراو، بۆ قوتابخانەی سەنگەسەری بنەڕەتی، ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد مامۆستای قوتابخانەی ناوبراو بۆ قوتابخانەی کەوگەری بنەڕەتی لەشارۆچکەی سەنگەسەر کەبەمەش هەریەکە لەبەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکە سێ سزایان وەرگرتووە، گواستنەوەو لادان لەئیدارەو دواخستنی سەرە موچەکەیان بۆ ماوەی شەش مانگ.

عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو مامۆستایانە لەلیژنەی تاقیکردنەوە بوون لەقوتابخانەکەیانو کەمتەرخەمیان نواندووەو پرسیاریان لێ ئاشکرا بووە، بڕیارەکەش لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیو وەزارەتی پەروەردە پەسندکراوە".

سزاکان بەهۆی ئاشکرابوونی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وانەی جوگرافیای پۆلی یانزەی ئامادەیی لەقوتابخانەی چرای ئێواران بوو.

## روونکردنەوەیەک لەبارەی چاوپێکەوتنێکی سەعدی ئەحمەد پیرەوە

دەستوور

لەژمارەی پێشووی رۆژنامەی دەستووردا چاوپێکەوتنێکی سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لەدەقێکی قسەکانی ناوبراوەوە رۆژنامەی دەستوور هەواڵێکی لەلاپەڕە یەکدا بڵاوکردووەتەوە بەم ناونیشانە (سەعدی پیرە: کادیرێکی یەکێتی دەستدرێژی پارتی قبوڵبکات تاوانبارە)، بەڵام دەقی وەڵامەکەی ناوبراو بەمشێوەیەیە: تا ئەو جێگەیەی ئاگاداربم رێنماییو گشتاندنی پارتی نییە کەپێکەوە ئیشکردنو کارکردنی پارتیو یەکێتی تەجاوزی بکرێتەسەر، بەڵام ئەگەر کارمەندێکی ئیداری لەجێگەیەک دەیەوێت زیرەکی بەخەرجبدات یان خۆی تاقیبکاتەوە ئەوە خەتای لێرسراوەکەی یەکێتییە کە قبوڵی دەکات.

سەعدی پیرە هەرچەندە رایگەیاند کەگلەیی لەچاوپێکەوتنەکەو قسەکانی نییە کە لەپەڕە ٨ دا دابەزیوە، بەڵام گلەیی لەهەواڵەکەی لاپەڕە یەک هەبوو، بەتایبەت مانشێتی هەواڵەکە، بۆیە داوای لێبوردن لەبەڕێزیان دەکەین.

**رۆژنامەی دەستوور**

# دەستوور ئامارێکی ترسناک بڵاودەکاتەوە

## تەنیا لەهەشت مانگی ئەمساڵدا ٦٥ کەس بەگوللە کوژراونو تەرمی بەشێکیان فڕێدراون



مەعاز فەرحان

بەپێی ئاماری سێ ساڵی رابردوو، کەدەست دەستوور کەوتووە، نزیکەی ١٧٠٠ کەس بەهۆی رووداوەکانی کوشتنو خنکانو سوتانو رووداوی ئۆتۆمبێلەوە گیانیان لەدەستداوە، تەنیا لەهەشت مانگی ئەمساڵیشدا ٥٦ کەس بەگوللە کوژراون.

**ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار**

حاڵەتەکانی مردن بەسوتانو رووداوی هاتوچۆو خۆخنکاندنو کوشتن بەگوللە لەسنووری پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی بەربڵاو زیادیکردووە، بەشێوەیەک مردن بەو جۆرە رووداوانە ساڵ دوای ساڵ زیاتر بووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەستوور لەپەیمانگای پزیشکاری دادوەری سلێمانی دەستیکەوتوون، تەنیا لە ١٢ مانگی ساڵی ٢٠٠٨دا ٥٧٧ کەس بەهۆی رووداوەکانی کوشتن بەگوللەو سوتانو خنکان لەئاو و خۆخنکاندنو رووداوەکانی ئۆتۆمبێل گیانیان لەدەستداوە، بەشێوەیەک ٢٣٩ کەسیان بەهۆی جۆرەکانی سوتانەوە مردوون. هەروەها لەهەمان ساڵدا ٨٩ کەس بەگوللە کوژراون کە ٦٩یان پیاو و ٢٠یان ژنبوون.

بەهۆی خنکانی ناو ئاویشەوە لەساڵی ٢٠٠٨دا ٢٠ کەس مردوون، کە ١٤ پیاو و ٦ کەسیان ژنبوون. هەروەها ١٧کەس خۆیان بەپەت خنکاندووە کە ٦ پیاو و ١١ی تریان ژنن.

لەلایەکی تریشەوە ٢١٢ کەس بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە مردوونو لەو رێژەیەشدا ١٦٥ پیاو و ٤٧ یان ژنن.

بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩دا رێژەکە بەرزتربووەتەوە، چونکە ٦٦٤ حاڵەتی مردن بەهۆی ئەو رووداوانەوە تۆمارکراوە.

بەپێی ئامارەکەی پزیشکی دادوەری ٢٨٩ کەس بەهۆی جۆرەکانی سوتانەوە مردوون، هەروەها ٧٩کەس بەگوللە کوژراون، کە ٦٠ پیاو و ١٩ ژن بوون.

لەساڵی ٢٠٠٩دا ٢١ کەس لەئاودا خنکاون کە ١٨یان پیاونو ٣ی ژنن. ١٣کەسیش لەهەمان ساڵدا خۆیان بەدەستو پەت خنکاندووە کە ٦ پیاو و ٧ ژنن.

رووداوەکانی هاتوچۆش لەو ساڵەدا ٢٦٢ قوربانی لێکەوتووەتەوەو مردوون ١٩٩ پیاو و ٦٣ ژنن.

لەهەشت مانگی ٢٠١٠ەدا حاڵەتەکانی سوتانو کوژران بەگوللەو رووداوی هاتوچۆ زۆربووە، بەجۆرێک لەماوەی هەشت مانگدا ٤٥٦ حاڵەتی مردن بەو رووداوانە تۆمارکراوە.

بەپێی ئامارەکە لە ٢٠١٠/١/١ تا ٢٠١٠/٩/١، (١٧٢) کەس بەهۆی سوتانەوە مردوون، مانگی تەممووزیش زۆرترین حاڵەتی خۆسوتانی تێدابووە کە ٣٣ حاڵەت بووەو ١٠یان پیاو ٢٣ یان ژن بوون.

٦٥ کەس بەگوللە لەو هەشت مانگەدا کوژراون، ٥٢ پیاوو ١٣ژنو هەروەها مانگی کانونی دووەم زۆرترین حاڵەتی کوژرانی تێدابووە کە ١٥ پیاوو ٤ ژن بەگوللە کوژراون.

٢٥ کەسیش لەئاودا خنکاون، ٢٠ پیاو ٥ ژن، مانگی مایس زۆرترین حاڵەتی خنکاندنی تێدابووە کە ٥ پیاو و یەک ژن خنکاون.

لەبارەی خنکان بەدەستو پەتیش ٢٠ کەس گیانیان لەدەستداووەو خۆیان خنکاندووە ١١ پیاو ٩ ژن، مانگەکانی ئازارو ئابیش زۆرترین حاڵەتی خنکاندنی تێدابووە هەریەک بە ٤ حاڵەت.

١٧٤ کەس بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە لەهەشت مانگی ئەمساڵدا مردوون ١٣١ پیاو و ٤٣ ژن، مانگی تەممووزیش زۆرترین مردنی تێدابووە بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە کە ٢٩ پیاو و٧ ژن بەو هۆیەوە مردوون.

**حاڵەتەکانی سوتان زۆرینەیان ژننو رووداوەکانی هاتوچۆش پیاون**

بەپێی ئامارەکەی پزیشکی دادوەری، زۆرترین حاڵەتەکانی سوتان بەر ژنان کەوتووە بە بەراورد بەپیاوان، لەرووداوەکانی هاتوچۆو مردن بەگوللەش پیاوان زۆرترین رێژەیان بەرکەوتووە.

لەساڵی ٢٠٠٨دا تەنیا ٣٩ پیاو بەهۆی سوتانەوە مردوون، بەڵام ٢٠٠ ژن لەو ساڵەدا سوتاوە. لەساڵی ٢٠٠٩شدا زۆرترین رێژەی مردن بەهۆی سوتانەوە ژنانن کە ٢٤٢ حاڵەتو پیاوانیش ٤٧ حاڵەت، لەهەشت مانگەکەی ٢٠١٠شدا رێژەیی مردنی ژنان بەهۆی سوتانەوە ١٢٩ کەس بووە، پیاوانیش ٤٣ حاڵەت بوون.

بەڵام لەرووداوەکانی هاتوچۆو مردن بەگوللە رێژەی پیاوان زیاترە، چونکە لەکۆی ٢٢٤ حاڵەتی کوشتن بەهۆی گوللەوە تەنیا ٥٢یان ژننو ئەوانی تر پیاو بوون. هەروەها لەرووداوی هاتوچۆشدا لەکۆی مردنی ٦٤٨ تەنیا ١٥٣یان لەڕەگەزی مێبوون، ئەوانی تر لەڕەگەزی نێربوون.

زۆربەی حاڵەتەکانی کوشتن بەگوللە یان کوژراون یان خۆیان کوشتووە، بەشێک لەتەرمی ئەوانەی کوژراویشن دوای کوشتنیان فڕێدراون.

# یەکهەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دیدی جیای سڕیوەتەوە

## بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دیدی نوێو پرۆژەی نوێی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی کورد لەعێراق، یان دۆسییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدادو هەولێر نەخستووەتەڕوو



**شارەزایەکی سیاسی: بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوی هەستیان بەهەژموونی دەسەڵات بەسەر ئیئتیلافەکەوە هەیە**

زانیار محەمەد

فراکسیۆنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێم، نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی جیاواز بۆ بەغداد لەچوارچێوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکاندا بخەنەڕوو، کارنامەو داواکانی ئیئتیلافەکە روانگەو دیدی یەکێتیو پارتی بەسەردا زاڵە.

هەرچەندە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەفەرمی ئەوە رەتدەکاتەوە، بەڵام چاودێرانو بەشێک لەپەرلەمانتارانی ئەو لیستانە دان بەوەدا دەنێن، کەئۆپۆزیسیۆن بەرنامەی جیای پێشکەش نەکردووەو کەوتووەتە ژێر هەژموونی پارتی و یەکێتیەوە.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە٧ی ئازاری رابردوو، لیستە براوە کوردییەکانی وەک هاوپەیمانیی کوردستانو گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی، ئیئتیلافێکیان پێکهێنا بۆ یەکخستنی وتارو هەڵوێستی کورد لەپەرلەمانی عێراق، هەروەها گفتوگۆکردنو دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی.

لایەنە کوردییەکان رۆژی ٢٠١٠/٤/٣ یەکەم کۆبوونەوەیان گرێدا بۆ پێکهێنانی ئەو ئیئتیلافە، دوای هەشت دانیشتنو ٥٠ کاتژمێر گفتوگۆ، لەرۆژی ٢٠١٠/٥/٩ ئیئتیلافەکە بەفەرمی راگەیەندرا.

لەناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەردانی بەغدای کردو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، هەروەها دواتر کارنامەیەکی ١٩ خاڵی پێشکەشی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن کرد، وەک داخوازییەکانی کورد لەحکومەتی داهاتووی عێراق.

گرنگترین خاڵەکانی کارنامەکە بریتین لەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان، وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری لەلایەن کوردەوە، مانەوەی مافی ڤیتۆ بۆ سەرۆک کۆمار، دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، وەرگرتنی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانو پۆستی وەزارەتی سیادی لەلایەن کوردەوە. هەروەها پەسەندکردنی یاسایی نەوتو گازو سەرچاوە ئاوییەکانو دابینکردنی پێداویستییەکانی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) لەڕووی چەکو پارەوە. لەهەموو ئەو خاڵانە گرنگتر ئەگەر لایەنی کوردی لەحکومەت کشایەوە بەهۆی هەر لادانێکی دەستوور یان پابەندنەبوون بە بەرنامەی رێککەوتن لەسەرکراو، ئەوکاتە حکومەت بەدەستلەکارکێشاوە حساب بکرێت.

چاودێران دەڵێن بەبیانوی یەکخستنی هەڵوێست، بەرەی ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە دیدی نوێ لەئیئتیلافەکەدا جێبکاتەوە، داواکان هەمان داوای کلاسیکی چوار ساڵ پێش ئێستان.

لەدواین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی، لەتیف شێخ مستەفا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت "بەداخەوە گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو تەسلیمی یەکێتیو پارتی بوون".

ئەوەش دەڵێت "ئێمە وتوومانە نابێت فراکسیۆنە کوردییەکان سەرۆکی هەبێت، بەڵام د. رۆژ نوری شاوەیس کەئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتییە کراوە بەسەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکان، کێ کردی بەسەرۆک؟ مانای ئەوەیە پارتیو یەکێتی بوونەوە بەمەرکەزو ئێمە بووینەتە بەپاشکۆ".

لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور حاکم شێخ لەتیف جەختی لەسەر وتەکانی کردەوە.

بەڵام لایەنەکانی دیکەی بەشداری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وتەکانی لەتیف شێخ مستەفا رەتدەکەنەوە، دەڵێن لەئیئتیلافەکەدا پارتیو کۆمەڵو یەکێتیو یەکگرتوو گۆڕان وەک یەک قورساییان هەیە.

دارا محەمەد نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی لەئیئتیلافەکەدا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "لەدوای پێکهێنانی ئیئتیلافەکەوە، پارتیو یەکێتی بەبێ پرسی ئێمە هیچ کارێکیان نەکردووە، هەروەها هەیمەنەو بەرنامەی خۆیان بەسەر ئێمەدا نەسەپاندووە".

دەڵێت بۆ گفتوگۆو دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، یەکێتیو پارتی هەنگاوێکیان بەبێ ئەوان نەناوە.

نەجیب عەبدوڵڵا نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت قسەکانی حاکم شێخ لەتیف بۆچوونی شەخسین، وتی "هەموو ئەندامانی ئیئتیلافەکە بەشدارن لەهەموو بڕیارێکدا".

ئاماژە بەوە دەدات هەر کاتێک شتێک دەستکاری کرابێت، بەپرسی هەموو لایەنەکانی ناو ئیئتیلافەکە کراوە، رەتیکردەوە بەرنامەی یەکێتیو پارتی زاڵ بێت بەسەر ئیئتیلافەکەدا.

هەرچەندە ئیئتیلافەکە وەک لایەنی دانوستانکاری نێوان کوردستانو لایەنە براوەکانی تری عێراق دیاریکراوە، بەڵام گفتوگۆ چارەنوسسازەکان لەنێوان سەرۆکی لیستە عێراقییەکانو بارزانیو تاڵەبانیدا بەڕێوەدەچن، کەزۆرجار نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان لەئیئتیلافەکە بەشداری ئەو کۆبوونەوانە نابن.

شۆڕش حەسەن مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور پێیوایە هەیمەنەی پارتیو یەکێتی، ناڕاستەوخۆش بێت، بەسەر ئیئتیلافەکەدا زاڵە، بۆ نمونە کاتێک وەفدێکی عێراقی دێتە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کۆنابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا کۆدەبێتەوە.

هەروەها وتی "ئەندامانی ئیئتیلافەکە کۆکنینو وەک یەک قسەیان ناڕواتو تەبا نین، بۆیە کە لەکوردستان تەبا نەبوویت، ناتوانیت لەبەغداد تەبا بیت". شۆڕش حەسەن بڕوای وایە کاتێک حکومەتی نوێی عێراق پێکدەهێنرێت، بەرژەوەندیی حیزبیو تایبەتی بۆ وەرگرتنی پۆستەکان دێتە ئاراوەو ئەو یەکگرتوویەی ئێستایان نامێنێت.

دیدی نوێو پرۆژەی نوێ بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی کورد لەعێراق، یان دۆسییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدادو هەولێر بەدیناکرێت، بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەدەوری هەمان بەرنامە کۆنەکەی لیستی هاوپەیمانیەوە دەخولێتەوە کەنەیتوانی هیچ دۆسیەیەکی هەڵپەسێردراو یەکلابکاتەوە.

محەمەد کیانی ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی عێراقی لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا دەڵێت تائێستا من بەرنامەیەکی دیایکراو و تایبەتی گۆڕانی نەبینیوە بۆ عێراق، وتی "بەڕاستی من بەرنامەی گۆڕان لەئیئتلافەکەدا نابینم، ئەگەر ئەو ١٩ خاڵە بیرکردنەوەی گۆڕان بێت، ئەوا بەقەناعەتی من بیرکردنەوەیەکی زۆر زۆر سادەیە".

محەمەد کیانی دەڵێت داواکارییەکان هەمان ئەو داواکارییانەیە کەپێش چوار ساڵ خراونەتەڕوو، هەمان ئەو هێزە سیاسییانەن کەکاریان لەسەر کردووە، بەڵام بەئەنجامیان نەگەیاندووە، وتی "بەرنامەکەیان کەپێکدێت لەهەندێک خاڵی سیاسی، کەهیچ پەیوەندییەکی نییە بەژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی عێراق بەکوردیشەوە، پەیوەندیی نییە بەژیانی ئابووریی ئەم وڵاتەوە".

شۆڕش حەسەن بڕوای وایە هێشتا بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوی هەستیان بەهەژموونی دەسەڵات بەسەر ئیئتیلافەکەوە نەکردووە، وتی "ئەو کاتەی هەیمەنەی پارتیو یەکێتی بەتەواوی دەربکەوێت، گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو هەڵوێستی خۆیان دەبێتو بێدەنگ نابن".

دارا محەمەد وتی هێشتا حکومەت دروست نەبووەو یەکێتیو پارتی لەعێراق خاوەنی هیچ نین، ئەگەر حکومەت پێکهێنراو ئێمە پشتگوێخراین، ئەو کاتە قسەدەکەین.

# خەڵکی دهۆک داوادەکەن کۆمیسیۆن وردتر کاربکات

## کەمترین ڕێژەی هاووڵاتیانی دهۆک لەپاش نیوەڕۆدا دەنگیانداوە، بەڵام چاودێران دەڵێن زۆربەی فۆڕمەکانی دەنگدان لەپاش نیوەڕۆدا پڕکراونەتەوە

ئا: دانا جەمیل

بەگوێرەی ڕاپرسییەک لەپارێزگای دهۆک سەبارەت بەکۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە٧٤٪ی هاووڵاتیان داوادەکەن کۆمیسیۆن ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت لەهەڵبژاردنەکانداو لەکاتژمێر ٣ی ئێوارە بۆ ٥ی ئێوارە لە١٤٪ی هاووڵاتیان سەردانی ناوەندەکانی دەنگدانیان کردووەو دەنگیانداوە کە کەمترین ڕێژەی بەشداریکردن بووە، ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکانو قەوارە سیاسییەکان کەچاودێریی پرۆسەکەیان کردووە، ئاماژە بەوە دەدەن کەزۆرترین خروقاتی هەڵبژاردنەکان لەدوای کاتژمێر ٣ی ئێوارەوە بووە.

ڕاپرسییەکە لەلایەن ڕێکخراوی بادینان بۆ ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ دەربارەی کاری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەهاوکاری ڕێکخراوی IREX لەمانگی ٨ی ئەمساڵدا ئەنجامدراوەو لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەنجامەکانی ئاشکراکران، هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی فراکسیۆنی کوردستانیو دەسەڵات بۆ دروستکردنی دەستەیەکی سەربەخۆ بەناوی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانو لەپەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاساکە کرا.

ڕاپرسییەکە لە ٨٩٧ فۆڕم پێکهاتبوو، کەتێیدا ٣٣ پرسیار کراوە، کۆی پرسیارەکان تایبەتە بەڕۆڵو کارەکانی کۆمیسیۆن، ئەرکی ڕاگەیاندنەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا.

سەبارەت بەوەی تاچەند باوەڕت بەکۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە لە٢٠٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە زۆر زۆر باوەڕیان پێیەتیو لە٣٢٪ زۆر باوەڕی بەکۆمیسیۆن هەیەو لە٢٧٪ کەم باوەڕی پێیەتیو لە١١٪ی هاووڵاتیان هیچ باوەڕیان پێی نییەو لە١٠٪ی بەشداربووانیش وەڵامیان نەداوەتەوە.

هەروەها لە٧٤٪ی بەشداربووان داوادەکەن کەکۆمیسیۆن ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێت لەهەڵبژاردنەکاندا، لە١٤٪یش پێیان باشە هەمان ڕۆڵی ئێستا بگێڕێت، لە٧٥٪یش پێیان باشە کۆمیسیۆن سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات، تەنیا لە١٧٪یش لەگەڵ ئەوەدانین کەکۆمیسیۆن سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات.

تاچەند ئاگاداری ئەوەبوویت کەماوەیەک هەیە بۆ تازەکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، لە٥٦٪ ئاگاداربوونو لە٢٥٪ تارادەیەک ئاگاداربوون، هەروەها لە١٤٪ هیچ ئاگادارنەبوونو لە٥٪ وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەزۆرکەس مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام لەڕۆژی هەڵبژاردندا ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا نەبووەو نەیانتوانیوە دەنگبدەنو دەرئەنجامی ڕاپرسییەکەش ئەوە دەردەخات کە لە٧١٪ی بەشداربووان زانیویانە، کەزۆرکەس هەبوون مافی دەنگدانیان هەبووەو بەڵام ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا نەبووە، لە٢١٪ ئاگاداری ئەو حاڵەتە نەبوونو ٨٪ بێوەڵام.

سەبارەت بەماوەی دەنگدان کە ١٠ کاتژمێر بووە، لەکاتژمێر ٧ی بەیانی تا ٥ی ئێوارەبووە، لە٣٦٪ ئەو کاتە بەکەم دەزاننو لە٦٤٪ کاتەکە بەگونجاو دەزانن.

سەبارەت بەوەڵامی ئەوپرسیارەی کەڕۆژی هەڵبژاردن کاتژمێر چەند چویت بۆ ناوەندی دەنگدان، لە٢٦٪ کاتژمێر ٧ -٩ی بەیانی، لە٣٣٪ لە ١٠-١٢ هەروەها لە٢٢٪ لەکاتژمێر ١-٣ پاشنیوەڕۆو لە١٤٪ لەکاتژمێر ٣-٥ی ئێوارە سەردانی ناوەندەکانی دەنگدانیان کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەدوای کاتژمێر ٣ی ئێوارەوە کەمترین ڕێژەی خەڵک دەنگیداوەو بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی چاودێریش زۆرترین فۆرمی دەنگدان لەدوای کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆوە پڕکراوەتەوە، لە٥٧٪یش پێیوایە سەرپێچی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا کراوە.

هەروەها بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە لە٢٦٪ بەشداربووان بەهیچ شێوەیەک گوێبیستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نەبوونو نازانن کەڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی هەیەو لە١٣٪یش تارادەیەک ئاگاداری ئەوەهەن کەڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی بوونی هەیەو لە٤٥٪یش دەزانن کەڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی لەدهۆکدا بوونی هەیەو لە١٧٪یش بەلایانەوە پەسەند نییە کەڕێکخراوەکان چاودێری پرۆسەکە بکەنو لە٦٩٪یش پێیان باشە کەچاودێری پرۆسەکە بکەن.

ڕاپرسیەکە لەسنووری پارێزگای دهۆک لەناوچەکانی ناوەندی دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، بەردەڕەش، سێمێلو ئامێدی ئەنجامدراوە.



# حکومەت لەئەنجومەنی وەزیرانیشدا یەکینەگرتووەتەوە

## فەرمانبەرە یەکێتییەکان بەهۆی پشتگوێخستنیانەوە ڕەخنە لەسەرۆکی حکومەت دەگرن

بورهان قادر

بەهۆی ململانێ حیزبییەکانی نێوان پارتیو یەکێتیەوە، لەئەنجومەنی وەزیرانیش هەست بەدوو ئیدارەیی دەکرێت، ژووری فەرمانبەرە پارتییەکانی ئەنجومەن وێنەی نێچیرڤان بارزانیان هەڵواسیوە، فەرمانبەرە یەکێتییەکانیش گلەیی لەفەرامۆشکردنیان دەکەن.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥و دەستبەکاربوونی دکتۆر بەرهەم ساڵح لەشوێنی نێچیرڤان بارزانی لەپۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بەڵام تا ئێستا لەبەشێک لەژوورەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەت ژووری ئەو فەرمانبەرو بەرپرسانەی کە سەر بەپارتین لەگەڵ هەندێ وەزارەتو شوێنو دەزگای حکومی وێنەی نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی هەڵواسراوە.

سەرچاوەیەک لەئەنجومەنی وەزیران بەدەستووری ڕاگەیاند "چۆن دەبێت وێنەی کەسێک هەڵبواسرێت کەئێستا لەپۆستی حیزبیدایەو هیچ پەیوەندییەکی فەرمی بەحکومەت نەماوە، بۆیە بەرهەم ساڵح ناتوانێ وەکو سەرۆکی حکومەت لەسنووری هەولێر مامەڵەبکات".

سەرچاوەکە ئاشکرایکرد بەرهەم ساڵح بەمدواییانە لەسەروبەندی دامەزراندنی هاووڵاتیان واژۆی لەسەر لیستی کۆمەڵێک ناوکرد، بەڵام دواتر بەرپرسێکی ئیدارەی پارتی ناوی ئەو کەسانەی سڕییەوە کەدەرچووی ئامادەیین، دواتر داواشکرا کەئەو ناوانە دابنرێنەوە، بەڵام هەر گوێی بۆ نەگیرا، لەگەڵ ئەوەی پارتی چەندان کەسی لەو جۆرەی دامەزراندووە.

د. ساڵح مەلا عومەر عیسا مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین پێیوایە بوونی ئەو حاڵەتانە هۆکارەکەی بۆ یەکنەگرتنەوەی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، وتی "ئەگەر پێچەوانەی هەولێر تەماشای سلێمانی بکەی ئەو حاڵەتە بەپێچەوانەوەیە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە پێگەو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی یەکێتی لەسلێمانییەو هیی پارتیش لەهەولێرو دهۆکە، بۆیە لەهەندێ فەرمانگەی ناو سلێمانیدا وێنەی سەرۆک بارزانیش بەرچاو ناکەوێت".

بەڕای د. ساڵح ئەو حاڵەتانە سروشتییە تا حکومەت دەبێتەوە بەیەک حکومەت.

ئەو سەرچاوەیە کەخۆی لەسەر لیستی یەکێتی فەرمانبەرە لەناو ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژەی بەوەدا کۆمەڵێک فەرمانبەری یەکێتی لەکاتی کابینەی پێنجەوە تا ئێستا ئازاری دەروونی دەدرێنو پشتگوێخراون، لەو کاتەوە نامەی تایبەتیان دا بەعومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڵام ئەو خۆی لێنەکردنە خاوەن، دواتر کەعیماد ئەحمەد بوو بەجێگری سەرۆکی حکومەت نامەیەکی تریان ئاراستەی ئەو کرد، ئەوجاریش هەر وەڵامیان نەدرایەوە، لەدوای دەستبەکاربوونی دکتۆر بەرهەم نامەیەکی تریان ئاراستەی ئەو کرد، ئەویش سەرەتا داوایکرد کەئەو فەرمانبەرانە ببینێت، بەڵام تا ئێستا لەگەڵیان کۆنەبووەتەوە، سەرچاوەکە وتی "ئەویش پشتگوێیخستین".

دەستوور پەیوەندیکرد بەکاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمو وتی "من پەیوەندیم بەو بابەتانەوە نییە، وێنەی نێچیرڤان بارزانی لەچ فەرمانگەیەک هەیە، پرسیار لەو فەرمانگەیە بکە".

کاردۆ محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێت ئەو دیاردانە پەیوەندی بەنەبوونی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی حکومی هەیە، کەکاریگەری حیزبی لەسەر نەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆی تا حکومەتی هاووڵاتیان بێتو دەرفەرتی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان فەراهەمبکاتو یاسا سەروەر بێت.

وتی "ئیتر هەموو ئەو دیاردانە دیاردەی یاسایی نین، بەمیزاجی شەخسی دەکرێت، لایەنێک کاتێک زاڵ دەبێ ئەو حاڵەتانە دەبیندرێت".


سەبارەت بەوەی کەئایا ئەو حاڵەتانە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەدەسەڵاتەکانی دکتۆر بەرهەم لەهەولێر وەکو سلێمانی نییەو کەمترە وتی "کەباس لەحکومەت دەکەین، پێموایە دابەشبوون هەیەو تا ئێستاش حوکمی حیزبە نەک حکومەت".

توانا ئەحمەد بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "من لەئەنجومەنی وەزیرانم وای نابینم هیچ ناکۆکییەک لەنێوان فەرمانبەرە یەکێتیو پارتییەکاندا هەبێت، بەپێچەوانەوە زۆر پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا باشە، ئەگەر باس لەبوونی ناکۆکی بکرێت، ڕاست نییە".

لەبارەی هەڵواسینی وێنەی نێچیرڤان بارزانی لەبەشێک لەژوورەکانو گلەییو پشتگوێخستنی فەرمانبەرە یەکێتییەکان، توانا وتی "هیچ ڕێنماییەکی یان شتێکی فەرمیو یاسایی نییە بۆ هەڵواسینی وێنەی نێچیرڤان بارزانیو بەرهەم ساڵح، ڕەنگە ئەوەی وێنەی هەڵدەواسێت، تەنیا لەبەربوونی پەیوەندی ئەو کەسە بێت لەگەڵیداو حەز بکات وێنەکەی هەڵبواسێت".

ئاماژەی بەوەشدا کە بەشێوەیەکی فەرمی تەنیا وێنەی بارزانیو تاڵەبانی هەڵدەواسرێتو وتی "بەپێچەوانەوە هەڵواسینی ئەو وێنانە دەرئەنجامی هیچ ناکۆکییەک نین".

هەروەها وتی "کاک بەرهەم وەکو سەرۆکی حکومەت مامەڵە لەگەڵ هەموو فەرمانبەرەکاندا دەکاتو هەر بەڵێنێکی دابێت، بردویەتیە سەر".



سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی

# ”بەگشتی ژنان چاوەڕێی دەستی پیاوانن“

## پەخشان زەنگەنە، چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان بۆ دەستوور

مەعاز فەرحان

پەخشان زەنگەنە چالاکوانی بواری ژنانو ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، رەخنە لەکۆمەڵگەی کوردی دەگرێت بەوەی کۆمەڵگەیەکی باوکسالارییەو دەڵێت پیاو بەگشتی باوکایەتی بەرجەستە دەکات، بۆیە ئاسان نییە پیاوەکان قەناعەت بکەن کەژن هەیە، رەنگە لەرووی لێهاتووییەوە لەئەوان کەمتر نەبێت.

هەروەها رەخنە لەژنانیش دەگرێت، دەڵێت «زۆرکەمن ئەو ژنانەی کەبەکردەوە یان بڵێم بەفیعلی هاوبەشن لەداڕشتنی بڕیارە کاریگەرەکاندا»، پێیوایە ژن دەبێت لەداڕشتنی بڕیار لەگشت ئاستێکدا، لەخێزانەوە تا دەگاتە بواری گشتی، خاوەن بڕیاربێت.

**دەستوور:** ژنان لەکوردستان گلەییدەکەن کەبەشدارییان پێناکرێت، ئایا دەبێت بەشدارییان پێ بکرێت یان بەشداری بکەن؟ تا ئێستا ژنان بەشداریان پێکراوە یان بەشدارن؟. بۆچی ژنان خۆیان ناتوانن مافەکانیان بەدەستبهێننو چاوەڕێی دەستی پیاون؟

**پەخشان زەنگەنە:** کاتێک کەباس لەبەشداری سیاسی ژنان دەکەین، من بەو مانا تەسکە نایبینم کەتەنیا لەپێگەی دەسەڵاتدا بەشداربن، بەشداری سیاسی ژن واتێدەگەم کەژن بەشداربێت لەداڕشتنی سیاسەتی گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بەواتایەکی دیکە، ژن بەشداربێت لەداڕشتنی بڕیار لەگشت ئاستێکدا، لەخێزانەوە تا دەگاتە بواری گشتی، مەبەستم لەبواری فەرمی پێگەکانی دەسەڵاتو بوارە کۆمەڵگەییە نا فەرمییەکانیشە.

بەشداریی هەر تاکێک بەژنو پیاوەوە، لەدیدی مندا، تەنیا ئەوە نییە لەپلەیەکی دیاریکراوو خاوەن ئیمتیازو پایەی فەرمی بێت، بەڵکو بەشداری راستەقینە وادەبینم، کە بەقەناعەتێکی هۆشیارانەوە وەک ئەرکێکی خۆویست، خۆهەڵبژێر، خۆبەخش، بەشداربێت لەکردارو لەداڕشتنی بڕیارداو هاوبەشبێت لەهەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەکردارو بڕیاری گشتیدا، واتا خاوەنی پرسێکی گشتی بێت لەژیاندا. لێرەدا دەڵێم ئەمرۆی کوردستانو سەرتاپای ئەو کۆمەڵگەیانەی لەرووی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی کوردستاندان، بەشداری ژنو پیاو لەناوەندەکانی بڕیاردا لەو ئاستەدا نییە کەپێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە بەئاراستەیەکی دروستو گەشەسەندو. ئەمە تەنیا بۆ ژن نییە، بەڵکو پیاوەکانیش دەگرێتەوە.

کەحاڵ وابێت، دیارە دەرفەت بۆ ژن زۆر کەمترە، ئەمەش هۆکارو فاکتەری خۆی هەیە، ئەم دەرفەتە ئەوە هەڵناگرێت بچینە ناو باسکردنی، بەو پێیە دەڵێم زۆر کەمن ئەو ژنانەی کەبەکردەوە یان بڵێم بەفیعلی هاوبەشن لەداڕشتنی بڕیارە کاریگەرەکاندا.

لەکۆمەڵگەی باوکسالاری وەک ئێمە، پیاو بەگشتی ئەو باوکایەتییە بەرجەستەدەکات، بۆیە ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە، کۆمەڵگەی پیاوسالارین، جا بۆیە ئاسان نییە پیاوەکان قەناعەت بکەن کەژن هەیە رەنگە لەڕووی لێهاتووییەوە ئەگەر لەوان زیاتر نەبێت کەمترنییە، ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێت تەنانەت هەبووە کە بەشێوازی جۆراوجۆر خۆیان کردووە بەخاوەنی هەندێک کارو پرۆژە کەژن ئەنجامیداوە، بەڵام خولیای پیاوسالاری، هەندێکجار کە لەژێر پێستەوە دەردەکەوێت، ناتوانن ئەوە قبوڵبکەن، یان بڕوابهێنن کەژن دەتوانێت کاریگەربێت، ئەگەر ئەو ژنە نزیکترین هاوڕێشی بێت.

ژن بەشدارە یان بەشداری پێدەکرێت، ئەگەر مەبەستت ئەوەبێت کە لەلیستەکاندا یان لەسەرکردایەتی قەوارە سیاسییەکانەوە دەستنیشاندەکرێن یان دادەنرێن، ئەوە پیاوانیش دەگرێتەوە. ئەگەر هەندێک لەو ژنانەی لەو پێگانە دادەنرێن شیاونین، بۆ پیاوانیش هەر وایە.

لەبارەی ئەوەی دەپرسی کەژن چاوەڕێی دەستی پیاون، دەڵێم هەموو ژنێک نا، بەڵام بەڵێ بەگشتی وایە، پیاو باڵادەستە، ئەو ژنانەی کەهۆشیارو خاوەن هزرو پرۆژەن، هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بەپیاو و ژنەوە بەدابونەریتو یاساو گشت فاکتەرە کاریگەرییەکانی دیکە، بەئاراستەیەک بگۆڕن، کەدەرفەت بۆ هەمووان برەخسێت، دیارە دەرفەت بۆ پیاوانیش یەکسان نییە، بەڵام لەمەڕ ژن بنەمایەکی کلتووریو یاساییو ... هتد هەیە بۆ قەتیسکردنی ئەو دەرفەتە، مەبەستم ئەو جیاکارییەیە کە بەپێی رەگەز لەنێوان مافەکانی ژنو پیاودا دەکرێت.

**دەستوور:** لەدوایین هەڵبژاردندا کەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، لەکوردستاندا هیچ ژنێک بەمافی خۆی نەگەیشتە پەرلەمان، هەمووی بەسیستمی کۆتا بوو، کەوایە دەتوانین بڵێین ژنان بەشدارییان پێدەکرێت، چونکە لەسەر مافی خەڵکی تر گەیشتوونەتە پەرلەمان؟ ئەو گلەییەی پیاوانیشمان بینی لەو رووەوە کەپۆستەکانیان بەپێی سیستمی کۆتا بۆ ژن بەجێدەهێشت؟

**پەخشان زەنگەنە:** زۆرینەی هەرە زۆری پیاوەکان لەسەر ئاستی عێراق بەکوردستانیشەوە بەدەنگی پێویستی خۆیان دەرنەچوون، بەڵکو بەکۆی دەنگی لیستەکەیان دەرچوون، بەدەنگی ئەوانەشەوە کەدەرنەچوون یان بەدەنگی چەند کەسێکی کەم لەلیستەکەدا. بۆیە ئەمە ناکرێت ببێتە خاڵێکی لاواز بۆ ژنان. پیاوانیش هەقیان نییە ئەو گلەییە بکەن، هیچ پیاوێک نەبووە لەهیچ لیستێکدا کە بەپێی هاوکۆلکەی هەڵبژاردن دەنگی پێویستی هێنابێت، رەنگە هەبێت دەنگی لەژن زیاتربێت بەهۆی کۆتاوە دەرنەچووبێت، ئەمە شتێکی دیکەیە. ژن هەیە لەهەمان بازنەی هەڵبژاردندا دەنگی لەژنێکی دیکە زیاترە، کەچی نەچووەتە پەرلەمان، ئەوەی دی



چووە. هۆکاری ئەمە زۆرن، لەپێشیانەوە نادروستی ئەو یاسایەی کەهەڵبژاردنی پێ ئەنجامدرا، سەرەڕای فاکتەری سیاسیو.... هتد. بەڵام ئەوە راستە کەژن وەک پێویست دەنگی پێ نەدرا، ئەمەش زۆر ئاساییە پێشتر باسمکرد خەبات لەپێناوی کۆتا هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو، بەڵام نەک کۆتا ببێتە چارەنووسی ژنان بۆ هەتاهەتایە، کۆتا وەک دەرفەتێکە بۆ ژنان، خۆیان بسەلمێننو متمانەی کۆمەڵگە بەدەستبهێنن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ژن وەک پیاو لەسەر بنەمای ئەو متمانەیە دەنگی پێبدرێت، ئەوە ئامانجی کۆتایە. ئەوەش پێویستی بەوەیە کەقەوارە سیاسییەکان لێهاتووترین ژنان بخەنە لیستەکانیانەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین هەمووی وانییە، ژنانی لێهاتوو هەن لەگشت قەوارە سیاسییەکاندا نەخرانە لیستەکانەوە، ئەمەش کۆتا بارگران دەکات. دیارە هۆکار هەیە بۆ ئەمە، کەتایبەت نییە بۆ ژن، بەڵکو بۆ پیاویش هەروەها. بەڵام کاریگەری بۆ ژنو دیدی کۆمەڵگە قورسترە، سەرەڕای کاریگەرییە سیاسییەکانی.

> زۆر کەمن ئەو ژنانەی بەکردار هاوبەشن لەداڕشتنی بڕیارە کاریگەرەکاندا

**دەستوور:** دەیان رێکخراوی ژنان هەیە، دەوترێت رێژەی رێکخراوەکان لەکوردستاندا لەرێژەی ژنە چالاکەکانی داکۆکیکەر لەمافی ژنان زیاترە، ئەم رێکخراوانە بۆ نەیانتوانیوە ژنی سەرکردە پێبگەیەنن؟

**پەخشان زەنگەنە:** زۆر لەسەر ئەم پرسیارە ناڕۆم، چونکە وەڵامەکەی لەناوەڕۆکی وەڵامەکانی پێشوومدا هاتووە. تەنها ئەوە دەڵێم، سەرکردە بەخواستو ئارەزوو دروستناکرێت، پێگەیشتنی سەرکردە لەپرۆسەیەکی کارو خەباتی دوورو درێژدا پێدەگاتو بەردەوام پێویستی بەگەشەسەندن هەیە، شەهادەیەک نییە لەزانکۆ وەربگیرێتو پاڵی لێبدرێتەوە، سەرکردە ناو نییە، سەرکردە هزرە، کردارە، متمانەیە لەواقیعی دیاریکراودا ... هتد.

**دەستوور:** نەبوونی دەزگایەکی فەرمی تایبەت بەکاروباری ژنان، تا چەند کاریگەری هەیە لەناساندنی پرسی ژنانی کوردستان بەدەرەوە، دەزگای وەها دەتوانێت چی بکات؟

**پەخشان زەنگەنە:** نەبوونی دەزگایەکی فەرمی تایبەت بەکاروباری ژنان لەکوردستاندا کەلێنێکی گەورەیە، ئەو کەلێنە گوزارشتێکی ئاشکرایە لەئاستی بایەخدانی لایەنە فەرمییەکان بەمەسەلەکانی ژنان.

ئەم جۆرە دەزگایە بەناو و شێوازی جۆراوجۆر لەزۆر وڵاتانی دنیادا هەیە، لەوڵاتی گەلێک پێشکەوتوو هەتا وڵاتانی هاوئاستی خۆمان. ئەرکی ئەم دەزگایە لەبنەڕەتدا، پەیوەندی بەژنانی خۆمانەوە هەیە، زیاتر لەوەی ناساندنی پرسی ژنان بێت بەدەرەوە. ئەم جۆرە دەزگایە جا ئەگەر وەزارەت بێت، یان ئەنجومەنێکی باڵای سەر بەحکومەت بێت، یان ئەنجومەنێکی باڵای سەربەخۆ بێت. ئەگەر ئامانجو ئەرکو پێکهاتەکەی رۆشن بێتو جیدی بێت، ئەوا دەتوانێت رۆڵێکی گەورە بگێڕێت بۆ داڕشتنی ستراتیژی روونو واقعییانەو بەردەوام بۆ زیاتر پەرەدان بەتواناکانی ژنانو کاراکردنی رۆڵیان لەپرۆسەی گەشەسەندنی هەمەلایەنە.

# کەرەستەکانی وێستگەی کارەبای کەرکوک دەگوازرێتەوە بۆ باشوور

## سەرۆکی لیژنەی کارەبا لەپارێزگای کەرکوک: بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا نین



گواستنەوەی کەرەستەکانی وێستگەی کارەبای کەرکوک نیگەرانی دروستکردووە

زانیار داقوقی لەکەرکوک

وەزارەتی کارەبای حکومەتی عێراق، لەنوێترین هەوڵیدا بەنیازە تەواوی کەرەستەو پێداویستەکانی وێستگەی کارەبای کەرکوک (دوبز) بگوازێتەوە بۆ باشوور، ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش رایدەگەیەنن کە بەهیچ شێوەیەک ئەوە قبوڵناکەنو رەتیدەکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، وەزارەتی کارەبای حکومەتی عێراق وێستگەی کارەبای کەرکوک لەقەزای دوبز بەتەواوی لەکارکردن دەوەستێنێتو پەکیدەخات، کەماوەیەکە ئەو وێستگەیە بەهۆی هەندێک کێشەوە کارناکات، چونکە بەنیازە تەواوی کەرەستەکانی بگوازێتەوە بۆ باشووری عێراق.

نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەر لەقەزای دوبز کۆبوونەوەیەک لەئەنجومەنی قەزای دوبز بەئامادەبوونی هێزەکانی ئەمریکا ئەنجامدرا، لەو کۆبوونەوەیەدا تاوتوێی ئەوەکرا کەوەزارەتی کارەبای حکومەتی عێراق، بڕیاریداوە بەپەککستنی وێستگەیەکی ٣٢٥ میگاوات لەو قەزایە، چونکە بەنیاز نییە نۆژەنیبکاتەوەو هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکردووە.

ئەو هەوڵەی وەزارەتی کارەبا دوای ئەوە هات کەبەرپرسانی شارەکە رایانگەیاند بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا وێسگەی دوبز دەخەنەوە کار.

رێبوار تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو سەرۆکی لیژنەی کارەبا لەو ئەنجومەنە. بەدەستووری راگەیاند وەزارەتی کارەبای عێراقی ئامادەنییە بەهیچ جۆرێک بڕە پارەیەک بۆ خستنەوەکاری ئەو وێستگەیە تەرخانبکات.

سەرۆکی لیژنەی کارەبا لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتی «تائێستا چەند وێستگەیەکی فراوانی کارەبا لەباشووری عێراق دروستکراوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای کەرکوک وەزارەتی کارەبا دەڵێت بودجە نییە، لەولاشەوە بەنیازە کەرەستەکانی وێستگەی دوبز بگوازێتەوە».

تاڵەبانی ئەوەشی خستەڕوو کەئەوانیش زانیاریان هەیە وەزارەتی کارەبای عێراقی بەنیازە کەرەستەو پێداویستییەکانی وێستگەی کارەبای دوبز بگوازێتەوە بۆ باشووری عێراق، بەڵام وتی «ئێمە وەک ئیدارەی پارێزگای کەرکوک رێگرین لەسەر بردنی کەرەستەکانی ئەو وێستگەیەو بەهیچ شێوەیەک ئەوە قبوڵناکەین».

لەبارەی ئەو هەوڵەی وەزارەتی کارەباوە، رێبوار تاڵەبانی وتی «ئەوان دژ بەئیدارەی پارێزگای کەرکوک، ئامادەی بەکارخستنی وێستگەکە نینو وێستگەکە لەبەرهەمهێنانی کارەبا کەوتووە».

پێشیوایە ئەوە زیاتر بڕیارێکی سیاسی بێت بۆ تەگەرە دروستکردن لەسەر کارکردنی وێسگەی کارەبای کەرکوکو چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.



# تەواوی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی خانەقین پیسن

## بەرپرسانی قەزاکە داوا لەهاووڵاتیان دەکەن ئەو ئاوە نەخۆنەوە، بەڵام چارەسەریشیان پێنییە

فەرمانو ڕێبین لەخانەقین

بەهۆی دەرنەهێنانی بۆرییە کۆنەکانی ئاوی قەزای خانەقینەوە، ئاوی بۆرییە کۆنەکانو ئاوەڕۆ تێکەڵ بەئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان بووە، بەرپرسانی قەزاکەش دەڵێن تەواوی سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاوی قەزاکە بۆ خواردنەوە ناشێت.

**ئاوی پیس دەخۆنەوە**

بەشێک لەگەڕەکەکانی قەزای خانەقین سەرچاوەی ئاوەکەیان لەڕووباری سیروانەوەیەو لەوێوە ئاوی خواردنەوەیان پێدەدرێت، شەش گەڕەکی گەورەی قەزاکەش لەڕووباری ئەڵوەنەوە ئاوی خواردنەوەیان دەدرێتێ، بەڵام ئاوی خواردنەوەی هەردوو سەرچاوەکە بەکەڵکی خواردنەوە نایەت.

فوئاد محەمەد هاووڵاتییەکی گەڕەکی کارێزە لەخانەقین کە لەئەڵوەنەوە ئاوی خواردنەوەیان پێدەدرێت، وتی "پێویستە فلتەر بۆ ئاوەکە دابنێنو چارەسەری پیسبوونەکەی بکەن، چونکە ئاوی پیس کێشەی بۆ دروستکردووین".

وسام ئەحمەد هاووڵاتییەکی تری قەزاکەیەو لەگەڕەکی تۆڵەفرۆش نیشتەجێیە، ئاماژەی بەوەدا کەئەوان کێشەی کەمئاویان بۆ دروستبووە، وتی "جار بەجار دەڵێن جوتیارەکان ئاوەکەیان شکاندووە بۆ مەرەزەکەیان، بەو بیانووەوە چەند ڕۆژێک ئاومان نابێت".

بەرپرسانی قەزاکە داوا لەهاووڵاتیان دەکەن ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە بەکارنەهێننو ئاوی کانزایی بەکاربهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی هاووڵاتیان زۆربەیان هەژارنو ناتوانن ئاوی کانزایی بخۆنەوە، ناچارن ئەو ئاوە بەکاربهێنن.

وسام وتی "حکومەت بەئێمە دەڵێت ئاوەکە پیسەو مەیخۆنەوە، بەڵام ئێمە قوتی ڕۆژانەمان پێ پەیدا ناکرێت، چ جای ئاوی کانزایی بکڕینو بیخۆینەوە".

ئەو وتی بەرپرسان بۆخۆیان هەموو شتێکیان هەیەو کێشەیان نییە، بەڵام بۆچی بیر لەچارەسەری کێشەکە ناکەنەوە؟.

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، وتی "ئاوی خانەقین پیسبووەو بەکەڵکی خواردنەوە نایەت، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان ئاوی کانزایی دەخۆینەوەو داواش لەهاووڵاتیانی خانەقین دەکەم کەئاوی کانزایی بخۆنەوە".

سەمیر محەمەد هۆکاری پیسبوونی ئاوەکە باسدەکات، دەڵێت بۆری تازە بۆ ئاوی خانەقین ڕاکێشراوەو بۆرییە کۆنەکانیش هەر لەژێر زەوییەکەدا ماونو دەرنەهێنانی بۆرییە کۆنەکان وا دەکات ئاوی بۆرییە کۆنەکە تێکەڵ بەئاوی بۆرییە تازەکان ببێتو ئاوەکە پیسبێت.

ئەو وتی "چارەسەری دەرکردنی بۆرییە کۆنەکانیش بەپێی دەرخستەی ئەندازیاران بڕی ٣٠ ملیۆن دیناری پێویستە".

**سەرچاوە ئاوییەکانی خانەقین لەژێر مەترسی وشکبووندان**

سەرەڕای ئەوەی تائێستا هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لەخانەقین لەئارادا نییە، مەترسی ئەوەش بۆ هاووڵاتیان دروستبووە سەرچاوە ئاوییەکانیان وشکبن.

هەموو ساڵێک لەمانگی حوزەیراندا ئێران ئاوی ئەڵوەن لەڕێگەی بەنداوەکانییەوە وشکدەکات، لەمانگی تشرینی یەکەمدا کاتێک ئاوەکە لەبەنداوەکانیان زیاتردەبێت، دەڕژێتە ناو ڕووبارەکەوەو دەگاتە ڕووباری ئەڵوەن، بەمەش ئەو پێنج مانگە شەش گەڕەکی گەورەی خانەقین بێئاو دەبن.

فوئاد محەمەد ، وتی "هەموو ساڵێک لەمانگی پێنج تا مانگی دە، دەبێت بەتەنکەر ئاو بکڕین، لەبەرئەوەی ئەڵوەن وشکدەکاتو ئاومان نامێنێ، بیری ئاویشمان نییە، بۆیە ناچار بەتەنکەر ئاو دەکڕین".

**زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، کێشەی کەمئاوی زیاترکردووە**

سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین بەدەستووری وت لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە، تائێستا ٢٠ گەڕەک لەخانەقین زیادیکردووەو بەوەش ژمارەی دانیشتووان لە ٣٥,٠٠٠ هەزار کەسەوە زیادیکرد بۆ ١٧٠,٠٠٠ هەزار کەس.

ئەو وتی "بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتووانەوەیە هەموو خانەقین کێشەی کەمئاوی هەیە".

سەمیر محەمەد دەڵێت ئێران بەنداوێکی نایاساییو نارێکی لەسەر ئەڵوەن دروستکردووە، بەهۆی ئەوەی شەش گەڕەکی گەورەی خانەقین ئاویان لەئەڵوەنەوە دابیندەکرێت، بۆیە لەماوەی ئەو پێنج مانگەی ساڵدا بێئاوی ڕوویان تێدەکات.

نور وتی "هاووڵاتیانی ئەو شەش گەڕەکە تەنها پشت بەبیرە ئاوەکانی خۆیان دەبەستنو ئێمەش ناتوانین هیچیان بۆ بکەین".

بەشێکی زۆری گەڕەکەکانی تری خانەقینیش لەلقێکی ئاوی ڕووباری سیروانەوە ئاویان پێدەدرێت کەپێی دەڵێن باڵەجۆ، بەڵام مانگانە چەندان ڕۆژ ئەو گەڕەکانەش بێئاو دەبن، بەهۆی بڕینی ئاوەکەوە.

نور وتی "خەڵکێکی چاوچنۆک هەیە ئاوەکە دەخاتە سەر مەرەزەو کونجیو بۆ چەند ڕۆژێک ئاوی ئەو گەڕەکانەی تری خانەقین وشکدەکەن".

سەمیر نور پێیوایە دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووباری ئەڵوەن چارەسەری کێشەی ئاوی خانەقین دەکات، دەڵێت بەنداوێکی گەورە لەسەر ئەڵوەن دروستدەکرێت کەماوەی ٧٠٠ ڕۆژی پێدەچێت.

ئەو وتی "ئێستا ١٠٠ ڕۆژە کاری لێدەکەن، بڕیارە دواتر بەبڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار کەناڵێکی ئاوی بۆ ناو بەنداوەکە بهێنرێت، ئەگەر ئەوە بکرێت، خانەقین کێشەی کەمئاوی نامێنێو پێویستی بەئاوی ئێرانیش نابێت".



# زەڕەنگەرەکان واز لەپیشەکەیان دەهێنن

## گرانی نرخی ئاڵتون، بازرگانو زەڕەنگەرەکان ناچاردەکات ڕوو لەبازرگانیی زیو بکەنو گۆڕانکاری لەپیشەکەیاندا بکەن



١٢٨٠ زەڕەنگەر لەکوردستاندا مۆڵەتیان هەیە

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

بازرگانانی هاوردەکردنی ئاڵتونو زەڕەنگەرەکان بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕەوە کەمتر بایەخ بەهاوردەکردنی زێڕ دەدەنو ڕوویان لەهێنانی زیو کردووە، چەند بازرگانو دوکاندارێکیش دەڵێن دوکانەکانیان کردووە بەزیو، چونکە خواستی زیو بەشێوەیەکی زۆر زیادیکردووە.

**زەڕەنگەرەکان دەبنە زیو فرۆش**

زیو فرۆشەکان بازاڕیان بەشێوەیەکی بەرچاو گەرمبووە، خواستی خەڵکی بۆ کڕینی زیو ڕۆژ دوای ڕۆژ لەزیادبوونە، بەو هۆیەوە دەیان بازرگانو زەڕەنگەر دوکانەکانیان کردووە بەزیو.

تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە ٢١ بە ٢٤٠ هەزار دینارو یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە ١٨ەش بە ٢٠٥ هەزار دینارە. لەبەرانبەردا ساڵی پار لەهەمان کاتدا نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە ٢١ بە ١٥٢ هەزار دینار بوو. ڕۆژانە ئەو نرخانە بەپێی وتەی بازرگانەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بەپێی بەدواداچوونێکی دەستوور نرخی گرامێک زیو لە١٥٠٠ دینارەوە دەستپێدەکات بۆ ٥ هەزار، مسقاڵێک لە٧٥٠٠ دەستپێدەکات تا نزیکەی ٣٠ هەزار دینار.

شامیر عەبدول حاجی عەلی کەماوەیەکە دوکانی زەڕەنگەرییەکەی کردووە بەدوکانی زیو فرۆشتن، وتی "جاران کیلۆیەک ئاڵتونت دەکڕی بە٢٠ هەزار دۆلار، ئێستا یەک کیلۆ ئاڵتون بە ٤٠ هەزارە دۆلارە، ئینجا بازاڕەکەشی نەماوەو خەڵک کەمتر ئاڵتون دەکڕێت".

هەروەها وتی "لیرەیەک پار بە ١٠٥ دۆلار بوو، بەڵام ئێستا بە٢٧٥ دۆلارە، واتە نرخی ئاڵتون دووقات زیادیکردووە".

لەبارەی گۆڕینی دوکانەکەیەوە، لەزەڕەنگەرییەوە بۆ زیو فرۆشتن، وتی "زیوەکە هەرزانە، دەتوانیت هەموو دوکانەکە پڕبکەیت بە١٠ هەزار دۆلار، بەڵام کیلۆیەک ئاڵتون بە٤٠هەزار دۆلارە، ئەگەر بتەوێت زەڕەنگەری بکەیت بەلایەنی کەمەوە دە کیلۆ ئاڵتونت دەوێت، کەبایی ٤٠٠ هەزار دۆلارە، زیوەکە زوو سەرفدەبێتو بژێوی ڕۆژانەمان دابیندەکات".

**زیو فرۆشەکان بازاڕیان گەرمە**

زیو فرۆشەکان دەڵێن بازاڕی زیو لەرابردوودا بەهیچ شێوەیەک وەکو ئێستا گەرم نەبووەو خواستی لەسەر نەبووە، ئێستا هاووڵاتیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیو بەکاردەهێننو پێیانوایە زیادبوونی خواست لەسەر زیو بۆ زیادبوونی نرخی ئاڵتون دەگەڕێتەوە.

زیوی بازاڕەکانی کوردستان لەدەرەوە هاوردەدەکرێت، ئەو زیوەی لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێتو خواستی زۆری لەسەرە، زیوی تایلەندیو تورکیو بولگاریو ئێرانیو ئیتاڵیو هیندییە، زیوی ئیتاڵی بەباشترینو جوانترین زیو دادەنرێتو خواستێکی زۆری لەسەرە.

هەرچەندە تائێستا ئامارێکی ورد لەبارەی هاوردەکردنی قەبارەی ئاڵتونو زیو لەکوردستاندا نییە، بەڵام بەپێی وتەی بازرگانانی هێنانی ئاڵتونو زیو، ڕێژەی هێنانی زیو زۆر زیادیکردووەو ئاڵتون بەشێوەیەکی زۆر کەمتربووەتەوە لەئەمساڵدا.

هاوکار عومەر یەکێکە لەو بازرگانانەی کە لەدەرەوە زیو دەهێنێت بۆ کوردستان، ئاماژە بەوەدەدات کەئێستا لەجاران زیاتر زیو دەهێنن. ئەو لەماوەی تەنیا مانگێکدا نزیکەی ١٥٠ کیلۆ بۆ ١٦٠ کیلۆ زیو دەهێنێت، بەگشتی لە١٠٠ کیلۆ کەمتر ناهێنێت.

هاوکار وتی "بازاڕی زیو ئێستا گەرمبووە بەحوکمی ئەوەی کەزیو هەرزانەو زێڕ گرانە".

ئاماژەی بەزیادبوونی بازرگانانی هێنانی زیویش کرد.

محەمەد ئەحمەد خاوەنی زیوی شوان، وتی "بازاڕی زیو بەرزبووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ماوەی ساڵێک دەبێت بازاڕی زیو گەرمبووە، ساڵانی پێشوو بەو شێوەیە نەبووە".

ئاریان بەکر خاوەنی جیهانی زیو ئاماژە بەوەدەدات کەخەریکە بوکو زاواش لەبری ئاڵتون زیو بەکاردەهێنن، "بەکارهێنانی زیو بووە بەمۆدێل، ماوەی دوو ساڵە زۆر دەفرۆشرێت".

ئەو زیوانەی کە لەبازاڕەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێن، زیاتر زیوی تایلەندیو بولگاریو تورکیو هیندیو ئێرانیو ئیتاڵین.

زیوی تورکی کیلۆی بە١٢٠٠دۆلارە، بەڵام تایلەندیو بولگاری کیلۆی بە١٥٠٠ دۆلارو هیندی بە٦٠٠ دۆلارە، بەڵام ئەمەیان خواستی زۆری لەسەر نییە، ئەوەی کەخواستی زۆری لەسەرەو جوانە زیوی ئیتاڵییە کەکیلۆی بە ١٨٠٠ دۆلارە.

بەپێی ئامارێکی سەندیکای زەڕەنگەران ١٢٨٠ زەڕەنگەر لەکوردستاندا مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، کە لەو ڕێژەیەدا لەسلێمانی ٤٤٣ زەڕەنگەر و هەولێر ٤٨١و دهۆک ٣٥٦ زەڕەنگەر هەیە.

**تەنگەژە ئابوورییەکان هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی ئاڵتونە**

پسپۆڕانو شارەزایانی ئابووری دەڵێن هەمیشە لەئابووریدا بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا دەبێتە هۆی ئەوەی کەخواست لەسەری کەمبێتەوە.

بابان قەرەداغی پسپۆڕی ئابووری دەڵێت "ناجێگیری نرخی دراو لەجیهاندا بووەتە هۆی ئەوەی کەنرخی زێڕیش بەرزبێتەوە، بەهۆی تەنگەژەی ئابووری جیهانییەوە زۆربەی سەرمایەدارەکانی جیهان پارەکانیان لەکڕینی زێڕدا سەرفدەکەنو زێڕ لەبری دراو کۆدەکەنەوە".

قەرەداغی وتی "هەتا کێشەی تەنگەژەی دارایی جیهانی بەتایبەت لەئەمریکا چارەسەر نەبێت، نرخی زێڕ هەر لەبەرزبوونەوەدا دەبێتو بازاڕی زەڕەنگەرەکانیش کزدەبێت".

ڕزگار نوری خاوەنی زەڕەنگەری ڕزگار وتی "لەبەرئەوەی نرخی ئاڵتون زۆر گران بووە، بۆیە بازاڕ زۆر کەمبووەتەوە تائێستا بازاڕ بەو شێوەیە خراپ نەبووە".

هەروەها وتی "ماوەی ساڵێکە ئاڵتون گرانبووەو بەدرێژایی ئەم ماوەیە بازاڕی ئێمەش کەمبووەتەوە".

# "ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ماوە بەسەرچوون"

## قاسم عەزیز سەرۆکی لیستی یەکێتی لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر

سازادنی: بورهان قادر

**قاسم عەزیز سەرۆکی لیستی ١٠٩ ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت خولی پێشووی پەرلەمان بەیاسا دەستی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی بەستووەتەوەو ناکارای کردوون، یەکێتیو پارتیش بەدواخستنی هەڵبژاردن کردونی بەئەنجومەنی ماوە بەسەرچوو.**

**قاسم عەزیز ئاماژە بەوە دەدات کەدواخستنی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی پەکخستنی سیستمی لامەرکەزی لەکوردستاندا، دەڵێت ئەوەش هاوولاتیان ناچاردەکات بۆ مامەڵەکانیان لەناحیە دوورەدەستەکانەوە بێنە پارێزگاکان، بەهۆی ئەوەی دەسەلات تەنیا لەمەرکەزدا قەتیسکراوە.**

**دەستوور:** دوا بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان چییە؟

**قاسم عەزیز:** وەکو ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بەفەرمی ئێمە هیچ ئاگاداری ئەوە نین، کە چ کاتێک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، ئایا ئەمجارەش دوادەخرێت یان لەکاتی خۆیدا دەکرێت، بەلام پێموایە لەکاتی خۆیدا ناکرێت. لەدواخستنەکەشی تا ئێستا ئێمە ئاگاداری هیچ نین، ئەوەی تەنیا ئێمە ئاگاداربووین ئەوەبوو دەبوایە هەڵبژاردن لە ٢٠١٠/١٠/٣١ تێنەپەڕێتو هەڵبژاردن بکرێت.

**دەستوور:** لەو کۆبوونەوانەی کەهەر دوو حیزب دەیکەن، پرسو راتات پێدەکرێت؟

**قاسم عەزیز:** نەخێر، ئێمە لەهیچ یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری ناکەینو پرسو راشمان وەرناگیرێت.

**دەستوور:** هۆکاری ئەو بێئاگاییەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروەها پشتگوێخستننتان چییە؟

**قاسم عەزیز:** هەردوو خولەکانی پێشووی پەرلەمان هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی تێدانەبوو، بۆیە بڕیارەکان لەبڕیاری حیزب بەدەر نەبوون، بڕیارەکان لەمەکتەبی سیاسییەکانەوە دەهاتنو پەرلەمانی کوردستانیش بڕیارەکەی جێبەجێدەکرد، بەپێی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش کە بەتەسدیقو واژۆی سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرچووە، دەبوایە لە ١٠/٣١ ی ئەمساڵ هەڵبژاردن بکرایە، بەلام دواخراوەو تا ئێستا دیار نییە کەی هەڵبژاردن دەکرێ.

دەتوانرێت ئەو پرسیارە لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بکەی، کەئێستا ئۆپۆزیسیۆنیش هەیەو ئەوانیش دەتوانن قسەی لەسەر بکەن تا چیتر دوانەخرێت، چونکە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێتە هۆی ئەوەی جێبەجێکردنی لامەرکەزی لەکوردستاندا پەکبخاتو تووشی شەلەلی بکات، خاڵێک هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە ئەویش کاتێ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرچوو، ئێمە هەرسێ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆک دەستی کارامان هەبوو بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە، بەلام لەدواخستنو دانانی کاتو کۆبوونەوەکان ئاگادار نین.

**دەستوور:** هۆکاری ئەو دواخستنانە چییە؟

**قاسم عەزیز:** هۆکارەکە پەیوەندی بەدەسەلاتی سیاسی پارتیو یەکێتیەوە هەیە.

**دەستوور:** پێتوایە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرسێ پارێزگا لەرووی یاساییەوە ئەنجومەنێکی بەسەرچوون؟

**قاسم عەزیز:** ئەگەر بەیاسا تەماشابکەین، دەبینین لەیاسای ژمارە سێی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەمادەی ٤١ دەڵێت ئەم یاسایە لەدەستپێکی خولی داهاتووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان جێبەجێدەکرێت، واتە ئەو یاسایە بۆ ئێمە نییە بۆ ئەو ئەنجومەنانەیە کە لەدوای هەڵبژاردن دەستبەکاردەبن، واتە بەو یاسایە دەستی ئێمەیان کەلەبچەکردووە، بۆیە ئێمە داوادەکەین ئەگەر هەڵبژاردنەکانی دوادەخرێت با پەرلەمان ئەو یاسایە تەعدیل بکاتو ئەو برگەیە لاداتو یاساکە شمولی ئێمەش بکات، بۆ ئەوەی ئێمەش کارا بینو ئیشی خۆمان بکەین تا هەڵبژاردن دەکرێت، پێشموایە چەند زوو هەڵبژاردن بکرێ لەقازانجی هاووڵاتیانە، چونکە ئەو یاسایە مەرکەزیەت ناهێڵێتو کێشەی هاووڵاتیانی قەزاو ناحیەکان چارەسەردەبێت، هاووڵاتیان وەکو ئێستا ماندوو نابن لەناحیەیەکی دوورە شارەوە بێنە پارێزگا، بۆیە ئەو یاسایەی کەهەیە یاسایەکی زۆر باشەو جێبەجێکردنی لەخزمەتی هاووڵاتیاندا دەبێت.

**دەستوور:** جیا لەرێگەدان بۆ کارکردنتان، مەبەستم ئەوەیە ئێوە ئێستا لەرووی یاساییەوە ئەنجومەنێکی ماوە بەسەرچوو نین، ئەو هەموو دواخستنەی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکاتە ئەنجومەنێکی ماوە بەسەرچوو؟

**قاسم عەزیز:** وەکو یاسا بەڵێ، ماوە بەسەرچووین، ئێمە بەیاسا ماوە بەسەرچووین، هەر بەیاساش کاردەکەین، بەلام ئەوە هۆکارەکەی پەرلەمانە بە ئێمەی وتووە کەکارناکەین تا هەڵبژاردن دەکرێت.

**دەستوور:** ئەگەر بێینە سەر ئیشو کارەکانی ناوخۆی پارێزگای هەولێر، دەکرێ بزانین بودجەی پارێزگای هەولێر چەندە؟

**قاسم عەزیز:** ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەر بودجە نییەو هیچی لێنازانین، چونکە ئێمە بەپێی ئەو یاسایە دەستشکاوینو بەپێی ئەو یاسایە دەستی ئێمەیان بەستووەتەوە.

**دەستوور:** ئێوە دەڵێن ئێمە نازانین بودجە چەندەو ناتوانین کار بکەین، کەواتە ئیشی ئێوە لەو چەند ساڵەی رابردوودا چیبووە؟

**قاسم عەزیز:** لەو چەند ساڵەی رابردوودا ئێمە دوازدە لیژنەمان هەبووە لەو دوازدە لیژنەیە سێ لیژنەمان کارابووە، ئەوانیش لیژنەی پرۆژەکانو شارەوانیو بەدواداچوون، نۆ لیژنەکەی تریش بەبێ ئیش دانیشتوون هیچ کاریان نەبووە.

**دەستوور:** بۆچی لەو دوازدە لیژنەیە تەنیا سێ لیژنە کارابووە؟

**قاسم عەزیز:** وەکو وتم یاسایەک نەبووە، ئێمە ئیشی پێبکەین، بۆ سێ لیژنەکەش ئێمە لەئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ پارێزگاری هەولێر کۆبوونەوەیەکمان کردو داوامانکرد، ئەوەبوو لەرێگەی ئەو سێ لیژنەیە توانیمان سەردانی پرۆژەکان بکەین، بەلام وەکو بودجەو چۆنیەتی خەرجکردنی نازانین چۆن خەرجدەکرێت.



»بەرپرسیارێتی ناکارابوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەگەڕێنمەوە بۆ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان بەیاسا دەستی شکاندین

دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێتە هۆی ئەوەی جێبەجێکردنی لامەرکەزی لەکوردستاندا پەکبخاتو تووشی شەلەلی بکات«

**دەستوور:** ئەو سێ لیژنەیە بەپێی پێویست توانیویانە بەدواداچوون بکەن ؟

**قاسم عەزیز:** ئەو سێ لیژنەیەش لەئاستی پێویست کارا نەبوون، چونکە دەبێ هەر پرۆژەیەک کەئەنجامدەدرێت لەسەرەتا بەئاگاداری ئەو لیژنانە بکرێت، بەلام جاری واش هەبووە لەسەردانەکانیان تێبینی خۆیان داوەتە جەنابی پارێزگارو بۆی هەیە هەندێکیان چارەسەریش کرابێت.

**دەستوور:** ئێوە باس لەوە دەکەن نازانن بودجە چەندە، نازانن چۆن خەرجدەکرێ، لەدوازدە لیژنە سێ لیژنە کارایە، سێ لیژنەکەش بەپێی پێویست نییە، کەواتە ئەوە مانای ئەوە نییە کۆی ئەنجومەنەکە هیچ ئیشێکتان نییە؟

**قاسم عەزیز:** بێگومان ئێمە ئێستا هیچ ئیشێکمان نییەو بێ ئیش دانیشتووین، ئەگەر کارا بوینایە دەمانتوانی لەسەر پرۆژەکانو بودجەو خەرجی بودجە ئاگاداربوینایە.

**دەستوور:** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەهەولێر کاراترە، تۆ دەڵێی چی؟

**قاسم عەزیز:** پێموایە ئەوان لەرابردوودا لەئێمە کاراتربوون، لیژنەکانیان لەساڵی ٢٠٠٦ و لە ٢٠٠٧ لەئێمە کاراتربوون، بەلام لەدوای گۆڕینی پارێزگار ئەوانیش وەکو ئێمە کارا نینو بێ ئیشن.

**دەستوور:** لەرووی پەیوەندیەوە ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ پارێزگار لەسەر چ بنەمایەکە؟

**قاسم عەزیز:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ جەنابی پارێزگار بەپێی یاسا هیچ پەیوەندیەکمان نییە، تەنها لەرووی پەیوەندی تاکەکەسیەوە پەیوەندیمان هەیە، هەر ئەوەش وایکردووە کەهەندێ کێشەی هاووڵاتیان بگەیەنینە پارێزگارو ئەویش بەدواداچوونی لەسەر کردووە، ئەویش لەئێمە زیاتر خۆشحاڵە کەئەنجومەنی پارێزگاکان کارابێ، بەلام ئێمە وەکو وتم یاسایەکمان نییە تا بتوانین کاربکەین.

**دەستوور:** ئێوە ئەو چەند ساڵە کارا نەبوون، چی بەو خەڵکە دەڵێن کەدەنگیان بەئێوە داوەو کەچی ئێوەش نەتانتوانیوە کار بکەن؟

**قاسم عەزیز:** من بەرپرسیاریەتییەکە هەمووی دەگەڕێنمەوە بۆ پەرلەمان، چونکە پەرلەمان ئێمەی دەست شکاو کرد بەو یاسایەی کەباسمکرد، کەدەڵێ یاساکە بۆ ئەنجومەنی داهاتووە، بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکانیش هەر پەرلەمان لێی بەرپرسیارە.

# پەکەکە هەڕەشەی شەڕی یەکلاییکەرەوە دەکات

## ئەحمەد دەنیز: لەسەر داوای هەموو لایەک شەڕمان راگرت، بەلام تورکیا هێرشیکرد، کەس ئیدانەی نەکرد



فەرمان چۆمانی

سەرکردەیەکی پەکەکە رایدەگەیەنێت هۆشیاری نەتەوەیی زیاتر پەرەیسەندووەو خەڵکی ناڕازی بەرانبەر بەسیستمی تورکیا زۆر زیادیکردووە، بۆیە ئەگەر تورکیا خۆی نەگۆڕێت، ئەوا تورکیا بەیەکجاری هەڵدەوەشێننەوە.

هەرچەندە پەکەکە جارێکی تر بڕیاریدا ماوەی ئاگربەستی یەکلایەنە درێژبکاتەوە، بەلام دەڵێت ناکرێت ئێمە چەک رابگرینو ئاشتی بکەینو ئەوانیش دوژمنایەتی بکەن، چارەسەر وانابێت. ئاماژە بەوەشدەدەن کەئەگەر دەوڵەتی تورکیا هەنگاوبنێ مافی بەرگری بەهێزدەکەن.

ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆماجڤاکێن کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند بەهۆی ئەوەی ناڕازیی زۆر لەبەرانبەر سیستمی تورکیا هەیە، بۆیە تورکیا پێویستو ناچارە گۆڕان بکات.

ئەو وتی "کاتێک تەرمی گەریلایەک دەنێژرێت بەسەدان هەزار کەس دێنە سەر شەقامو کەس لەماڵەوە نامێنێ، هوشیاری نەتەوەیی دروستبووە، بۆیە کەتورکیا خۆی نەگۆڕێت، دەبێت هەڵیبوەشێنینەوە".

لەبارەی بەردەوامیدانی پەکەکە بەئاگربەستەوە، دەنیز دەڵێت لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدیالۆک، ئەوە حەوت جارە بڕیاری شەڕو چالاکی وەستاندامانداوە، ئەو بڕیارەی دواجاریش لەپێناوی وەستانی چالاکی دوو لایەنەو بەڕێوەچوونی ریفراندۆمو لەسەر داوای چەندان لایەن، هەنگاویان هاویشت.

ئەو وتی "لەوەستانی ئاگربەستدا چەند مەرجێکمان هەبوو، بۆ ئەوەی ئەو ئاگربەستە بەردەوامبێت، بەلام پێش هەموو شت دەبوایە ئۆپەراسیۆنی سیاسیو لەشکری بوەستێنێو بەندکراوان ئازادبکرێن، بەلام تائێستا ئۆپەراسیۆنی لەشکریو سیاسی نەوەستاوەو دەوڵەت متمانەی نەماوە".

هەروەها وتی "ناکرێت ئەوان دوژمنایەتیمان لەگەڵدا بکەنو ئێمەش ئاشتی، بۆیە دەبێت دەوڵەتی تورکیا بەڵێنەکانی بباتەسەر".

دەنیز رەخنەی لەرای گشتی هەیە، لەبارەی ئەوەی ئەوان بەهۆی داواکاری رای گشتیو لایەنەکان بڕیاری ئاگربەستیان داوە، بەلام تورکیا لەو ماوەیەدا چەند گەریلایەکی کوشتووەو هێرشیکردووە، لەبەرانبەردا هیچ کەسو لایەنێک ئەو پەلامارانەی تورکیای شەرمەزار نەکردووە. ئەو وتی "دەبێت خەڵک بپرسێت پەکەکە وەستا بۆ تورکیا نەوەستا".

دوای ئەوەی پێشتر موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان رایگەیاندبوو ئەوان دەیانەوێت هەرێمێکی وەکو کەتەلۆنیایان هەبێت، ئەحمەد دەنیزیش وتی "ئێمە ئاشقی چەک نین تا دوا هەناسە چەک هەڵبگرین، بەڵکو بۆ دۆزێک چەکمان هەڵگرتووە ئەگەر هەرێمێکی وەک کەتەلۆنیا دروستبکرێت بۆ کوردان، کێشەی چەک موناقەشە دەکەین، ئەویش داننانە بەناسنامەو مافی کورددا".

www.netewe.com

# "ژ هەمییا پتر پەکەکە وکەجەکە ل بانگەوازییا کەنەکێدا هاتینە"

## دکتور کامیران بەرواری ئەندام پەرلەمانێ (کەنەکێ) بو دەستوور:

**سازدانی: شێروان شێروانی**

**لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، دوای گەڕانەوە لەدانیشتنی گشتی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لەبرۆکسل، دکتور کامیران بەرواری ئەندام پەرلەمان لەکونگرەی نەتەوەی کوردو مامۆستای ئەدەبیات لەزانکۆی دهوک باسی سەردانەکەی دەکات.**

**لەم گفتوگۆیەدا ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەرانبەر بەم رێکخراوە نەتەوەییە، دەڵێت وەکو پێویست لەباشووری کوردستان پێشوازی لەکۆنگرەی نەتەوەی کورد نەکراوە، بەتایبەت لەلایەن پارتییەوە، هەروەها رەخنەش لەئەکادیمیای کوردی دەگرێت بەرانبەر ئەو دژایەتیەی دژ بەدیالێکتی کرمانجی دەکەن و هەوڵەکانیان بەئەنفالکردنی کرمانجی ناوزەددەکات.**

**دەستوور:** بەری چەند رۆژەکا تو ژ سەفەرا خۆ بو حەفت وڵاتان ڤەگریایەڤە. مەرەم بڤێ سەرەدانێ چ بوو؟

**د. کامیران:** چوونا من بو ئەوروپا، بو جڤینا کونگرا نەتەوا کورد بوو، کو ل بروکسلا پایتەختا بەلجیکا هاتبوو بەستان، وەکی ئەم دزانین کونگرا نەتەوا کورد ل جیاتی پەرلەمانێ کوردستانا مەزن ل دەرڤە یا دروست بووی ل سالا ١٩٩٩ وەرە، ئەڤ کونگرە سازییەکا کوردستانی یە نەک ئایدولوجی وحزبی یە و سەر ب هیچ لایەنەکێ دیاریکری نییە، هەمی هێز و لایەنێت سیاسی، هەمی ئول و نەتەوێن کوردستانی دکارن دڤێ کونگرێدا ببنە ئەندام، ئەڤ سازییە دامەزراوەکا سیاسی، دیموکراسی، نیشتیمانی، نەتەوەییە. هەر ساڵ جارەک جڤینا گشتی سازدکەت و هەر دوو سالیش جارەکێ کونگرێ دبەستیت کو تێدا سەروکێ کونگرێ تێتە گوران.

ئەم بو جڤینا گشتی چوبووین و مە بگرانی رەوشا کوردستانێ ل سالێت بوری هەلسەنگاند و شروڤەکر، هەم دیسان بەرنامێ سالا داهاتی یێ کونگرێ مە دانا ل سەر ئاستێ کوردستانێ و جیهانێ دەربارەی هەولێن ئایندە بو رەوشا کوردستانا مەزن.

**دەستوور:** دگەل خورتبوونا کونگرا نەتەوەییا کورد و دروست بوونا تێکەلیەکا کلتوری وهەڤلیبوونا نەتەوەیی دناڤ ئەندامێن کونگرێدا تو نابینی ڤالاتیەک هەیە ژئالیی شور بینا ڤان تێگەهین هوین بو تێدکوشن ب ئالیەکێ ستونی بو ناڤ تەڤایا خەلکی یان کو (ڤالاتیەکا راگەهاندنێ) هەست پێ ناکەی؟

**د. کامیران:** وەسایە ، بونمونە دەما کونگرەک یان کونفرانسەک چێببیت پێویستە ل سەر دام ودەزگەهێن میدیایی ب گشتی ئامادەبن و رویدانا ڤەگوهازن لێ مخابن زوربەی راگەهاندنا کورد نەخاسمە ل کوردستانا باشور راگەهاندنەکا کەسی وحزبی و کونترولکرییە، ژبەر هندێ ژی هەر تشتەکی ب ئەمانەت ڤەناگوهێزن یان هەر ڤەناگوهێزن و ئەگەر ڤەگوهێزن ژی بتنێ ئەو تشتێ وان دڤێتن پەخش دکەن لێ چوونامە وجڤینا کونگرا نەتەوا کورد دەنگ ڤەدانەکا مەزن ل سەر ئاستێ راگەهاندنا کودی ل ئەوروپا هەبوو بونمونە من ل وێ رێ پێنچ چاڤ پێکەفتنێن تێلەفزیونی دگەل من هاتنەکرن وئەڤێ دەنگ ڤەدانا خۆ هەیە وهەروەسا د روژنامێن ئەوروپی ژی دا ئەڤ تشتە تێتە وەشاندن.

**دەستوور:** ئەرکێ سەروکاتیا هەرێمێ چی یە بەرامبەر کونگرا نەتەوەییا کورد؟

**د.کامیران:** د کونگرا نەتەوەییا کوردستانێدا مە بزاڤ کرییە کو دخزمەتا هەر چار پارچێن کوردستانێدا بزاڤا رزگاریخازیێ وەک هەڤ بکەین ژبەر ڤێ چەندێ ژی دەما پەرلەمانێ کوردستانێ ل دەرڤە دروست بووی ل سالا ١٩٩٥، بزاڤێت مەزن هاتنەکرنێ د وارێ پێکئینانا کوردا دا چونکو کونگرا نەتەوا کورد شەش سازییێت خۆ هەنە، ئێک ژوانا کومسیونا کارێت نەتەوەییە، ئەرکێ وێ یێ سەرەکی ئەوە دناڤ بەینا کەس وهێز ولایەنێن کوردستانیدا هاتن وچوونێ بکەت ونێزیکی ئێک بکەت ب تایبەتی دنەهێلانا شەرێ براکوژیدا وان رولەکێ سەرەکی هەبوو، نوکە ژی ئەم د کونگرا نەتەوا کورددا رولەکێ سەرەکی دبینین دئاشتییا ناڤخوییدا یا کوردسانێدا ژبەر هندێ هەر ل دەسپێکێ کەنەکێ دەستی خو بو پارت ولایەنێن سیاسی درێژ کرییە ژ هەمییا پتر پەکەکە وکەجەکە و ل بانگەوازییا کەنەکێدا هاتینە و هاریکاری ژێ کرییە، ودیسا هەر بەردەوام سەرەدان بو سەروکاتییا هەرێما کوردستانێ هاتینە کرنێ وپەیرەو پروگرام هاتینە داناندنێ و ئەو پرو ژێن کەنەکێ هەی ب تایبەتی پروژێ ستراتیجی یێ کەنەکێ هەی کو گرێدانا کونفرانسەکا نەتەوەییا کوردییە ب دەست ژی گەهاندییە مەسعود بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و ئەم وێ باوەرێ نە کو زێدەتر پشتەڤانی ژ ئالیێ حکومەتا هەرێمی بهێتە کرن، هەرچەندە مە بارەگایێ خۆ ب شێوەیەکێ فەرمی



> وەکو پێویست ل باشوور پێشوازی ل کەنەکێ نەهاتییە کرنێ تایبەتی ژ ئالیێ پارتی ڤە،

> تشتێ خرێ پتر جهێ ئێشانیێ یە هندەک ژ برادەرێن مە یێت کرمانجییا ناوەراست (سورانی) ل سەر ئاستی سیاسی ورەوشەنبیری وئەکادیمی ژبو مرنێ دژایەتییا کرمانجیێ دکەن

ل هەولێرێ هەیە بەس وەکو پێویست ل باشور پێشوازی ل کەنەکێ نەهاتییە کرنێ تایبەتی ژ ئالیێ پارتی ڤە، ئەگەر پارتی هاریکار بی کونگرا نەتەوا کورد دی کاریت پێنگاڤێت گەلەکێت مەزن ل باشور بهاڤێژیت بو سەقامگیرکرنا رەوشا کوردستانێ.

دەستوور: دەمێ مروڤ ژ چالاکیێن تە دنێریت تو مینا کەسەکی تێیە بەرچاڤ کو پێکولێ بکەت دیالێکتا کرمانجی ئەنفال نەبیت، راستە هەمی هەولێن تە بو ڤێ ئێکێ نە وئەرێ ئەنفالەک هەیە دژی کرمانجیێ؟

د.کامیران: دڤێت ئەم دگەل خۆ دراست گە بین کرمانجی ب گشتی ل دەست پێکێ هەتا نوکە زمانێ کوردی ئەو پشکا دبێژنێ کرمانجی کو زمانێ کوردی ل سێ دیالێکتێت سەرەکی پێک دهێت (کرمانج، لور، گوران) ڤێ داوییێ کو سەد سالێن دوماهیێ سورانی ژی پەیدابووە کرمانجی ژ هەمی دیالێکتێت کوردی پتر یا توشی هەوەکا ڤەبراندن وجینوساید یانکو ئەسمینالیسمەکێ بووی ، دەولەتا عوسمانی ب هەمی شیانێن خۆدا دژی کرمانجیی دراوەستا وهەتا ڤێ گاڤێ دەولەتا تورکیا کو پشتی سالا ١٩٢٣دروست بووی ب هەمی شیانێنت خۆ ڤە دژی کرمانجیێ راوەستا، بریتانیا ل دەست پێکا سەدێ بیستێ ب هەمی دام ودەزگەهێت خۆ ڤە دژی کرمانجیێ راوەستا، وحکومەتێن عیراق وئیران وسورییا ژی ب هەمی شیانێن خۆ ڤە دژی کرمانجیێ راوەستان چونکی کرمانجی ستوینا هەرا مەزن ویاگرنگ ویا ئێکێ یە ل سەر وەختێ سومەرییا وهەتا نوکە کورد هێلاینە پاراستی و کرمانجی زیندی ترین زمانێ سەر روویێ ئەردی یە کو هیچ زمانەک نییە رەگ وریشێت وی بنڤیسی ڤەبگەرێنەڤە بو پێنچ هزار سالا کو زمانی کرمانجی دزڤریتەڤە بو داستانا گلگامش بەرێ پێنچ هزار سالا هەتا نوکە یا ساخە ودڤێ گاڤێدا مخابن پشتی سالا ١٩٢١هێرڤە دەولەتا عێراقێ ژی چێبووی دژایەتییەکا راستەوخۆ یا بەرنامجە کری دژی کرمانجی یا تێتە کرنێ ل سوریێ هەتا ڤێ گاڤێ کرمانجی قەدەغەیە هەروەسا ل عیراقێ وتورکییا وئیرانێ قەدەغەیە.

تشتێ خرێ پتر جهێ ئێشانیێ یە هندەک ژ برادەرێن مە یێت کرمانجییا ناوەراست (سورانی) ل سەر ئاستی سیاسی ورەوشەنبیری وئەکادیمی ژبو مرنێ دژایەتییا کرمانجیی دکەن ، وئەڤ دژایەتیە ل سالێت ١٩٣٠ وەرە یا دیارە بو کو سالا ١٩٣٢ بریار ئەو بوو زمان بکرمانجی بیت ئەوان نەهێلا ١٩٥٩ ل کونگرا شەقلاوە ئەوان نەهێلا، سالا ١٩٦٠ نەهێلا ماموستا سادق بهادین وجگەرخوین رولێ خۆ ببینن، پشتی دکتورا ڤە بوو ل سالا ١٩٩٧ ل زانکوییا سەلاحەدین نەهێلا ئێکێ کرمانجی بچیتە ماستێری ودکتورایێ نە ب مێژوویێ نەب ئەدەبیات وزمانان ونها ژی پشتی ١٩٧٥ کو شورشا کوردی شکەستی ئەوان بزاڤەما مەزن کر کو کرمانجی ل راگەهاندنا عێراقێ نەهێتە خارێ، هەرچەندە بەیانا یازدەی ئاداری دبێژیت؛ هەردوو دیالێکتێت هەین، ئەم ب مخابن دبێژین نها ژی ژ ئالیێ هندەک کەسان هەولەکا مەزن دهیتە دان کو کومەکا سیاسەتمەدار ورەوشەنبیرن ئەز ڤان ب مروڤێت ناوچە پەرست ودەمارگیر دبینم و ئەز نابینم ئەو خزمەتا نشتمان وکوردایەتێ بکەن وهیجەتا وان یا سەرکی ژی ئەوە دبێژن ئەڤە سەد سالە کرمانج (مالا بارزان) سەرکێشییا بزاڤا کوردی دکەن، بلا زمان ژی یێ مەبیت، ئەڤەژی دگەل مەنتق ورەشا کوردستانێ ناگونجیت مە بڤێت نەڤێت ٧٥٪ کورد ب کرمانجی دئاخڤن باقی ٢٥٪ ب چار دیالێکتێت دیتر دئاخڤن زازایی سورانی وگورانی، ژبەر هندی ژی ئەگەر ئەم رێژا سورانی بینینە دەر کێمترە ژ شەش ل سەدێ ژبەر هندێ ژی ئەگەر تەبڤێت دیالێکتا تە ببیتە سەرەکی یان دڤێت رێژا تەپتر بیت یان دڤێت دیالێکتا تە ژوان کەڤنتر بیت یان دڤێت ئێکەمین تشت ب دیالێکتا تە دەرکەتبن لێ ئەڤە هەمی ب کرمانجی یە ئێکەمین گوڤارو روژنامە وکتێب رێزمان فەرهەنگ هەمی ب کرمانجی دەرکەتینە.

**دەستوور:** ئەکادیمیا کوردی چ رول دڤێ گەنگەشا زمانیدا هەیە؟

**د. کامیران:** ئەڤ تشتێ ئەڤروکە تێتە کرنێ ب تایبەتی ل ئەکادیمیا کوردیدا ب راستی جهێ مخابن یێ یە کو ئەکادیمیا کوردی ب دژواری دژی کرمانجێ راوەستایە و پێنگاڤا دهاڤێژیت بو نەهێلانا کرمانجی هەم ل سەر ئاستێ کوردستانا باشور هەم ژی ل سەر ئاستێ کوردستانا مەزن. ئەز دبێژم ئەکادیمییا کودری ونوینەراتیا مللەتێ کورد ناکەت. ژبەرکو نە نوینەراتیا کوردستانا باشور دکەت چونکو چ نوینەرێت لوری وگوران وزازا تێدانینە و نەنوینەراتیا کوردستانا مەزن دکەت چونکو نوینەرێن چ دیالێکتا تێدا نینە.

ژ پازدە ئەندامێت ئەکادیمیێ هەشت ژ وان کەسێت سلێمانیی نە ودوو هەولێری وخوزی ئەو ژی خەلکێ سلێمانیێ بان داکو پتر خزمەتا سلێمانیێ کربا ژبەر هندی ژی پیکهاتەکا بناڤێ ئەکادیمیا کوردی هەمی ژ باژێرەکێ بن روژەکێ نەکاریت بریارەکا چارەنڤیس ل سەر کوردا بدەت وهەر بریارەکێ بدەن ئەم وەکی کرمانج پێگیریێ پێناکەین رەد دکەین

دەستوور: تو نابینی دیالێکتا کرمانجی دقەیرانەکێدایە ددەمەکیدا دیالیکتا سورانی ئێک زمانێ نڤیسینێ هەیە وکرمانجی یا پەرتەوازەیە؟

د.کامیران: نە بپێچەوانەڤە، ئەو یێت خۆ ب کرمانج دزانن سەدا سەد هەمی تێکدگەهن، هیچ جیاوازییەکا سەرەکی دناڤ گوڤەرا کرمانجیدا نینە ژبەر چ ژی نینە چونکو کرمانجی وەکی زمان یەک بنگەه هەیە هەر ژ وەختێ سومەرییا هەتا نوکە .

یا دوویی ئەدەبیاتێت کوردی هەمی ب دیالێکتا هەکاری هاتینە نڤیسین کو دیالێکتا هەکارییا بناغەیە بەری هزارو سی سەد سالا دەست پێکرییە ودیالێکتا بادینان ویا شەمدینان ویا بوتان وهەمی ل دور هەکاری زڤرینە، گرنگ ئەدەبیات ورێزمان وفەرهەنگا مە ئێکە و ژ هەمی دنیایێ دەڤوکا باژێرەکێ وگوندەکی ژ یا دیتر جودایە وئەڤەژی کارتێکرنێ ژئێک ودوو ناکەت ژبەرهندێ ژی کرمانجیی چ خەتەر ل سەر نینە دپاشەروژێدا.

# پارێزگاری کەرکوک: هێڵی سووریش سوودی نەبوو

## وەزیری کارەبا هاتە کەرکوک کارەبا زیادیکرد، کەگەڕایەوە کەمی کردەوە

**ئازاد زەنگەنە لەکەرکوک**

عەبدلڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک ئاماژە بەوە دەکات کەئەوان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە هێڵی سووریان بۆ وەزیری کارەبای حکومەتی عێراق داناوە لەبارەی بڕە کارەبای پێویستی شارەکەوە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کەهێڵی سووریش سوودی نەبووە.

پارێزگاری کەرکوک دەڵێت لەگەرمەی بێ کارەبایی شاری کەرکوکو ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری کارەبا لەبارەی کەمی کارەبای شارەکەوە سەردانی شارەکەی کردووەو وتی "لەو کاتەی ئەو سەردانی شارەکەی کردووە، چەند بەڵێنێکی پێداون بۆ باشترکردنی کارەباو لەو کاتەدا کارەبا زیادیکردووە، بەڵام هەر کەگەڕاوەتەوە کارەبا کەمی کردووە".

عەبدلڕەحمان مستەفا لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا لەبارەی کێشەی کارەبای شارەکەوە، بەدەستووری وت "بێ کارەبایی لەژیانی هاوڵاتیاندا رەنگیدایەوە، ئێمە وەک ئیدارەی کەرکوک داوامان لەوەزارەتی کارەبای عێراقی کرد سنوورێک بۆ ئەم بابەتە دابنێت، لەدەرئەنجامی ئەوەش وەزیری کارەبای عێراقی لەکۆتایی مانگی رابردوودا سەردانی شاری کەرکوکی کرد، هەرچەندە بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەی پێداین، بەڵام ئێستا دیسانەوە بەشە کارەبای کەرکوک لەلایەن کۆنترۆڵی بەغدادەوە کەمکراوەتەوە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەئەوان چەند هەوڵێکیان داوە بۆ باشترکردنی کارەبای شارەکەو وتی "ئێمە هەستاین بەکاراکردنی ژووری عەمەلیاتی کارەبای کەرکوکو راستەوخۆش پەیوەندیمان بەوەزیری کارەبای عێراقەوە کرد، ئەوانیش بڕیاریاندا لەئێستادا ٢٦٥ مێگاوات کارەبا بۆ کەرکوک جێگیربکرێتو لەئایندەیەکی نزیکیشدا بەشە کارەبای کەرکوک لە ٣٠٠ مێگاوات جێگیربکرێت".

سەبارەت بەهۆکارەکانی کەمیی کارەبای کەرکوکو ئەگەری هەبوونی دەستی سیاسیی لەپشت ئەو کارەوە، پارێزگاری کەرکوک وتی "ئێمە پێمانوانییە ئەم پرسە پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەبێت، یان دەستی سیاسی لەپشتەوە بێت، چونکە کێشەی کارەبا کێشەیەکی کەرکوکییەکان نییە بەتەنیا، بەڵکو کێشەی هەموو شارەکانی عێراقە بەدەر لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە لای ئێمە نادادپەروەری کۆنترۆڵی گشتیو وەزارەتی کارەبای عێراق لەساڵانی رابردوودا، کار گەیشتبووە ئەوەی لە٢٤ کاتژمێردا شاری کەرکوک تەنها ٤-٦ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەبوو، لەکاتێکدا سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکەرکوک لەکاری بەردەوامدابوو".

عەبدلڕەحمان مستەفا باسیلەوەکرد کەئەوان دوای هەستکردن بەو نادادپەروەرییە، ئەمساڵ بۆ رێکەگردن لەو سستمەی ساڵانی پێشتر بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بەناوی هەموو پێکهاتەکانی ئەنجومەنەوە هێڵی سووریان بۆ وەزارەتی کارەبا داناو وتی "ئێستاش لەهەوڵی بەردەوامداین تابتوانین بەهاوکاری وەزارەتی کارەبای ناوەندی پرسی کارەبای شارەکە هاوتا بکەین لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراقدا".

لەبارەی ئەو فیڵانەی لەپارێزگای کەرکوک دەکرێت لەبەشە کارەبادا، عەبدولڕەحمان مستەفا وتی "کۆنترۆڵی کارەبای بەغداد نادادپەروەر بووە لەماوەکانی رابردوودا لەهەمبەر بەشە کارەبای کەرکوک".

ئاماژەی بەوەشدا کەهۆکارێکی تر پەیوەندی بەو قەیرانی کارەبایەوە هەبووە کەعێراق تێیکەوتووە.

هەروەها وتی "بەڵام ئێستا بڕیاردراوە نابێت بەهیچ شێوەیەک بەشەکارەبای کەرکوک لە ٢٣٠ مێگاوات کەمتربکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر قەیرانو گرفتی کارەبا هەبوو لەعێراقدا، ئەگەریش کارەبای عێراق لەکاری ئاسایی خۆیدابوو، پێویستە بەشەکارەبای کەرکوک لە ٣٠٠مێگاوات جێگیربکرێت".

# سامان هیدایەت: پەیکەرێکم بۆ زەکەریا دروستکردووە





سازدانی: ڕەوەند جەواد

سامان هیدایەت دەرچووی بەشی شێوەکاریی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرەو ئێستا قوتابی قۆناغی یەکەمە لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانو بەرپرسی بەشی پەیکەرسازییە لەسەنتەری ئالا لەهەولێر، لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا دەڵێت هونەر بووەتە بازرگانی بەدەست کۆمەڵێک کەسی نابەرپرسو ناهونەرمەندەوە، ئاماژە بەوەشدەدات کەپەیکەرێکی بۆ زەکەریا دروستکردووە.

**دەستوور:** دەکرێت باسێکی سەرەتای کارەکانی خۆت بکەیتو هۆکاری هەڵبژاردنی پەیکەرسازی چیبوو؟

**سامان هیدایەت:** کاتێک چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، وێنەکێشان خولیای لەپێشینەی من بوو، بەڵام کەچوومە ناو پەیمانگاوە، بڕیارمدا بچمە بەشی پەیکەرسازیو چوومە ئەو بەشەو تەواومکرد. خۆشەویستیم بۆ پەیکەرسازی بەهەوڵو هاندانی مامۆستای پەیکەرسازی کۆچکردوو سەربەست عومەر بوو، هەروەها پەیکەرسازی مێژوویەکی دێرینی هەیەو بوارێکی جیهانییە، بەهیوام گرنگی بەهونەری پەیکەرسازی بدرێت.

**دەستوور:** لەکوردستان گرنگی بەپەیکەرسازی نادرێت؟

**سامان هیدایەت:** هونەر بووەتە بازرگانی بەدەست کۆمەڵێک کەسی نابەرپرسو ناهونەرمەندەوە، لەپێناو پڕکردنی گیرفانەکانیان پەیکەرسازیان کردووەتە کەرەستەیەکی باش بۆ بەدەستهێنانی مادە. ئەگەر هونەر لەپێناو هونەر نەبوو، پیرۆزییەکەی لەدەستدەدات.

**دەستوور:** پەیکەرسازی داهاتی مادی بۆ تۆ هەیە؟

**سامان هیدایەت:** ئەو پارەیەی بۆ کارەکانم وەریدەگرم، زۆر کەمە. مافی خۆمە پارە وەربگرم، چونکە بۆ بەردەوامیی ژیانم پێویستم بەمادە هەیە، هەروەها زۆر ماندوودەبم تا پەیکەرێک دروستدەکەم.

**دەستوور:** لەکەیەوە ریشو قژت نەتاشیوەو بۆچی؟

**سامان هیدایەت:** لە٢٠٠٦/٨/٢وە تائێستا، قژو ریشم نەتاشیوە، ئەگەر ریشو قژم بتاشم، ئەوە چوار ساڵی تری دەوێت تا هاوڕێو دۆستانم دەمناسنەوە. زۆرجاریش تانەو تەشەرو توانجی خەڵک بێزارمدەکەنو وام لێدەکەن بڕیاربدەم ریشو قژم بتاشم.

**دەستوور:** لەهێشتنەوەی قژو ریشدا لاسایی گیڤارا دەکەیتەوە؟

**سامان هیدایەت:** سەرەتا لاسایی گیڤارام دەکردەوە، بەڵام ئێستا لەلاساییکردنەوەی ئەو شۆڕشگێڕە دەرچووومو شێوازێکی تایبەت بەخۆم هەیە.

**دەستوور:** دەڵێن پەیکەرێکت بۆ زەکەریا دروستکردووە؟

**سامان هیدایەت:** زەکەریام خۆشدەوێتو خزمەتێکی باشی بەمیوزیکو گۆرانیی کوردی کردووە، ئەو پەیکەرەشم بەبێ بەرانبەر بۆ ئەو مەبەستە دروستکردووە.

**دەستوور:** لەشارەکانی کوردستاندا بایەخ بەدانانی پەیکەر نادرێت، هۆکارەکەی چییە؟

**سامان هیدایەت:** لەکوردستان سیستمێکی گونجاو نییە بۆ دانانی پەیکەر، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت.

**دەستوور:** لەعەشقدا شکستتهێنا؟

**سامان هیدایەت:** من لەعەشقدا شکستم نەهێنا. ئەو کەسە شکستیهێنا، کەنەیزانی ڕێزی عەشق بگرێت، من هەموو کاتێک عەشق بەجوانترینو پیرۆزترین وشە دەزانم.

**دەستوور:** کاری نوێت چییە؟

**سامان هیدایەت:** سەرقاڵی ئامادەکردنی دیزاینی پرۆژەیەکم کە ٣٢٠ دەموچاوی منداڵەو دەمانەوێت بیکەینە هێمایەک بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان.

# شاعیران دەڵێن دەبێت شیعری گۆرانی سادەو قووڵ بێت

موحسین یاسین

هەرچەندە هەندێک کەس دەڵێن نووسینی شیعری گۆرانی ئاسانە، بەڵام شاعیران نکوڵی دەکەنو پێیانوایە شیعری گۆرانی ئیلتیزامو ڕێسای خۆی هەیە، کۆمەڵێک مەرج دیاریدەکەن بۆ نووسینی شیعرێکی سەرکەوتوو.

ئیسماعیل محەمەد کە تائێستا دەیان شیعری لەلایەن گۆرانیبێژانەوە کراون بەگۆرانی پێیوایە شیعری گۆرانی دەبێت سادە بێت.

ئیسماعیل محەمەد لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "دەبێت شیعری گۆرانی یەکێتیی بابەتو سادەیی تێدا بێتو ڕەوان بێت".

ئەو وتیشی شیعری گۆرانی دەبێت بەزمانی هەموو خەڵک نووسرابێتو مۆسیقای تیابێتو ئاوازی لەخۆیدا هەڵگرتبێت.

هەروەها محەمەد پاکژ یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی کەبەشێکی زۆر لەشیعرەکانی کراونەتە گۆرانی، پاکژ پێیوایە شیعری گۆرانیو شیعری ناگۆرانی هەمووی هەر شیعرەو هەمووشی هەر هەستو خەونو خەیاڵی مرۆڤەکانە.







محەمەد پاکژ دەڵێت پێویستە شیعری گۆرانی هێندە سادەبێت لەدەربڕیندا، گوێگر لێی تێبگات، بەڵام ناشبێت هێندە سادەبێت، هیچ قووڵاییەکی شیعری تێدا نەبێت.

محەمەد پاکژ پێشیوایە شیعری گۆرانی زیاتر لەهەر جۆرە شیعرێکی تر پەیوەندی بەژیانەوە هەیە، چونکە ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکیدا دووبارەدەبێتەوەو کاریگەریی لەسەر ژیانیان دادەنێت.

هەروەها وتی مەرج نییە شیعرەکان کێشو قافیەیان هەبێت، بەڵکو ئەگەر شیعرێک خاوەنی مۆسیقای ناوەکیی خۆی بێت، ئەوا مەرج نییە کێشو قافیەی هەبێت.

بەڵام نەورۆز عەباسی شاعیر ڕەتیکردەوە ئاواز تەنیا لەشیعری خاوەن وەزنو قافیەدا بێت.

نەورۆز عەباس وتی لەناو هەموو شیعرێکدا ئاوازێک هەیە، ئاوازدانەری بەسەلیقە دەتوانێت بیدۆزێتەوەو بیکات بەگۆرانی.

ئەوەشی وت هێندەی گرنگیدەدەم بەوێنەی شیعری بۆ گوزارشت لەوەی لەناخمدایە، خۆم نابەستمەوە بەوەی کەکۆپلەکان چەند بڕگەن.

ساڵح بێچار شاعیرێکی ترە کەچەندان شیعری کراونەتە گۆرانی، پێیوایە شیعر هەر شیعرە، لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت.

بێچار وتیشی ئەوەی شیعری گۆرانی لەشیعری تر جیادەکاتەوە، دەربڕینی هەستو وشەی هەستبزوێنەو هەموو شیعرێکیش دەشێت بکرێتە گۆرانی، بەڵام دەوەستێتە سەر تێڕوانینو توانای سەلیقەی ئاوازدانەر.

ئەو شاعیرە دەڵێت پۆلێنکردنی شیعری گۆرانی کارێکی قورسە. هاوکات حەسەن هەڵەبجەیش ڕەخنەی لەو شیعرانە گرت کەئێستا دەنووسرێن.

حەسەن هەڵەبجەیی وتی ئەوەی ئێستا دەنووسرێت شتێکە لەسەرو شیعرەوە، ناتوانم بڵێم شیعرە.

هەڵەبجەیی وتی شیعری گۆرانی وتەو ماناو کێشو سەروای بەسەردا دەچەسپێتو هەموو کەسێک ناتوانێت بینووسێت.

## لۆرییەک لەقەڵای هەولێر دەتەقێتەوە

موحسین یاسین

ڕۆژی ٢٨و ٢٩ی ئەم مانگە لەقەڵای هەولێر شانۆگەریی ئێوارە لۆرییەک دەتەقێتەوە نمایشدەکرێت.

ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کەرکوکەو دارشتنەوەی نیهاد جامییە.

تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کەرکوک پێشتر لەکەرکوکو کۆیەو هەڵەبجەو ڕانیە کاریان پێشکەشکردووە.

هەروەها ئەو تیپە بەنیازن ئەزموونی تونێل لەناو تونێلی دەربەندیخان پێشکەشبکەن.


## پایزە دیدەنی لەسلێمانی نمایشدەکرێت

موحسین یاسین

لەچوارچێوەی وەرزی شانۆیی گەنجان، کەبەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆی سلێمانی ئەنجامیدەدات، وا بڕیارە لەڕۆژانی ٢٤و ٢٥ی ئەم مانگە شانۆگەریی پایزە دیدەنی لەهۆڵی تەوار لەشاری سلێمانی نمایشبکرێت.


پایزە دیدەنی لەنووسینی دلاوەر قەرەداغیو نواندنیو پەرژین عەبدوڕەحمانو بیرۆکەو دەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیرە.

بەسەرهاتی شانۆگەرییەکە باسی پەراگەندەبوونو تەنیاییو پەشێویی سەردەمی ئێستا دەکاتو خەونێکە بۆ ڕزگاربوون لەو شۆکەی تووشیبووین لەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر نیشتماندا هاتوون.




**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

تا دوا ئاست باوەڕت بەخۆت هەیە، ئەوەشی کەڕۆڵی سەرەکی لەمەدا دەبینێ ئەو خۆشەویستییەیە کەبۆتی دەردەبڕن.
دڵنیاتر دەردەکەویتو کێشە بچوکەکانی کارەکەت چارەسەردەبن. ئاگاداری باری داراییت بەو پارەی زۆر خەرج مەکە.




**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

پێویستت بەدوورکەتنەوە لەهەندێک سەرقاڵیو کاری زۆر هەیە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش لەگەڵ چەند کەسێکی نوێدا تێکەڵدەبیت. سەردانی شوێنێکی گەشتیاری بکەو کەمێک پشوو بەجەستەو مێشکت بدە تا لەفشارەکان ڕزگارتبێت.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

ڕەوتی هەسارەکان بەوە ئامۆژگاریت دەکەن ئەم هەفتەیە هیچ بڕیارێک نەدەیت کەکاریگەری درێژخایەنی لەسەرت هەبێت، کارە گرنگەکانت بۆ هەفتەی داهاتووتر دوابخە. لەئایندەیەکی کەمێک دووردا تێڕوانینت بۆ ژیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.




**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

هەندێ کار دەکەیت کەسەرنجی دەوروبەرەکەت بەباش یان بەخراپ ڕادەکێشیت.بۆیە وا بیردەکەنەوە کەهۆکارێکی هەبێت. بەڵام تۆ نکوڵی لێدەکەیت. دەرنجام بۆچوونی ئەوان دروست دەردەچێت، تۆ کێشەیەکی سۆزداریت هەیە.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوڕێکانت زۆر تونددەبنەوە بەجۆرێک وا هەستدەکەیت لەنێو خێزانەکەی خۆتدایت. هەندێک کەسی نوێ دەناسیت کەزۆر بەنرخ دەبن بۆت لەداهاتوویەکی نزیکدا. ئەم هەفتەیە بەکامەرانی بەسەردەبەیت.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەستو هۆشت لەبیرکردنەوە لەژیانی ڕۆژانەوە دەچێتە سەر داهاتووی ژیانت. بیر لەو گۆڕانکارییانە دەکەیتەوە کەلەوانەیە بەم زووانە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی ئایندەت هەبێت. ڕۆژی یەکشەممە کەسێکی خۆشەویستت دەبینی.

# شوهرە: فیلمێک لەبارەی ژنانی کوردستانو ئەفغانستانو ئێرانەوە بەرهەمدەهێنم



سازدانی: ڕەوەند جەواد

شوهرەی کچە سینەماکاری بەرەگەز فارس لەم چاوپێکەوتنەی دەستووردا دەڵێت لەڕێگەی فیلمەکانی یەڵماز گۆنایەوە بەکورد ئاشنا بووەو هەروەها بەنیازیشە فیلمێک لەبارەی ژیانی ژنانی کوردستانو ئەفغانستانو ئێرانەوە بەرهەمبهێنێت.

**دەستوور:** تۆ کە فارسیت چۆن بەزمانی کوردی فیلمت بەرهەمهێنا؟

**شوهرە:** کورتە فیلمی ئاە، کوردی نییە، بەڵکو فارسییە. من لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانی کوردەکانی قۆچانەوە ئاشنای کورد بووم. لەڕێگەی سینەماشەوە زیاتر بەکورد ئاشنابووم. لەتەمەنی هەشتساڵییەوە بەفیلمەکانی دەرهێنەری کورد یەڵماز گۆنای ئاشنابووم. لەڕێگەی فیلمەکانی گۆنایەوە بەجوگرافیاو کلتوورو کۆمەڵگەی کوردی ئاشنابووم. دواتر بیرم لەوە کردەوە فیلمێک لەبارەی کوردەوە بەرهەمبهێنم. هەرچەندە فیلمەکەی من فەلسەفییە، بەڵام لەلایەن بینەرانی کوردەوە پێشوازیی زۆر باشی لێکرا.

**دەستوور:** خاوەنی چ بڕوانامەیەکیت؟

شوهرە: من دەرچووی بەشی دەرهێنانم لەبەشی سینەمای زانکۆی تاران، لەتاران لەدایکبوومو هەر لەوێش نیشتەجێم.

دەستوور: چوویتە ژیانی هاوسەرییەوە؟

**شوهرە:** تائێستا نەچوومەتە ژیانی هاوسەرییەوە.

**دەستوور:** بەنیازی فیلیمێک لەبارەی کوردستانەوە بەرهەمبهێنیت؟

**شوهرە:** بەبینینی جوگرافیای جوانی کوردستان خۆشحاڵم. لێرە خەڵکم ناسیوەو ٥٠٠ وێنەی جۆراوجۆری کوردستاندا گرتووە. سیناریۆیەکم هەیە بەسێ وڵاتی ئێرانو کوردستانو ئەفغانستاندا تێپەڕدەبێت، کەباسی ئازارەکانی ژنانی ئەو سێ وڵاتەیە.

**دەستوور:** ئامادەیت وەک ئەکتەر لەفیلمدا بەشداربێت؟

**شوهرە:** ناتوانمو نایکەم.

**دەستوور:** ئاستی سینەمای کوردی چۆن دەبینیت؟

**شوهرە:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، دەبێت میللەتەکان خۆیان سینەماکانیان بناسێنن. منیش هاتووم لێرە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد مامەڵەدەکەم، نەک تەنیا لەڕێگەی سینەماوە.

**دەستوور:** لەکاتی کارکردن لەفیلمێکدا مامەڵەت لەگەڵ ئەکتەرەکاندا چۆنە؟

**شوهرە:** هەموو ستافەکەم لێم ڕازینو ئەو سەردەمەش نەماوە دەرهێنەرێک ببێتە مایەی نیگەرانیی ستافەکەی. لەکارکردندا ناشڵەژێمو ماندوونابم.

**دەستوور:** چەند فیلمت هەیە؟

**شوهرە:** لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا یەکەم فیلمم دروستکرد، کاتێکیش چوومە زانکۆو تائێستا هەشت کورتە فیلمو یەک فیلمی درێژم هەیە.

**دەستوور:** خۆشەویستت هەیە؟

**شوهرە:** بەڵێ خۆشەویستم هەیە.

**دەستوور:** لەڕۆژی ڤالانتایندا گوڵت دا بەکێ؟

**شوهرە:** زۆرجار گوڵ دەبەم، زۆرجاریش گوڵ نابەم. تەنیا عاشقەکەی خۆم مەبەست نییە گوڵی بۆ ببەم. هەندێکجار کوڕێک یان هاوڕێیەکم خۆشدەوێو گوڵی دەدەمێو هەموو مرۆڤێکم خۆشدەوێت.

**دەستوور:** بەنیازنیت ئەکتەری کورد لەفیلمەکانتدا بەشداری پێبکەیت؟

**شوهرە:** بەڵێ ئەم ماوەی لێرەم ئەکتەری کوردم دۆزیوەتەوە.

**دەستوور:** ئاشناییت لەگەڵ سینەماکارەکانی کورددا هەیە؟

**شوهرە:** کارەکانی بەهمەن قوبادیم بینیوەو زۆر بەتوانایە. لای من ناو گرنگ نییە، گرنگ کارە.

# داليا چاوەڕوانە



دەستوور

خانمە گۆرانیبێژ دالیا کەئێستا لەئەڵمانیا نیشتەجێیە نوێترین گۆرانی بەناوی چاوەڕوانی کلیپکرد.

دالیا لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت نوێترین گۆرانی بەناوی چاوەڕوانی بەسپۆنسەری کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم کلیپکردووە، کەتێکستی کەنار بێباکەو ئاوازو میوزیکی توانا نزارە.

چاوەڕوانی لەلایەن کۆمپانیای های لیڤڵەوە بەرهەمهێنراوەو نیهاد عوبید کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

لەبارەی سیناریۆی کلیپەکەوە دالیا وتی سیناریۆکە باس لەخۆشەویستیو چاوەڕوانی دەکات.

# ئیحسان عوسمان بەپێنج زمان ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرێت



ژەنیار

شانۆگەریی هەموومان چاوەڕوانین لەهەولێر نمایشکرا، کە لەدەرهێنانی ئیحسان عوسمانەو بەپێنج زمان ڕەخنەی ئاراستەی دەسەڵات کرد.

هەموومان چاوەڕوانین لەئامادەکردنو دەرهێنانی ئیحسان عوسمان، ئێوارەی پێنجشەممەی ڕابردوو وەک یەکەم بەرهەمی شانۆیی لەوەرزی شانۆیی هەولێردا نمایشکرا.

ئیحسان عوسمان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی چیرۆکی شانۆگەرییەکە لەفیلمێکی ئەمەریکی-ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، بەناوی "سەردانی خانمە پیرەکە".

وتیشی "لەڕێگەی ئەم شانۆگەرییەوە دەمەوێت بڵێم کێشەی پێکهاتەکانی عێراق، کێشەی زمان نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە خەڵک یەکتر قبوڵناکەنو دەرفەتی گفتوگۆکردن بەیەکترنادەن، هەرلەم شانۆگەرییەدا باس لەدەسەڵات کراوە، کەچۆن میللەت دەچەوسێنێتەوە".

لای خۆیەوە ئیقبال نەعیم سەلمان خانمە شانۆکارو بەڕێوەبەری شانۆی عێراق کەڕۆڵی خانمە پیرەکەی لەشانۆییەکەدا بەرجەستەکردبوو بەدەستووری ڕاگەیاند "لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵی ئافرەتە پیرەکەم بینی، کەپێش ٣٠ ساڵ لەشارەکەی خۆی دەرکراوە، چونکە عاشقی یەکێک لەکوڕەکانی شارەکەی بووە، لەبەرئەوە ناچاردەبێت ڕوو لەئەوروپا بکاتو لەوێ دەوڵەمەند دەبێت، کاتێک دەگەڕێتەوە شارەکەی پێشوازی گەرمی لێدەکرێتو ئەویش بۆ تۆڵەسەندنەوە لەڕێگەی پارەوە، خەڵکی شارەکەی خۆی بەو شێوەیەی مەبەستیەتی بەکاردەهێنێت".

وتیشی ئەم بەرهەمە باس لەململانێی هەتا هەتایی دەسەڵات دەکات، هەروەک ئەمڕۆ لەعێراق دەبینرێت، زیاتر لەحەوت مانگ بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕیوە، کەچی حکومەت پێکنەهێنراوە.

لەشانۆگەریی هەموومان چاوەڕوانین هەریەک لەشانۆکارانی عێراقی هەیسەم عەبدوڕەزاقو نەوزاد ڕەمەزانو تاریق ئاکرەییو ریکاردۆس یوسفو نەشئەت بەشیرو کەڤال سدقی حاجیو ئەلێکسەندەر گلوکسمانو کریستۆف کنیتو لورا فولکفاین بەشداربوون.




## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەم هەفتەیە چەند ڕۆژێکی پڕ لەسۆزی تێدایە، لەوانەیە پێشنیازی پەیوەندییەکی ڕۆمانسی لەگەڵ کەسێکی بەتەواوەتی نامۆدا ببێتە هۆی سەرسوڕمانت، بەڵام دەرەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. ئەم ماوەیە ماوەیەکی زۆر تایبەتییە لەڕووی کارەوە.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

لەڕابردوودا دەتتوانی خۆت لەهەندێک بەرپرسیارێتی بدزیتەوە، بەڵام ئەم هەفتەیە ناتوانیت بەو جۆرە بیت. ئاگاداری کێشەکانت بەو هەوڵبدە لەکاتی خۆیدا چارەسەریان بکەیت. وریای ڕەفتارو هەڵسوکەوتت بە لەگەڵ کەسانی نزیکت.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

خەریکە دەگەیتە ئەوەی زیاترو زیاتر خۆت بناسیتو ئەمەش وات لێدەکات بۆچوونێکی نوێ سەبارەت بەو ئامانجە گەورەیە بۆ دروستبێت کە لەژیانتدا هەتە. پێویستە لایەنی سۆزداریو پەیوەندی خێزانیت لەبەر کارەکەت پشتگوێ نەخەیت .




## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

لەوانەیە هەست بەدژیەکییەک لەنێوان مێشکتو هەستتدا بکەیت. بیرت نەچێت ئەزموونەکانی ڕابردوو شێوازی ژیانی ئەمڕۆت دادەڕێژنەوە، ئەم هەستەت ماوەیەک بەردەوامدەبێتو دواتر بەرەو باشبوونەوە لەڕووی سۆزدارییەوە دەچێت.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

زیاتر لەهەموو کاتێکی تر دەتوانی دڵی کەسانی نێو خێزانەکەت خۆشبکەیت .کاتێکیش دەتوانی یارمەتیدەر بیت کە کەسێکی لێقەوماو دێتە سەر ڕێگەکەتو داوای هاوکاریت لێدەکات .دڵت خۆشدەبێتو تامی خۆشی ژیان دەکەیت.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

هەوڵ مەدە خۆت لەدەوروبەرەکەت دوورەپەرێز بگریت، لەوە تێدەگەیت کەئەوان لەجاران هەستیارترن. ئەمەش سوودی ئەوەی هەیە بۆت کەدەتوانی باسی کێشە قورسەکانیان لەگەڵدا بکەیت. تواناکانی خۆت بۆ ڕابەرایەتی پیشانی هاوڕێکانت بدە.

# یاساکان نەیانتوانیوە ڕێگری لەهاوسەرگیری بکەن لەتەمەنی منداڵیدا

## لەدەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، پەنا بۆ مارەبڕینی کچانی خوار تەمەن ١٦ ساڵ دەدرێت

نور جاف لەهەولێر

یاساکان نەیانتوانیوە ڕێگری لەبەشوودانی کچان بگرێت لەپێش تەمەنی پێگەیشتنەوە، خەڵکیش پەنا بۆ مەلاکان دەبەن لەبری یاساو دواتر بەدانی غەرامە گرێبەستی یاساییش بەدەستدەهێنن.

نەریتی بەشوودانی کچان لەتەمەنی منداڵیدا تائێستا لەکۆمەڵگەدا بوونی هەیە، هەموو هەوڵە یاساییەکان لەو بارەیەوە نەیانتوانیوە دیاردەکە بنبڕ بکەن.

بەپێی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو دادگاکان ناتوانن کچانی خوار تەمەنی ١٦ مارەببڕن، بۆیە لەدەرەوەی دادگاکاندا کچان بەشوودەدرێن.

حاکم سەروەر عەلی ئاماژە بەوەدەدات کەیاسا هەموارکراوەکە لەهەموو دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، دادگــــاکـــان پـــابـــەنـــدن بــــــەوەی کەبەڵگەنامەی هاوسەرگیری نەدەنە ئەو کەسانەی کەتەمەنیان لە ١٦ ساڵ کەمترە.

هەرچەندە بەپێی یاسا، هاوسەرگیری پێش تەمەنی ١٦ ساڵ تاوانەو ئەو کەسانەی ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدەن غەرامە دەکرێن، کە لەملیۆنێک کەمتر نییەو لە ٣ ملیۆن زیاتر نییە، بەڵام وەک حاکم سەروەر عەلی باسی دەکات "کوڕو کچەکە لەدەرەوەی دادگا هاوسەرگیریو مەراسیمی گواستنەوە ئەنجامدەدەن، ئامادەییان تێدایە ئەو بڕە غەرامەیە بدەن، دواتریش لەبەرئەوەی کەگواستنەوە ڕوویداوە بەپێی یاساکە دەبێت دادگا ئەو هاوسەریەتییە دەرەکیان بۆ پەسەندبکات".

ڕێگەیەکی تر کەخەڵک پەنای بۆ دەبات دادگاکانی دەرەوەی هەرێمە، لەبەرئەوەی ئەو یاسایە لەهەرێمی کوردستاندا هەموارکراوە، لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کار هەر بەیاسا کۆنەکە دەکرێت، زۆر کەس پەنای بۆدەبەن، بۆ ئەوەی پێش ١٦ ساڵی هاوسەرگیری بکەن.

بەڵام مامۆستایانی ئاینی زۆربەیان پابەند نابن بەیاسای باری کەسێتییەوە، گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن بۆ کەسانی خوار تەمەن ١٦ ساڵ. هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییشیان لەگەڵدا ناکرێت.

مامۆستا ئەحمەد شافعی سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی کوردستان دەڵێت لەفیقهی ئیسلامیدا شەرع ڕێگەدەدات کەکچی گەیشتوو بەتەمەنی شەرعی، واتە سەرووی ١٥ ساڵ بەمێرد بدرێت.

ئەحمەد شافعی ئاماژە بەوە دەدات لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی کوردستان ڕێنماییان ئاراستەی هەموو مامۆستایانی ئاینی لقەکانی یەکێتی زانایانی کوردستان کردووە، کە بەهیچ شێوەیەک مارەبڕینی کچی بچوک نەکەن ئەگەر لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە بوون.

شافیعی دەڵێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام باوک دەتوانیت کچی خۆی لەتەمەنێکی منداڵیدا بەمێرد بدات، تەنها ئەگەر زانی کەمێردکردنەکە لەبەرژەوەندی کچەکەیدایە، بەهەمان شێوەش دەتوانێت ئەو مارەبڕینە (نیکاحە) هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەرزانی کە لەبەرژەوەندی کچەکەیدا نییە.

شارەزایانی کۆمەڵایەتی لەو بڕوایەدان کە بەشوودانی پێشوەخت لەئایندەدا کاریگەری خراپ لەسەر کچەکەو خێزانەکە دروستدەکات.

بەختیار هادی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت بەشوودانی کچان لەمنداڵیدا کۆمەڵێک کاریگەری دەروونیو کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو کچانە بەجێدەهێڵێت، وەک نائارامی دەروونی، گرفتە خێزانییەکانی نێوان ژنو مێرد لەنەتوانینی دۆزینەوەی زمانی هاوبەشو کەشێکی ئارامدا دەبینێتەوە، کەسروشتی بنیادنانو پێکهێنانی خێزانو پەروەردەکردنی منداڵ پێویستی پێیەتی.

بەبڕوای ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە پێویستە کچان لەڕووی دەروونییەوە تەواو ئامادەبن بۆ شووکردن، وتی "ڕەنگە تەواوکردنی خوێندنو پێدانی دەرفەتو کاتی زیاتر بەکچان، هەوڵو ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو و باش بێت، بۆ ئەوەی بەباشی لەم پرۆسەیە تێبگەن. ڕەنگە کۆمەک بەچارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بکات کەترسی ئەوە هەیە ڕووبەڕوویان ببێتەوە".

ڕێکخراوەکانی ژنانو داکۆکیکەر لەمافەکانی ژنان دەڵێن زۆربەی ئەو کەیسانەی لەبارەی توندوتیژییەوە دێنە لایان، پەیوەندی بەزۆر بەشوودانی کچانەوە هەیە لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە.

ڕێکخراوی تواناسازی ژنان لەهەولێر، یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی ئیشکردن بوون لەسەر قەدەغەکردنی مارەبڕینی کچان لەدەرەوەی دادگادا.

سۆزان عارف بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە وتی لەساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧ پێشنیازیان ڕادەستی پەرلەمانو حکومەت کردووە لەسەر ڕێکخستنی ئەو کارە، چونکە "زۆربەی ژنەکان مافەکانیان دەفەوتێت لەبەرئەوەی لەدەرەوەی دادگا مارەدەکرێنو پاشان ژنی دیکەیان بەسەردادێت".

ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان زیاتر جەخت لەسەر پرۆژەی توندوتیژی خێزانی دەکەنەوەو بەجۆرێک لەجۆرەکان کێشەی بەزۆر بەشوودانو مارەبڕینی کچانیان لەپشت دادگاکانەوە فەرامۆشکردووە.

سۆزان وتی "ئێش لەسەر ئەوەش دەکەین، کەچۆن بتوانین زیاتر بەرگری لەمافەکانی ژنان بکەین".

هەروەها وتی "زۆربەی کەیسی ئەو توندوتیژیانەی کەدێنە لامان لەبەر حاڵەتی لەو شێوەیەیە".

لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی کوردستان نزیکەی دوو ساڵ لەمەوپێش فەتوایەکیان دەرکردووە، کەدروست نییە هیچ مەلایەک لەدوو حاڵەتدا ئافرەت مارەبکات، یەکەمیان ئافرەتدان لەجیاتی خوێنو دووەمیان کچی بچوک لەخوارتەمەنی ١٨ ساڵ.

ئەحمەد شافیعی وتی "ئێمە ڕێکخراوێکی ناحکومین، لەبەرئەوە ئێمە جگە لەڕێنمایی هیچ دەسەڵاتێکی ترمان نییە، بەڵام لەبەرنامەدا هەیە بچینە پەرلەمانو داوابکەین کەبڕیارێکی فەرمی لەپەرلەمان دەربچێت بۆ ئەوەی بتوانین فەتوای فەرمی لەپەرلەماندا دەربکەین".

داواشیکرد حکومەتو دادگا لێپێچینەوە لەو مەلایانە بکەن کەئەو کارانە دەکەن.



ئەوانەی لەخوار تەمەنی ١٦ ساڵییەوە بەشوودەدرێن، کەیسی توندوتیژیان زیاترکردووە

# گەنجانی هەریر لەشەقڵاوە مەستدەبن

## بەهۆی نەبوونی شوێنی کاتبەسەربردنەوە، گەنجانی هەریر ڕوو لەشەقڵاوە دەکەن، ئەوەش تووشی چەندان کارەساتی هاتوچۆی کردوون

ئا: نەبەزو فاخیر

بەهۆی نەبوونی شوێنی کاتبەسەربردنەوە، گەنجانی شارۆچکەی هەریر ڕوو لەشەقڵاوە دەکەن، ئەوەش بووەتەهۆی چەندان ڕووداوی ئۆتۆمبێلو گیانلەدەستدانی چەندان کەس.

شارۆچکەی هەریر کەوتووەتە سەر ڕێگای هاملتۆن لەنێوان قەزای شەقڵاوەو ناحیەی خەلیفان، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە نزیکەی ٣٠هەزار کەس دەخەمڵێنرێت، لەوەش نزیکەی زیاتر لەنیوەیان گەنجن. پارکو سەنتەری ڕۆشنبیریو کتێبخانەی گەورەو گازینۆو یاریگا، کەپێویستییە سەرەتاییەکانی کاتبەسەربردنی گەنجانن لەهەریردا نییە.

گەنجانی هەریر دەڵێن بەناچاری کاتەکانیان لەکوچەو کۆڵانو شەقامەکانی شارۆچکەکە بەسەردەبەن، یان ڕوو لەمەیخانەکانی شەقڵاوە دەکەن، ئەوەش چەندان ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێنی بۆ ئەوان لێکەوتووەتەوە.

محەمەد ئەحمەد گەنجێکی نیشتەجێی شارۆچکەکەیە، دەڵێت "لەم شارۆچکەیەدا هەست بەبێزاریەکی زۆر دەکەم، چونکە هیچ شوێنێک نییە کەبتوانم کاتەکانی خۆمی تێدا بەسەرببەم".

ئەحمەد دەڵێت سەدان ساڵ پێش ئێستا، شارۆچکەی هەریر لەڕووی ڕۆشنبیریشەوە مەڵبەندی میرنشینی سۆران بووە. بەڵام ئێستا جگە لەکتێبخانەیەک، کە بەهۆی نەبوونی پەرتوکی پێویستو هۆڵی خوێندنەوەو گفتوگۆکردنەوە، گەنجان کەمتر ڕووی تێدەکەن، ناوەندی ڕۆشنبیریو ئەدەبی تری لێنییە.

ئەحمەد وتی "ئەو بەناو کتێبخانەیە ناتوانێت وەکو پێویست خزمەت بەبواری ڕۆشنبیری گەنج بکات، بەو هۆیەوە گەنجانیش ناتوانن ئاستی ڕۆشنبیریو هوشیاری خۆیان بەرزبکەنەوە، ئەوەش گەنجی ئەم ناوچەیەی زیاتر بێزارو بێ ئومێد کردووە".

گەنجە وەرزشکارەکانیش ڕەخنە لەحکومەتی هەرێمو دەسەڵاتداران دەگرن، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە بەتەنگ وەرزشی شارۆچکەکەوە نەبوون، نەبوونی یاریگای پێویست ڕەوتی وەرزشی شارۆچکەکەی لەگەشەکردن خستووە.

زانیار گەنجێکی تری دانیشتووی هەریرە، دەڵێت تەنها یەک یاریگای چیمەن لەهەریردا هەیە، ئەوەش لەچاو ڕێژەی وەرزشوانان زۆر کەمە، وتی "یاریگایەک ناتوانێت خزمەتێکی بەرچاوی وەرزشوانان بکات، لەم شارۆچکەیەدا دەبوایە لەجیاتی یەک یاریگا، لانیکەم سێ یاریگای چیمەنو یاریگایەکی یانزە یاریزانی هەبووایە".

زانیار باس لەچۆنیەتی بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەیان دەکات، ئاماژە بەوە دەدات هەموو ڕۆژێک ژیانی دوێنیان دووبارەدەکەنەوە، دەڵێت بەڕۆژ دەنوون تاکو کاتژمێر ٤ی ئێوارە، پاشان پیاسەکردن بەکۆڵانو گەڕەکەکان تاکو درەنگانی شەو، وتی "ئەمەش وایکردووە خەڵکی ناوچەکە بەچاوێکی تر سەیری گەنج بکات، چونکە بەڕاستی ئەوەندە سوڕاوینەتەوە بەکۆڵاناندا بووە بەدیاردەیەکی ناشیرینو جێگەی بێزاری خەڵک، کەئەمەش بەرادەیەک حکومەت بەرپرسە، چونکە شوێنێک نییە، کەگەنج ڕووی تێبکات".

هەڵمەت خوێندکارە، بەبڕوای ئەو حکومەت بەرپرسیارە بەرانبەر ئەو کێشەو گرفتانە، دەڵێت لەهاوینان کەدەوامی خوێندن کۆتاییدێت، هیچ شتێک نییە کەپێیەوە خەریکبن، وتی "بۆیە زۆر بێزارین لەم ژیانە، شوێنێک نییە کەکاتی خۆمانی تێدا بەسەربەرین، یاریگا چیمەنەکەش واستەچییەکان کاتە خۆشەکان دەگرن".

شاخەوان عەزیز سەرۆکی شارەوانی هەریر باس لەوە دەکات کەچەندانجار هەوڵیانداوە بۆئەوەی پرۆژەی شوێنی حەوانەوەو کاتبەسەربردن بۆ گەنجان دروستبکەن، وتی "هەوڵەکانمان بێسوود بوون".

شاخەوان عەزیز دانبەوەدا دەنێت نەبوونی شوێنی کاتبەسەربردن کێشەی زۆری دروستکردووە، ئاماژە بەو ڕووداوانە دەکات کە بەهۆی هاتوچۆی گەنجان بۆ شەقڵاوە ڕوودەدەن.

لەشارۆچکەکە تائێستا تەنیا پرۆژەی دروستکردنی بینای ناوەندی چالاکیو پێگەیاندنی لاوان دروستکراوە، کەبڕی ملیارێکو سەدو دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، لەوەشدا تەنیا بایەخ بەبواری وەرزشی دەدرێت تێیدا، هەرچەندە تائێستا ناوەندەکە دەستی نەکردووە بەچالاکییەکانی.

سەرۆکی شارەوەنی ئاماژەی بەوەدا بڕی ٦٠٠ ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی یاریگایەکی گەورە تەرخانکراوە، بەڵام تائێستا ئەم پرۆژەیەش نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.



گەنجانی هەریر لەشەقڵاوە ڕۆژئاوادەکەن

# بەڵەکی ... ئەو نەخۆشییەی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی دروستکردووە

## زانیاری ورد لەبارەی نەخۆشیی بەڵەکیو پێستەوە لەم چاوپێکەوتنەدا بخوێنەرەوە

بێستون فەتاح

پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی پێستو زوهری دەڵێت نەخۆشیی بەڵەکی پێست لەهیچ کەسێکەوە بۆ کەسی بەرانبەر ناگوازرێتەوە، ئاماژە بەوەشدەکات کەهیوای چاکبوونەوە لەو نەخۆشییە لە٥٠٪یە.

د. مەحمود فەقی ڕەسوڵ دەڵێت بەڵەکی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، بەهۆی ئەوەی رووی دەرەوەی پێست ناشیرینەدەکاتو مرۆڤ زوو هەست بەگیروگرفت دەکات.

**دەستوور:** چەند راستە نەخۆشییەکانی پێست روولەزیادبوونەو هۆکارەکەی چییە؟

**د. مەحمود:** بەڵێ نەخۆشییەکانی پێست لەهەموو جیهاندا بەهەرێمی کوردستانیشەوە زیادیکردووە، لەهەموو دنیادا لە٢٠٪ نەخۆشییەکان بریتین لەنەخۆشییەکانی پێست، هۆکاری ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە پەیوەندی بەخودی تایبەتمەندی نەخۆشییەکانی پێستەوە هەیە، کەمرۆڤ زوو هەستیان پێدەکات، بەرووی پێستەوە دیارن بە بەراورد بەنەخۆشییەکانی تری جەستە کەدەشێت تا ماوەیەک هەستی پێنەکرێت، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەخەڵک لەرۆژگاری ئەمڕۆدا زیاتر گرنگی بەبواری جوانکاریو جوانی جەستەیان دەدەن بە بەراورد بەساڵانی پێشوتر بەتایبەت لەنێو گەنجاندا، هۆکارێکی تر تێکەڵاوبوونی خەڵکو چڕبوونەوەیان لەناوەندی شارو شارۆچکەکاندا بۆ نموونە نەخۆشیی (جرب) واتە گەڕی ئێستا زۆربڵاوە لەشارەکانی کوردستاندا کەساڵانی پێشوو مەبەست لەساڵەکانی هەشتاکاندا بەدەگمەن دەبینرا، ئەو حاڵەتانەی لەو ساڵانەشدا دەبینران زۆربەیان سەربازبوون لەجەنگی نێوان دەوڵەتی عێراقو ئێراندا، بەڵام ئێستا بڵاوبووەتەوە، بۆ نموونە لەناوچەی هەڵەبجە، خورماڵ، رانیەو زۆر ناوچەی تری کوردستاندا بوونی هەیەو بڵاوبووەتەوە.

**دەستوور:** یەکێک لەو نەخۆشیانەی کەئێستا زیادبووە بەڵەکییە کەهاووڵاتیان زۆر نارەحەتن پێی‌و زیاد لێی دەترسن، تەنانەت لەکۆمەڵدا کاریگەری کۆمەڵاتی هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم نەخۆشییە چییەو کاریگەری چۆنە؟

**د. مەحمود:** نەخۆشیی بەڵەکی هەرهەبووە لەدێر زەمانەوە، بەڵام خەڵکی ئێستا زیاتر گرنگی پێدەدات لەبەرئەوەی ئەم نەخۆشییە لەرووی رواڵەتەوە ناشیرینەو پێستی نەخۆشەکە بەشێوەی پەڵەی سپی، یان ناوچەی سپی دەردەکەوێت.



نەخۆشیی بەڵەکی زیانی ئەوتۆی نییە، بەڵکو لەرووی شێوەوە ناشرینەو دیارە. بەڵەکی بریتییە لەگۆڕینی رەنگی پێست بۆ سپییەکی تەواو، چونکە ئەو خانانەی رەنگی پێست دروستدەکەن خانەی میلانۆساید کە لەبەشی خوارەوەی پێستن کەرەنگی میلاین دروستدەکەن کەدواتر دەچێتە خانەکانی توێژی سەرەوەو رەنگدەدات بەپێست.

**دەستوور:** ئەوەی تێبینیدەکرێت زیاتر ئەوانە تووشی بەڵەکی دەبن، کەتەمەنیان لەسەروو تەمەنی چل ساڵییەوەیە، کەواتە هۆکاری ئەم نەخۆشییە چییە؟

**د. مەحمود:** بەڵەکی دووجۆری سەرەکی هەیە، جۆرێکیان بۆماوەییە، کەدەتوانین بڵێین لە٥٠٪ ئەوانەی تووشدەبن بەهۆکاری بۆماوەیی تووش دەبن، جۆرەکەی تر بۆماوەیی نییە، هۆکاری تر هەن وەک بەرگری دژەخۆیی، ئەو کۆئەندامی بەرگرییەی جەستەی مرۆڤ هەڵدەستێت بەکوشتنی خانە میلانۆسایدەکان وەک نەخۆشیی رۆماتیزمی دڵ، نەخۆشیی رۆماتیزمی جومگەکان، ئەگەر بەڵەکییەکە لەرەگی مووەکان بدات، تووشی دەردە رێوی دەبێت .

**دەستوور:** بۆچی ئەو خانانە دەکوژێت؟

**د. مەحمود:** نەزانراوە بۆچی ئەو خانانە لەناو دەبات، وەک زۆربەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی بەرگری لەش بۆچی هێرشدەکاتە سەر ئەو خانانە نەزانراوە، بەتایبەت لەو کەسانەی بەردەوام تووشی هەوکردنی قورگو جومگەکان دەبن.

**دەستوور:** جۆرەکانی بەڵەکی کامانەن؟

**د. مەحمود:** زۆر جۆری هەیە، بەدەگمەن نەخۆشی بەڵەکی زگماکیە، وەک ئەوەی منداڵ لەدایکببێتو بەڵەکی هەبێت، بەڵەکی لەهەموو تەمەنێکدا روودەدات، بەڵام زۆرترین حاڵەتەکان لەتەمەنی ٢٠بۆ ٤٠ ساڵیدا روودەدات، زۆرجۆری هەیە بەپێی دابەشبوونیان بەسەر بەشەکانی جەستەدا هەیانە، تەنیا بەسەر پەلەکاندا دەردەکەون وەک دەستو قاچەکان، هەندێکیان لەدەموچاو دەدەن، یان لەناوچەی قەد دەدەن وەک سنگو پشت، بەڵەکی تر هەیە لەشوێنە چەماوەکان دەدەن وەک ژێر باڵو نێوان راندا، هەندێکی تری جۆری بەڵەکی لەدەوری خاڵ دروستدەبێت، خاڵێکی رەش دروستدەبێت، بەڵەکیش هەندێک جار لەناو دەمیش روودەدات، یان لەرەگی موەکان دەدات، موەکان سپی دەکات.

**دەستوور:** هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، زۆرجار خەڵکانی تر ناوێرن دەست لەدەستی ئەو کەسانە بدەن کە بەڵەکیان هەیە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم پەیوەندییە؟

**د. مەحمود:** بەڵەکی زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتی خستووەتەوە، چونکە دیارە بەجەستەوە، ئەو کەسانەی لەگەڵ کەسی تووشبوودا دەژی، مەترسی ئەوە دەکات تووش ببێت بەو نەخۆشییە، یان وەک لەبەشێکی فەرمانگایەکدا بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرە دەکەن کەتووشی بەڵەکی بووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زانست سەلماندویەتی کەس لەکەسێکەوە تووشی ئەم نەخۆشیە نابێت، واتە ناگوازرێتەوە، بەدەستلێدان یان بەهەر شێوەیەکی تر، تەنیا رێگای گواستنەوەی بۆماوەییە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، واتە لەجیناتی نەوەیەکەوە بۆ جیناتی نەوەی نوێ، بەڵام بەرێگاکانی تر ناگوازرێتەوە، پێستی نەخۆشی بەڵەکی وەک هەموو پێستێکی تر پاکژەو بەو هۆیەوە تووشی هیچ گیروگرفتێک نابێت.

چارەسەری بەڵەکی بەپێی تەمەنی نەخۆشەکەو بەپێی قەبارەی بڵاوی نەخۆشیەکەیە، بەپێی توانای مادی نەخۆشەکەیە، زۆر چارەسەر هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە، دەبێت ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، خۆیان بپارێزن لەتیشکی خۆرو دژە خۆر بەکاربهێنن. رێگایەکی تر بە بەکارهینانی لەیزەر، بەڵام ئەم رێگاچارەیە بۆ ئەوانەی زۆر ناوچەی لەشیانی گرتووەتەوە عەمەلی نییە، چونکە لەرووی مادییەوە زۆری تێدەچێت، بەڵام زۆر حاڵەت چاکبووەتەوە. ئەوەی ئەسمەرە زووتر یان ئاسانتر چاکدەبێتەوە لەکەسی سپی پێست، بۆ سپی پێست زەحمەتر چاکدەبێتەوە، چونکە خۆی سپی پێستە، بۆیەی میلانینی لەخانەکانی پێستیدا کەمترە لەکەسانی ئەسمەر، لەبنەڕەتدا رەنگەکەی کەمترە، بەشێوەیەکی گشتی لەم نەخۆشییەدا لەسەروو لە٥٠٪ چاکدەبنەوە بەمەرجێک بەپێی رێنماییەکانی پزیشکەکە بکاتو بەردەوامبێت لەسەر چارەسەرکردنو نەبەزێت.

> نەخۆشەکانی پێست لە٢٠٪ نەخۆشییەکانی تری جەستە پێکدەهێنن

# خواردنەوە کهولییەکان وێرانکەرن؟

## بەردەوامبوون لەسەر خواردنەوە کهولییەکان، دەبێتە هۆی گەلێک کێشەی وێرانکەری دەروونیو جەستەیی

ئیلهام عەبدوڵڵا

ئەلکهول ١,٨ ملیۆن کەسی لەسەرتاسەری جیهاندا کوشتووە لەساڵی ٢٠٠٠دا، ئەلکهول دەکرێ بەشێوەیەکی دەستکرد لەلایەن کیمیاوییەکان لەتاقیگەدا دروستبکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەئەنجامی گەنینی میوەو سەوزەو دەغڵودانەوە بەرهەمدێت، بەم جۆرە مەی لەترێو بیرە لەجۆ و چەندەها جۆری دیکە لەسێوو میوەهاتی تر بەرهەمدێت. ئەلکهول لەسەرتاسەری جیهاندا لەژێر هەزاران ناوی بازرگانیدا دەفرۆشرێت، بەڵام هەموویان لەسەر بناغەی یەک مادە دروستدەکرین، کەئەلکهولەو ئەوەی کەجیاوازە رێژەی ئەلکهولە بۆ تێکرای شلەمەنییەکە.

خواردنەوە ئەلکهولییەکان بەو پێوەرەی بەهێزیو لاوازیان دەستنیشاندەکرێتو دیارە تا ئەلکهولی زیاتر بێت، مەترسی زیاترە. وەکو بوتڵێک ویسکی یان براندی یان جن لە٤٠٪ی ئەلکهولەو بوتڵێک مەی (شەراب) لە٢٠٪ی ئەلکهولەو بوتڵێک شەرابی سرەمێزی مامناوەندی لە١١٪ی ئەلکهولەو بوتڵێک بیرە لە٤٪ ئەلکهولە.

بەرزترین رادەی ئەلکهول لەلایەن کۆمپانیایەکی ئێستوانییەوە تۆمارکراوە کە لەسەردەمی سەربەخۆی ئیستوانیاندا لەنێوان دوو جەنگە جیهانییەکەدا توانیویانە لە٩٨٪ ئەلکهول لەپەتاتە دەربهێنن.

بێگومان پێکهاتەی خواردنەوەکان لەکۆمپانیایەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی دیکە دەگۆڕێتو بیرەی واهەیە لەبازاڕدا کەرێژەیەکی زۆر زیاتر ئەلکهولی تێدایە، ئەوەی کە لەعێراقدا دروستدەکرێتو بەعەرەقی عێراقی ناسراوە لەریزی پێشەوەی خواردنەوە ئەلکهولییەکاندایەو رێژەیەکی بەرز ئەلکهولی تێدایە کە لە٤٥٪ە، بەڵام عەرەقی سوری لەوەش بەهێزترەو رێژەی ئەلکهولەکەی دەگاتە لە٥٣٪، ئەو باقو بریقەی کەکۆمپانیاکان دەیدەن بەناو و مارکە بازرگانییەکان هیچ لەمەسەلەی مەترسییەکان کەمناکاتەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەو خواردنەوانەی کەپێیان دەڵێن (فەل) مەترسیان زیاترە لەبەرنەبوونی هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی جۆر لەسەریانو







خەمۆکیو دڵەڕاوکێ لەکێشە وێرانکەرەکانی کهولە

دڵنیانەبوون لەپوختەیانو رادەی ئەو ئەلکهولەی کەتێیاندایە.

زۆربەی ئەو توندوتیژیانەی کە لەسەر شەقامو نێو ماڵەکاندا روودەدەن، کەژنانو منداڵان دەبنە قوربانی، کاتێک روودەدەن کەخڵک سەرخۆشن. دوای خواردنەوەی بڕێکی زیاتر، کەسەکان زیاتر دەشێوێنو قسەکانیان خاودەبێتەوە، پێدەچێت ببێتە هۆی بینیی دووفاق Double vision و لەدەستدانی هاوسەنگیو رشانەوە، هەندێک جاریش بورانەوە.

### ئەلکهولو زیادبوونی مەترسییەکانی

ئەلکهول زۆر ترسناکە ئەگەر لەگەڵ دەرمانو مادە هۆشبەرەکانی دیکەدا بەکاربێت، بەتایبەت مەترسییەکەی زۆر زیاتر ئەگەر لەگەڵ دەرمانە فێنکەرەوەکانی دیکەدا بەکاربێت، یان لەگەڵ ئەو دەرمانانەی کەبۆ چارەسەری خەمۆکی بەکاردێتو دەرمانە ئازارشکێنەکانیش. بەکارهێنانی ئەلکهول لەگەڵ ئەو دەرمانانەدا بووەتە هۆی مردنی گەلێک کەس لەئەنجامی زۆریی رێژەی مادە هۆشبەرەکان.

ئەوانەی کەبڕێکی زۆر دەخۆنەوەو بەردەوامن لەسەری بۆ ماوەیەکی دووردرێژ، دەبێتە هۆی گەلێک کێشەی وێرانکەری دەروونی جەستەیی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، لەدەستدانی بیروهۆش، پیربوونی ناوەخت، بەردەوام کۆکینو سەرمابوون، هەوکردن، سیلو شێرپەنجە، دڵەکوتێ، تێکچوونی جگەر، سکچوونو زامداربوونی گەدە، هەوکردنی پەنکریاس، کەمخۆراکیو نەخۆشییەکانی گورچیلە. بەپێچەوانەی ئەوەوە کەباوە ئەلکهول دەبێتە هۆی جێگرتنەوەی شلەمەنیو یارمەتی گورچیلە دەدات بۆ پاککردنەوەیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەلکهول لەش وشک هەڵدەهێنێتو شلەمەنی نێولەش دەمژێتو هەر بەو هۆیەشەوەیە کەئەوانەی ئەلکهول دەخۆنەوە بۆ رۆژی دواتر هەست بەسەرئێشە دەکەن لەئەنجامی کەمی شلەمەنییەوە لە لەشیاندا.

راستە ئەلکهول دەبێتە هۆی میزکردنی زیاتر لە ٢٠ خولەکدا، بەڵام ئەو میزکردنە ئاسایی نییە، چونکە ئەلکهول دەبێتە هۆی تێکدانی سیستمی هۆڕمۆنی نێو گورچیلەکانو بەرگرتن لەرژاندنی مادەیەک کەپێی دەڵێن هۆڕمۆنی A D H کەبەرپرسیارە لەخەستکردنەوەی میزو راگرتنی تەرازووی ئەو مادانەی کەدەچنە نێو خوێنەوە، یان لەگەڵ میزدا فرێدەدرێنە دەرەوە، ئەگەری بەردی گورچیلەش زیاتردەکات، بەهۆی وشکهەڵاتنو روونکردنەوەی میزو مانەوەی بڕێکی زیاتری مادەکان لەنێو گورچیلەدا، لەلایەکی تریشەوە ئەلکهول دەبێتە هۆی یارمەتیدانی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی قورسایی خستنەسەر گورچیلەکانو کاریگەرییەکانیشی لەسەر جگەر بەهەمان شێوە هاوئاهەنگە لەسەر فشارخستنە سەر گورچیلەکانیش.

لەبواری نێودەوڵەتیشدا دوای چەندەها پێشنیاز بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی زیانەکانی ئەلکهول لەلایەن دەوڵەتانی کۆمەڵەی ئەورووپیو دەوڵەتانی دیکەشەوە، رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO رازیبوو بەدەستبەکاربوون بۆ ئەو پرۆژەیە، دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک کەتێیدا هاتبوو کەئەلکهول ١,٨ ملیۆن کەسی لەسەرتاسەری جیهاندا کوشتووە لەساڵی ٢٠٠٠دا. هەروەها راپۆرتەکە داخوازی گفتوگۆشی کردووە لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی ئەلکهولدا.

کێشەیەکی تر ئەو خواردنەوانەیە کەپێیان دەڵێن ئەلکۆپۆپ Alco Pop و لەشێوەی ئاوی لیمۆو شەربەتی میوەدان ئەگەرچی تامی ئەلکهول نادەن، بەڵکو ئەلکهولیان تێدایەو هەندێکیان بەڕادەیەکی بەرزیش. هەندێک کەس دەڵێن ئەو کۆمپانیایانە بۆیە ئەو جۆرە خواردنەوانە بەرهەمدەهێنن، تا منداڵانو گەنجان زیاتر بەئەلکهول رابهێننو ئالودەیان بکەن، منداڵان بەگشتی حەزیان لەتامی ئەلکهول نییە، بۆیە ئەوان لەشێوەی ئاوی میوەدا دروستیدەکەن.

# دەستپێشخەرییەکە عێراق بەکوێ دەگەیەنێت؟

## پێشنیازە دەستپێشخەرییەکەی بارزانی، گەورەترین دووقەوارەی شیعی عێراقی نیگەراندەکات، بەڵام زۆرێک لەلایەنی دەرەکی پێشوازی لێدەکەن

هیوا سەلیمیو ئەرسەلان رەحمان

زۆرێک لەدەوڵەتانی دەرەکی پشتگیری ئەو دەستپێشخەرییەی بارزانی دەکەن، کە لەچەند رۆژی رابردوودا لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە خستیەڕوو، بەڵام زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان بەپێشێلکردنی دەستووری دەزانـنو رەتیدەکەنەوە. ترسی ئەوەیان هەیە ئەو دەستپێشخەرییە عێراق بەرەو پێشێلکارییەکی زۆری دەستووریی ببات.

دەستپێشخەرییەکە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەکەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی لایەنەکان بەزووترین کات بگەنە رێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان ئەوە رەتدەکەنەوە.

**دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم**

پرۆسەی سیاسیی عێراق تووشی قەیران هاتووەو ململانێو کێشمەکێش لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت قەیرانێکی گەورەی سیاسی لێکەوتووتەوە. چ عێراقییەو چ لایەنە شیعەکان بەمافی خۆیانی دەزانن کەپۆستی سـەرۆک وەزیـران بـەوان بدرێت، پۆستێکی گرنگ کە بەپێی دەستوور سەرۆک وەزیران کەسی یەکەمی وڵات، بڕیاردەری سەرەکی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی حکومەتو فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتەیە.

بەپێی دەستوور گەورەترین قـەوارەی سیاسیی براوەی هەڵبژاردنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت رادەسپێردرێ، بەڵام خوێندنەوەی جیاجیا بۆ دەستوور ئەو بڕگەی دەستووری بـزرکـردووەو چ عێراقییەو چ هاوپەیمانی دوولایـەنـە شیعەکە پێکهێنانی حکومەت بەمافی دەستووریی خۆیان دەزانن.

بەگوێرەی گەڵاڵەکەی بارزانی پێویستە لایەنە عێراقییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی دەسـەڵاتـەکـان دابەشبکەنو دەسـەڵاتـی سـەرۆک وەزیـرانـی عێراقیش کەمبکرێتەوەو هـەروەهـا دەەسەڵاتەکانی ئـەنـجـومـەنـی نیشتمانی بـۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان کەمبکرێتەوە، هاوکات ئالیەتێکیش بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بـدۆزرێـتـەوە. بـەڵام ئـەم پێشنیازانە خاڵ بەخاڵی بەلای زۆرینەی لایەنە عێراقییەکانەوە پێشێلکارییە بەرانبەر دەستوورو خەڵکەکەی.

بەپێی ئەو دەستپێشخەرییە بێت، هەمان ئـەو سیناریۆیەی چەند رۆژی لەمەوبەر لەپێکهێنانی حکومەتدا دەچەسپێنرێت، کەپۆستی سـەرۆک وەزیـران بـۆ شیعەو پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ سوونەو سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ کورد بێت، لەکاتێکدا یەکێک لەداوا سەرەکییەکانی کورد پۆستی سەرۆکی کۆمار بووە.

**شیعە بەهەردوو ئیئتیلافەکەوە رەتیکردەوە**

لەیەکەمین ساتەکانی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی پێشنیازەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سـەرۆک وەزیــران، کـاردانــەوەی جیاجیا لەلایەن فراکسیۆنە سیاسییەکانی عێراق هاتووەتەئاراوە.

لــەبــارەی شیـعـەکـانـەوە کـەهــەردوو ئیئتیلافەکە داوای ئـەو پۆستە دەکـەن کـەزۆرتـریـن کێشەو ململانێی لـەسـەرەو هۆکاری دواخستنی پێکهێنانی حکومەتە، بەتوندی دژایەتی خۆیان بۆ ئەو پێشنیازەو ئەو دەستپێشخەرییە راگەیاند.

لیستی دەوڵەتی یاسا لەزاری رابەرانی قەوارە سیاسییەکانییەوە لەچەندین لێدوانی جیاجیادا بـەتـونـدی ئـەو پێشنیازەیان رەتکردووەتەوەو پێیانوایە کەئەو گەڵاڵەیە نایاسایيو لەدژی دەستووری عێراقە.

عەبدولهادی حەسانی ئەندامێکی باڵای دەوڵەتی یاسا، کەنوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، لەو بارەوە بەئەلحەیاتی راگەیاندووە کـەهـەر پێشنیازێک بـۆ کـەمـکـردنـەوەی دەسەڵاتەکانی سـەرۆک وەزیــران لەلایەن لیستەکەی مالکییەوە رەتدەکرێتەوە.

لایەنی شیعی دەڵێن ئەو دەستپێشخەرییە قەیرانی گەورەتری لێدەکەوێتەوە، چونکە پێیانوایە پـەنـجـەبـردنـی ئـاشـکـرایـە بۆ پێشێلکردنی دەستوور. کە بەدەنگی زۆرینەی عێراقییەکان پەسەندکراوە.

عـیـزت شـابـەنـدەر ئـەنـدامـێـکـی تـری دەوڵەتی یاسا لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی شـەرقـولـئـەوسـەت هـوشـداری دەدات کە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران لەناوچوونی تەواوی رەوتی سیاسیی عێراقو قەیرانی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

ئیئتیلافی نیشتمانیش بێدەنگ نەبوو لەو دەستپێشخەرییەی مەسعود بارزانی، لەپرێکدا هاوشێوەی دەوڵـەتی یاسا دژی وەستانەوەو رەتیانکردەوە.

ئـەمـیـر کـنـانـی ئـەنـدامـی لیستی ئیئتلافی نیشتمانی عـێـراق رایگەیاند، ئـیـئـتـلافـە شـیـعـیـیـەکـەیـان دژی هـەر گەڵاڵەیەکە کەپێچەوانەی دەستوورو بنەما دەستوورییەکانی وڵات بێت.

تـــەواوی لایـەنـی شیعیو لایەنەکانی تـر لـەگـەڵ ئـــەودان بـارزانـی وەکـو هەر سەرکردەیەکی تر بۆچوونی هەبێت لەبارەی قـەیـرانو تەنگەژەکانی عـێـراقـەوە، بەڵام رەتیانکردەوە قسەکردنو پێشنیاز لەسەر حسابی پێشێلکردنی دەستوورو پێشێلکردنی مافی لایەنێکی سیاسی عێراقی بێت.

عـەلـی دەبـــاغ وتـەبـێـژی حکومەتی عـێـراق، کـەهـاوکـات ئەندامی دەوڵەتی یاسایە رایگەیاند بارزانی مافی خۆیەتی داواکارییەکانی خۆی بخاتەڕوو و داوای کـەمـکـردنـەوەی دەسـەڵاتـەکـانـی سـەرۆک وەزیران بکات، بەڵام بەمەرجێک پێچەوانەی دەستووری عێراق نەبێت.

دەباغ وتی "ناکرێت لەڕووی پراکتیکییەوە داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران بکەین ئەگەر بێتو هەموو لایەنو قەوارە سیاسییەکان بەو داوایە رازی نەبن".

**سوونەکان پێشوازیان لە دەستپێشخەرییەکە کرد**

لیستی عێراقییە کـە بەچەشنێک نوێنەرایەتی سوونەکانی عێراق دەکاتو هاوکات براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٧ی ئــازاری عـێـراق بــوو، ئـەگـەرچـی لەرابردوودا سەرۆکایەتی حکومەتی بەمافی بێ ئەملاو ئـەولای خـۆی دەزانــی، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کـاتو کەمبوونەوەی چانسی ئەو لایەنە بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەۆکایەتی حکومەت، پێشنیازی کـەمـکـردنـەوەی دەسـەڵاتـەکـانـی سـەرۆک وەزیران بەگونجاو دەزانێتو پشتیوانی لەو پێشنیازەدەکات.

مەیسون دملوجی وتەبێژی لیستی عێراقییە بـەئـاژانـسـی هــەواڵـی فارسی ئێرانی راگەیاند کە بەتەواوی پشتگیری لەپێشنیازەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکـەنو لـەو بـڕوایـەدان کەئەو مەسەلە دەتـوانـێ کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی پرۆسەی دیموکراسی عێراق دابنێت.

لەلایەکی تـرەوە فەلاح نەقیب یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی عێراقییە وتی "ئەگەر عێراقییە حکومەت پێکنەهێنێت، ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو بژارەکانو هەموو ئەگەرەکانیشمان بەکراوەیی هێشتووەتەوە:". وەک ئاماژەیەک بۆ رازیبوون بەو دەستپێشخەرییەی مەسعود بارزانی.

لیستی عێراقییە سوورە لەسەر ئەوەی مافی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق پێبدرێتو ئەو حکومەت پێکبهێنت. پێشبینی ئەوەش دەکات لەکۆتایی مانگی داهـاتـوودا لایەنە عێراقییەکان لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە بگەنە رێککەوتنێک.

هـانـی عـاشـوور ئـەنـدامـی عێراقییە وتــی "لـەکـۆتـایـی مـانـگـی داهــاتــوودا پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکا بەڕێوەدەچێتو پێشبینیدەکەین بەو هۆیەوە هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق خێراتربنو لەکۆتایی مانگی داهاتوودا بگەینە رێککەوتن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانی دیکەدا بۆ پێکهێنانی حکومەت".

**کاردانەوە نێودەوڵەتیو وڵاتانی هەرێمیی**

ئەوەی تائێستا لەرۆژنامە ناسراوەکانی ئەمریکاوە ئاشکراکراوە ئەوەیە کەحکومەتی ئەمریکا کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سـەرۆک وەزیـــران بەپلانێکی گونجاو دەزانـێـتو تەنانەت جۆبایـدنو چەندان بەرپرسی ئەمریکی لەپەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو رابەرانی دیکەی عێراقی پێشتر پشتیوانیان لەو مەسەلە کردووە.

لەچەند رۆژی رابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دیپلۆماتکارەکانی باڵیۆزخانەی ئیسپانیاو ژاپۆن ئەنجامداوەو لەدانیشتنەکاندا پرسی دەستپێشخەرییەکەی سـەرۆکـی هـەرێم تاوتوێکراوە. نوێنەرانی ئەو وڵاتانە ئەو پلانەیان پێ گونجاوبووەو بەگشتیی وڵاتانی دەرەکی پشتیوانی لەهەر پێشنیازێک دەکەن کە لەخێراترکردنی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا کاریگەری دابنێت.

ئـەگـەرچـی تائێستا هیچ لێدوانێک لەلایەن ئێرانەوە لەو بارەوە نەدراوە، بەڵام ماڵپەڕی دیپلۆماسی ئێرانی کەسەر بە بەرپرسانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئێرانە لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەسێک بەناوی دکتۆر ئەمیری کارناسی کاروباری سیاسی، پێشنیازی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران بەزیانی شیعەو کوردەکان ناودێردەکاتو هۆشداری دەدات کەنابێ شیعەکانو کـوردەکـان بکەونە نـاو ئەو داوەوە.

نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووکانیش ئاد میلکەرت هەفتەی رابـردوو سەردانی بارزانی لەهاوینەهەواری سەڵاحەدین کردو لەبارەی ئەو گەڵاڵەیەوە وتوێژی لەگەڵ بارزانیدا کـردووە. بەڵام باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق جیمس جیفری لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە لەباڵەخانەی پارێزگاری نەینەوا سازیکرد، وتی "وڵاتەکەی پابەندە بەپێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقو ئەمریکا دەستوەرنادات ناو کاروباری پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە".



قەیرانی پێکهێنانی حکومەت بەهیچ لایەنێک چارەسەر ناکرێت

# پرۆفایل

هیوا سەلیمی



# ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم

## پیاوێک کەنۆ کوڕی لەپێناو عێراقدا لەدەستدا

ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم کەسایەتی ئایینی ناسراوی شیعە، مەرجەعی باڵای شیعەکان لەساڵی ١٨٨٩ لەشاری نەجەفی باشووری عێراق لەدایکبوو. باوکی سەید موحسینی حەکیم لەمەرجەعە شیعەکانی بنت جوبەیلی لوبنان بوو. موحسینی حەکیم لە ٧ ساڵیدا باوکی لەدەستدەداتو برا گەورەکەی سەید مەحمود ئەرکی بەخێوکردنو گەورەکردنی سەید موحسینی حەکیم لەئەستۆدەگرێت.

سەید مەهدی ساڵح حەکیم باوکی ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم لەناسراوترین مامۆستا ئاینییەکانی شاری نەجەف بـووە، کە لەسەر بانگهێشتی شیعەکانی لوبنان بۆ ئەو وڵاتە سەفەری کردبوو. سەید مەهدی سێ کوڕی هەبوو بەناوەکانی مەحمود، موحسینو هاشم کە لەدوای سەفەرەکەی بۆ لوبنان کوڕەکانی لەنەجەف بەجێهێشت، سەفەرێکی کورت کەگەڕانەوە بەدوایدا نەهاتو لەلوبنان کۆچی دوایی کردو دواتر تەرمەکەیان بۆ نەجەف گێڕایەوە.

بنەڕەتو رەچەڵەکی راستەقینەی ئەو بنەماڵەیە بۆ پزیشکێکی ئەسفەهانی دەگەڕێتەوە کە لەدەرباری شا عەباسی سەفەوی کاریدەکرد، لەدوای سەردانی شا عەباس بەمەبەستی زیارەت بۆ نەجەف، خەڵکی ئەو شارە داوادەکەن کەئەو پزیشکە لەشارەکەیاندا بمێنێتەوەو وەچەکانی دواتری ئەو خێزانە بنەماڵەی ناسراوی حەکیمیان لەعێراقدا پێکهێنا.

سەید موحسینی حەکیم لەشاری نەجەف دەستیدایە خوێندنی بنەماکانی زانستی ئایین، دواترو لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا لەوانەکانی مامۆستا ناسراوە ئاینییەکاندا بەشداریکرد. مامۆستا ناسراوەکانی سەید موحسینی حەکیم بریتیبوون لەسەید محەمەد کازمی یەزدی، ئاخوندی خوراسانی، سەید ئەبوترابی خانساری، میرزا حوسێنی نائینی، ئاغا زیائەدینی عێراقی، شێخ شەریعەی ئەسفەهانی، سەید محەمەد سەعیدی حبوبیو شێخ عەلی باقری جەواهری.

لەدوای کۆچی دوایی ئایەتووڵڵا بروجێردی لەئاپریلی ١٩٦١ سەید موحسینی حەکیم بوو بەمەرجەعی شیعە، بەشێکی زۆریش لەشیعەکانی ئێرانو کوەیتو عێراقو بەحرەینو ئەفغانستان سەید موحسینیان وەک مەرجەعی خۆیان قبوڵکرد.

سەید موحسینی حەکیم ١٠ کوڕو ٤ کچی بوو، کەهەموو کوڕەکانی کەسایەتی ئایینی ناسراوی نەجەف بوون، ٧ کوڕی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە کوژران. ناسراوترین کوڕەکانی ئایەتووڵڵا سەید موحسنی حەکیم، محەمەد باقری حەکیمو عەبدولعەزیزی حەکیم بوون، کەدواتر ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقییان دامەزراند. عەمار حەکیم سەرۆکی ئێستای ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کوڕەزای ئایەتووڵڵا سەید موحسنی حەکیمو کوڕی سەید عەبدولعەزیزی حەکیمە.

بەرهەمە نووسراوەکانی ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم بریتین لەمستمسک العروە الوثقی، نهج الفقاهە، حقائق الا ول، دلیل المناسک، رسالە فی ارث الزوجە من الزوج، تعلیقە برکتاب ریا ، مخت ر منهاج ال الحینو ...

سەید موحسینی حەکیم دامـەزرێـنـەری چەندان بنکەی ئایینیو کتێبخانەی مزگەوتەکان بـووە. کتێبخانەی ناسراوی " مکتبە الامام الحکیم" لەشاری نەجەف لەلایەن سەید موحسینی حەکیمەوە دامەزراوە کەپێشکەوتووترین کتێبخانەی ئیسلامییە، زیاتر لە ١٠٠ لقی ئەو کتێبخانەیە لەشارە جیاجیاکانی عێراقدا بوونی هەبووە.

لەمیانەی جەنگی جیهانی یەکەمو لـەدوای راگەیاندنی جیهادی عوسمانییەکان لەدژی هێزەکانی بەریتانیا، شاری فاو لەباشووری عێراق لەلایەن بەریتانیاوە لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩١٤ داگیرکرا، هەربۆیە مەرجەعە شیعەکان لەدژی داگیرکاری سوپای بەریتانیا فتوای جیهادیاندا. سێ گروپ لەشیعەکانی عێراق بۆ دژایەتیکردنی هێرشی بەریتانیا پێکهاتو فەرماندەیی ئەو سێ گروپە بەسێ کەسایەتییە ئاینی درا. سەید موحسینی حەکیم لە گروپی سێهەمدا جێگیرکراو لەژێر فەرمانی سەید محەمەد سەعیدی حبوبی لەبەرەکانی جەنگ لەناوچەی شوعەیبە بەشداریکرد.

ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم لەبواری بەشداریکردن لەچالاکییە ئیسلامییەکانی ناوچەکە هەڵسووراو بووەو بەردەوام خەریکی جۆشدانی موسڵمانانو بڵاوکردنەوەی راگەیاندن بەتایبەت لەدژی ئیسرائیل بووە. هەروەها هەڵوێستی حکومەتی ئەو سـەردەمـەی عێراقی لەبەرگرتن بەخۆپیشاندانی خەڵک لەدژی هێرشی هەرسێ وڵاتی بەریتانیاو فەڕەنساو ئیسرائیل بۆ میسر لەساڵی ١٩٥٦ ئیدانەکردووە.

پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی کانونی دووەم ١٩٥٨ و سیاسەتی نزیکبوونەوەی شیوعییەکانو حکومەت، هەروەها کرانەوەی کۆمەڵگا بۆ چالاکی شیوعییەکان، سەید موحسینی حەکیمی بەتوندی کەوتە دژایەتیکردنی شیوعییەکانو تەنانەت فتوای" الشیوعیە کفر و الحاد"ی دەکرد. دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ سەید موحسینی حەکیم بووە بەرهەڵستکارێکی حیزبی بەعس.

٦٠ کەس لەئەندامانی بنەماڵەی حەکیم لەلایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە کوژراون

سەید موحسینی حەکیم چەندان راگەیەنراو و لەوانە فتوای پشتیوانیکردن لەخومەینی لەدژایەتیکردنی حکومەتی پێشووی ئێران، پشتیوانی لەشەڕی دژی ئیسرائیلو... دەرکردووە.

ئایەتووڵڵا سەید موحسینی حەکیم لە ٢ی کانونی دووەمـی ١٩٧٠ لەتەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لەناشتنی تەرمەکەیدا بەهەزاران کەس بەشداریانکرد. ناوبراو لەشاری نەجەفو لەتەنیشت کتێبخانەکەی خۆیدا بەخاکسپێردرا.

# لەشەڕە شمشێرەوە بۆ سەر پەڕەکانی ئینتەرنێت

## موسڵمانە شیعەو سوونەکان دوای سەدان ساڵ لەشەڕە شمشێرو چەک، دەستیانداوەتە هاککردنی ماڵپەڕەکانی یەکتر

هیوا سەلیمی

ناکۆکی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعەو سوونە هەر لەسەرەتای مێژووی ئیسلامەوە دەستیپێکردووەو تا ئێستاش بەردەوامە. ئەوە لەکاتێکدا بووە کە لەقۆناغەکانی مێژوو و لەجەنگە جیاجیاکاندا خۆی بینیوەتەوەو تەنانەت قوربانی زۆری لەهەردوولا لێکەوتووەتەوە. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتیو سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیاش هەردوولایەن لەو جەنگە نهێنیو ئاشکرایە دژ بەیەک کەڵکیان وەرگرتووە. ئێستا ئەو جەنگە بەشێکی کەوتووەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێتو بەردەوام ئەم ململانێو ناکۆکییانە بەشێوەی جۆراوجۆر دووبارەدەبێتەوە.

### ناکۆکییەکانی نێوان شیعەو سوونە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامە

رەگی کێشمەکێشو ناکۆکییەکانی نێوان شیعەو سوونە بۆ دوای کۆچی پێغەمبەری موسڵمانان دەگەڕێتەوە. لەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی بنی ئومەیە کێشەکان زیادیکرد، تەنانەت شەڕی خوێناوی لێکەوتەوە. لەسەردەمی بنی عەباس بۆ جارێکیتر کێشەکان سەریهەڵدایەوەو لەکوفەو بەسرەوە بۆ جیهانی ئیسلام گواسترایەوە. ئەوە لەکاتێکدابووە کەبەردەوام دروشمی یەکێتی ریزەکانی موسڵمانان دووبارەبووەتەوە، بەڵام لەپێکدادانی سەرلەنوێی را جیاوازەکاندا کێشەکان سەریهەڵداوەتەوەو ئازارەکان نوێبوونەوە.

لەسەدەی نۆیەمی کۆچیو لەدوای هاتنەسەرکاری حکومەتی سەفەویی شیعە لەئێراندا ناکۆکیو ململانێکانی نێوان شیعەو سوونە رەهەندێکی ناوچەیی بەخۆیەوە دەگرێت، شەڕی قورسی نێوان سەفەوییە شیعەکانی ئێرانو عوسمانییە سوونەکانی تورکیای لێدەکەوێتەوە. هەریەک لەلایەنەکانی بەشدار لەم شەڕە خوێناوییە بەرانبەرەکەی بەکافرو رافزی ناوزەدەکرد، بەو دروشمانە پیرۆزییەتیان بەهێرشەکانیان دەدا. دواتریش ئەفغانییەکان لەژێر ناوی فتوای عولەمای ئیسلام هێرشیانکردە سەر حکومەتی سەفەوی شیعەو کۆتاییان بەدەسەڵاتی سەفەوییەکان لەئێراندا هێنا.

لەدوای هاتنەکایەی مودێرنیزم لەئەورووپاو دروستبوونی دەوڵەت نەتەوە لەناوچە موسڵماننشینەکان بۆ ماوەیەک پێکدادانو شەڕە خوێناوییەکان وەستا، بەڵام دوژمنایەتیو ناکۆکییەکی شاراوە بەردەوام بوونی هەبووە.

لەم دەیانەی دواییداو لەدوای دروستبوونی کۆمەڵێک لایەنی چەکداری توندڕەوی سوونە بەپشتیوانی وڵاتانێکی

## شیعە

لەدوای سوونییەکان شیعەکان دووەم پێکهاتەی موسڵمانانن لەسەرتاسەری جیهاندا، ژمارەیان لەنێوان ١٥٤ بۆ ٢٠٠ ملیۆن کەسدایە لەتەواوی وڵاتە جیاوازەکانی دنیادا، ئەوەش دەکاتە لە١٠٪ بۆ لە١٣٪ی تەواوی موسڵمانانی جیهان.

لەنێوان ١١٦ بۆ ١٤٧ ملیۆن کەسیان کەدەکاتە سێ بەش لەچوار بەشی هەموو شیعەکانی دنیا لەکیشوەری ئاسیا دەژین. ئەوەشی کەدەمێنێتەوەو ژمارەیان ٣٦ بۆ ٤٤ ملیۆن کەسە لەباکووری ئەفریقا دەژین.

چڕبوونەوەی شیعەکان لەئێرانو پاکستانو هیندستانو عێراق بەدیدەکرێت کە لەنێوان لە٦٨٪ بۆ لە٨٠٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە پێکدەهێنن.

شارە پیرۆزەکانی شیعە بریتین لەکەربەلا کەمەرقەدی حسێنی کوڕی عەلیو ئەبو فەزڵ ئەلعەباسی لێیەو شاری نەجەفو شاری قوم کەمەرقەدی فاتمەی لێیەو شاری کازمییە کەئیمام موسای کوڕی عەباسی لێ نێژراوەو شاری سامەڕا کەهەردوو ئیمامی عەسکەری لەخاکەکەی بەخاکسپێردراون.

زانا بەناوبانگەکانی شیعەکان پێکدێن لەهەریەکە لەم ئایەتوڵڵایانە: سەید عەلی حسینی سیستانیو سەید سادق حسینی شیرازیو شێخ حسێن وەحید خوراسانیو سەید عەلی حسینی خامنەئی.

شیعە لەنێو خۆیاندا بۆ سێ بەشی دیکە دابەشدەبن کەئەوانیش ئیمامیو ئیسماعیلیو یەزیدین. ئیمامییەکان کە زۆرترینی شیعەی دنیا بەرێژەی لە٨٥٪ پێکدەهێننو زیاتر لەسێیەکی دانیشتووانی وڵاتانی ئێرانو عێراقو ئازەربایجان لەم جۆرەی شیعەن.

لەدوای ئەوانیش هەریەک لەپێکهاتەی ئیسماعیلی کە لەباشووری عەرەبستانی سعودیو هیندستان نیشتەجێنو دوای ئەمانیش پێکهاتەی یەزیدی دێت کەئەمەی دواییان زۆر نزیکن لەسوونەوە، چونکە پەیڕەوی مەزهەبی شافعی دەکەن، کەنزیکترین مەزهەبی سوونەکانە لەشیعەوە.

## سوونە

ژمارەی موسڵمانە سوونەکان کەیەک ملیار کەس، واتە ١٠٠٠ ملیۆنن گەورەترین پێکهاتەی موسڵمانانی سەر گۆی زەوی پێکدەهێنن. ئەوان وەک پێکهاتەکانی دیکەی نێو ئاینی ئیسلام لەوڵاتێک یان ناوچەیەکی دیاریکراودا پەنگناخۆن، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. سوونەکان لەهەرێمی سینجیانگی وڵاتی چینو لەقۆڵگای رووسیاو نیوە دورگەی هیندیو ئەندەنوسیاو بیابانی ئەفریقاو دارستانەکانی نایجیریاو نیوە دورگەی عەرەبیو ناوچەی بەڵقانو وڵاتانی ئەوروپا نیشتەجێن، دەتوانرێ بوترێت کەسوونەکان زۆرینەی رەهای وڵاتانی جیهانی ئیسلامی پێکدەهێنن، کەبریتییە لەپەنجا وڵات جگە لەهەرسێ وڵاتی ئازەربایجانو عێراقو ئێران.

سوونییەکانی جیهان بەسەر چوار مەزهەبی سەرەکیدا دابەشدەبن، کەبریتین لەمەزهەبەکانی حەنەفیو مالکیو شافعیو حەنبەلی. هەروەها چەند مەزهەبێکی لاوەکیش هەن کەبریتین لەزاهیریو ئەوزاعیو بن سەعد.

مەزهەبی حەنەفی لەهەریەک لەوڵاتانی میسرو سوریاو عێراقو ئەفغانستانو پاکستانو هیندستانو چینو تورکیاو سعودیە پەیڕەودەکرێتو مالکیش لەمەغریبو ئیماراتو بەحرێنو قەتەرو کوەیتو سودانو بەشێک لەمیسرو خۆرهەڵاتی سعودیەو ناوەڕاستو خۆرئاوای ئەفریقا بەسەرجەم زیاتر لە (١٥٠) ملیۆن شوێنکەوتووی هەیە.

ژمارەی زانایانی سوونە کەبەزانایانی دین ناوبراونو هەڵبژێردراون بریتییە لە١٠٩٨ زانا. شوێنە پیرۆزەکان لەلای سوونییەکانی جیهان بریتییە لەشاری مەککەو مەدینەو قودسو کەعبەو مزگەوتی ئەقساو مزگەوتی پێغەمبەر محەمەد.

وەک سعودییە، هەروەها هەوڵدانی حکومەتی ئایدۆلۆژی ئێران بۆ هەناردەکردنی شیعە، بۆ جارێکیتر توندوتیژییەکانی نێوان شیعەو سوونە لەناوچەکە سەریهەڵدایەوە، ئەم رەوتە تا ئێستاش درێژەی هەیە. پێکدادانە خوێناوییەکانی شیعەو سوونەکانی پاکستان، بەحرەین، عێراقو... بەشێکی بچوک لەو دوژمنایەتییە مێژووییەنو لەهەر دەرفەتو ئامادەبوونێکی زەمینەکانی ئەو ناکۆکییەکانە بۆ جارێکیتر شەڕی مەزهەبی دروستدەبێتەوە.

### هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بێ ئەنجام بوون

ئەگەر ناکۆکیو کێشمەکێش هەوێنو لایەنێکی هەموو ئەو ساڵانەی جیهانی ئیسلام بووە، هاوکات هەوڵدانی بەشێک لەکەسایەتییە ئاینییەکان لەهەر دوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو یەکێتی ریزەکانی موسڵمانان لایەنەکەیترو دیوەکەیتری ئەو مێژووەیە.

زانایانی ئایینی لەهەر دوو مەزهەب باس لەوەدەکەن کەتەنانەت لەساڵەکانی سەرەتای ئیسلامدا گفتوگۆی نێوان شیعەو سوونە بەمەبەستی یەکگرتنو دروستبوونی تەبایی لەئارادابووە.

لەدوای بەدەسەڵاتگەیشتنی نادرشای ئەفشار لەئێران بۆ جارێکیتر مەسەلەی دوورکەوتنەوە لەناکۆکییەکانی نێوان شیعەو سوونە هاتەئاراوە. تەنانەت نادرشا لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا لەدەشتی موغان رایگەیاند کە ئەو نە شیعەیەو نە سوونە، بەڵام دوای تەواوبوونی دەسەڵاتی ناوبراویش بۆ جارێکیتر شەڕی مەزهەبی ناوچەکەی گرتەوە.

لە ٢٠٠ ساڵی رابردووشدا بەردەوامی پرسی یەکێتیو کۆتایهاتنی ناکۆکییەکانی نێوان شیعەو سوونە بەپاڵنەری جیاجیا لەئارادابووە. بۆ نمونە لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمو داگیرکردنی وڵاتانی ناوچەکە لەلایەن زلهێزەکانی جیهانییەوە بۆ بەرەنگاربوونە لەبەرانبەر داگیرکەرانو سەربەخۆکردنی وڵاتە ئیسلامییەکان، بەردەوام هەوڵدراوە یەکێتی لەناو ریزەکانی شیعەو سوونەدا دروستبێت، کەچی هیچ کات بەسەرەنجامی شیاوی خۆی نەگەیشتووە.

لەدەیەکانی رابردوو و لەئێستادا دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە کەهەر کامەیان یەکێک لەمەزهەبەکانی سوونە یان شیعەیان وەک مەزهەبی فەرمیی وڵات پێناسەکردووە، بەردەوام شەڕێکی شاراوەیان لەئاستی باڵادا رابەری کردووە، یان بەنهێنی پشتیوانیان لەگروپە مەزهەبیەکانی هاوبیری خۆیان لەناوچەکەدا کردووە. نمونەی ئەو حکومەتانە کۆماری ئیسلامی ئێران، سعودییەو... کەیەکیان بەناوی شیعەگەراییو ئەویتریشیان بەناوی سوونەگەرایی پشتیوانی لەگروپەکانی لایەنگری خۆیان لەناوچەکە دەکەنو تەنانەت کەمایەتییە مەزهەبیەکانی جیا لەمەزهەبی فەرمیی وڵاتەکەشیان دەچەوسێننەوە.

### ئینتەرنێت گۆڕەپانێک بۆ بەردەوامبوونی دوژمنایەتی مێژوویی

ململانێو کێشمەکێشی نێوان شیعەو سوونە تەنیا بەخۆپیشاندان، کوشتن، تەقینەوە، جەنگو... نەوەستایەوەو لەگەڵ هاتنی ئینتەرنێت بۆ پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی موسڵمانان، لەو جیهانە نوێیەش وەک گۆڕەپانێکو وەک ئامرازێک بۆ دوژمنایەتیو جۆشدانی مەزهەبیو بەگشتیی بەردەوامبوونی دوژمنایەتی کەڵکی لێوەرگیراوە، ئێستا بەشێکی بەرچاو لەناکۆکیو دوژمنایەتییەکانی نێوان شیعەو سوونە لەم رێگایەوە پراکتیزەدەکرێت. واتە بەئاشکرا جەنگێک لەجیهانی ئینتەرنێت لەئارادایە، زۆرجاریش ئەو جەنگە لەسوکایەتیکردنو جنێودانەوە بۆ هاککردنی لایەنی بەرانبەر درێژدەکرێتەوە.

یەکێک لەشێوازەکانی بەردەوامبوونی کێشەکان لەرێگەی ئینتەرنێت، کردنەوەی سەدان ماڵپەڕ بۆ سوکایەتیکردن بەباوەڕەکانی یەکترو هەوڵدان بۆ تاوانبارو کافرنیشاندانی لایەنی بەرانبەرە. هەر لەرێگەی نووسراوە پڕ لەدوژمنایەتییەکانی ئەو سایتانەوە، تەنانەت بەئاشکرا بانگەشە بۆ کوشتنو لەناوبردنی لایەنی بەرانبەر دەکرێت، کوشتنی بەرانبەریش وەک ئەرکێکو وەک رەفتارێکی پیرۆز پێناسەدەکرێت.

تاکتیک یان شێوازێکیتر لەم شەڕە لەهاککردنی ماڵپەڕەکانی یەکتردا خۆی دەبینێتەوە. دەستی هاککەرەکان بەمەرجەعە شیعەکانو کەسایەتییە بەرجەستەکانی سوونە گەیشتووەو تا ئێستا بەدەیانو سەدان سایت هاککراون.

گروپی ئینتەرنێتی ئاشیانە کە لەئێرانەو پێدەچێ سەر بەوەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بێ، بەئاشکرا رایگەیاندووە کە تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ ماڵپەڕی سوونەکان کەئەوان بەوەهابییەکان ناودێری دەکەن، لەلایەن ئەو گروپەوە هاککراوە. ئەندامانی ئەو گروپە لەدیدارێکدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا مەکارمی شیرازی وتوویانە کەئەوان ئەو کارەیان بەهۆی هێرشی راگەیاندنی سوونەکان بۆ سەر شیعەکانو سوکایەتی بەوان ئەنجامداوە.

سایتەکانی شێخ عەبدولعەزیز بن باز، موختارولئیسلامی، شێخ ناسر بن محەمەد ئەحمەدی، شێخ عەبدولکەریم ئەخزەرو چەندان کۆلێژی ئیسلامی لەلایەن ئەو گروپەوە هاککراوە.

لەلایەکیترەوە سایتەکانی مەرجەعە شیعەکانو لەوانە ئایەتوڵڵا سیستانی، تەبریزی، سوبحانیو ماڵپەڕی تایبەتی ئەلشیعەو نەهجولبەلاغەو چەندانی سایتریش لەلایەن سوونەکانەوە هاککرا.

دەوترێ کەهاککەرەکان دزەیان کردبووە ناو سایتەکەی ئایەتووڵڵا سیستانیو فیلمێکی ئەمریکیان تیایدا دانابوو کەخەریکی گاڵتەکردن بەفتواکانی ئەو مەرجەعە شیعە بووە. گروپێک بەناوی گروپی ئینتەرنێتی "ئێکس پی" بەرپرسیاریەتی لەهێرشکردنە سەر سایتی ئایەتووڵڵا سیستانیان لەئەستۆگرتووە، رایانگەیاندووە کەئەوان گروپێکی سوونەن کەدەیانەوێ تۆڵە لەهێرشەکانی لایەنی بەرانبەر بکەنەوە.

سوونەکان لەهێرشکردنە سەر شیعەکان بەوشەی رافزین ناویاندەبەن، کەبەمانای وەرگەڕاو لەئایینە، شیعەکانیش سوونەکان بەکافر ناودێردەکەن.

زۆربەی شارەزایان لەناوچەکە لەو بڕوایەدان کەدرێژەی ئەو بارودۆخە دەتوانێ وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ درێژەی ناکۆکییەکان بێتو تەنانەت شەڕی زۆر گەورەی مەزهەبی لەدوارۆژدا لێبکەوێتەوە.

ئەوان پێیانوایە کەئەو پەلامارە ئینتەرنێتییانەو بڵاوکرنەوەی جنێونامەو سوکایەتی بەیەکتر لەسایتەکان، دەتوانێ بێمتمانەیی زیاتر لەنێوان شیعەکانو سوونەکان دروستبکاتو دواجار بەهاندانی لایەنەکان بۆ شەڕی واقعیی بشکێتەوە.

سوونەکان لەو بڕوایەدان کەتوندتربوونەوەی شەڕی ئینتەرنێتی شیعەکانو سوونەکان ئەو کاتە بوو کەسایتی ئیسلام نێتی سەر بە کەسایەتی ئایینی سوونەکان عائیز ئەلقەرنی کەوتە بەرهێرشی هاککەرە شیعەکان. ناوبراو بەتوندی ئیدانەی ئەو کارەی کردو رایگەیاند کەئەو رەفتارەی هاککەرە ئێرانییەکان لەگەڵ بانگەشەکانی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ ئاشتیو یەکێتی موسڵمانان ناتەبایە.

لای خۆشیانەوە شیعەکان ئاماژە بەوەدەدەن کەهاککردنی سایتی مەرجەعە شیعەکان لەلایەن گروپە ئینتەرنێتییەکانی سوونەوە، دوای ئەوەبوو کەیوسف قەرزاوی کەسایەتی ئایینی سوونەکان لەوڵاتی میسر داوایکرد کەبەر بەنفوزو پەرەسەندنی شیعەکان لەناوچەکە بگیرێتو رایگەیاند کەشیعەکان بیدعەت لەئیسلامدا دەکەن.

هاوکات لەرێگەی چەندان ماڵپەڕی وەک یاهوو پاڵتاڵک چەندان گروپی ئینتەرنێتی لەهەر دوولایەن بۆ چاتکردن دروستبووە کەتوندترین هەڵوێستو لێدوان دەربارەی لایەنیی بەرانبەری تێدا دێتەئاراوە.





فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

جیهانبینی پەروەردە

# گرفتی گەورەکان لەساڵی نوێدا

هەفتەی رابردوو وەرزێکی نوێو ساڵێکی نوێی خوێندن دەستپێیکردو نزیکەی یەک ملیۆنو نیو منداڵی کوردستان چوونە ناو ژوورە پڕ گرفتەکانی قوتابخانەکانەوە. لەگەڵ سیستمێکی ناجێگیرو ئاسۆیەکی ناڕووندا دەستیان بەململانێیەکی ناهاوسەنگ کرد. منداڵەکانی کوردستان نەدەسەڵاتیان بەسەر ئەو کێشانەدا هەیەو نە دەشتوانن لەبڕیاردا بەشداریبکەنو نە گەورەیەکیش هەیە گوێیان بۆ رادێرێت. لەهەموو جیهاندا دەسەڵاتی سیاسی بڕیاری ئەوە دەدات کەسیستمی پەروەردەیی چۆن بێت، بەڵام لەسەر بنەمای داهاتووی ئەو وڵاتە بڕیار لەو سیستمە دەدات. بەشێوەیەکی دی دەسەڵاتی سیاسی لەبەرزترین ئاستیدا بیر لەوە دەکاتەوە ئایا ئێمە چ داهاتوویەکمان بۆ وڵات دەوێت، دەمانەوێت ببینە وڵاتێکی سەرمایەداری یا سۆسیالیستی؟، سەرمایەداری ئیلیت یا سەرمایەداری کۆمپانیا؟ ئایا دەمانەوێت هەموو دەرەفەتەکان بۆ هەموو هاووڵاتیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کراوەبن یا دەمانەوێت تەنیا گروپێک لەو سیستمە بەرخوردار بێت؟ ئایا دەمانەوێت لەبنەڕەتدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرارو بەرجەستە بێت یا نا؟...هتد


بێگومان گەورەکان لەم بڕیارەدا بەرپرسنو هەر خۆشیان بڕیاری لەداڕشتنی ئەو سیستمە دەدەن، بەڵام ئەوەی جیهانی رۆژئاوا لەئێمە جیادەکاتەوە دوو مەرجە: یەکەم دەبێ سیاسییەکان بەقسەی پەروەردەزانەکانو دەروونزانەکانو پیاوەکانی زانست بکەن. دووەم دەبێ بەرژەوەندی منداڵ پێش هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە بکەون. لێرەدا هەندێ نمونە شیاوی هێنانەوەن بۆ ئەوە دروستی ئەو دێڕانەی سەرەوە بسەلمێنین. سیاسەتی ئەڵمانیاو ژاپۆن ئەوە بووە ئیلیتێکی بەهێز دروستببێت کەتوانای ئەوەی هەبێت وڵات بەڕێوەبباتو ئەڵمانیاو ژاپۆن بکاتە وڵاتێکی گەورەو بەهێز، ئەوان هێندەی ئەو ئیلیتە بەهێزە بەلایانەوە مەبەست بووە، هێندە ئەوانی دیکە بەلایانەوە گرنگ نەبووە، بۆیە ئەو ئیلیتە ئەمڕۆ لەم وڵاتانەدا دروستبوونو بەفیعلی بەهێزن. لەبەرانبەریشدا سیستمی پەروەردەیی گروپێکی گەورەی فەرامۆشکردووە کە لەسەر ئەو ئیلیتە دەژی. لەلایەکی دیکەوە سوید، نەرویج، دانیمارک بڕیاریانداوە دەرەفەتەکان وەکو یەکبن بۆ هەموو تاکەکانو ئەوان پێویستیان بەو ئیلیتە نەبووە، بۆیە سیستمی پەروەردەیی ئەوان زۆر جیاوازەو دەرئەنجامیش ئەم وڵاتانە وەکو ئەڵمانیاو ژاپۆن بەهێز نین، بەڵام تاکەکانی ئاسودەترنو دادپەروەردی کۆمەڵایەتیش بەرزترە.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر کوردستان تا ئێستاش سیاسییەکانی کورد نازان چیان دەوێت یا نا، بەدەر لەمەش تا ئێستا ئامادە نین پیاوەکانی زانست سەرپەرشتی پرۆسەی پەروەردە بکەنو بەزۆری ئەو سیاسییانەی بەرپرسن لەم پرۆسەیەو دەتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەن، شارەزانینو ناتوانن سیستمی باش لەخراپ جیابکەنەوە. ئەو گەورانە نازانن بەرژەوەندی منداڵ لەچیدایە، بۆیە زوربەی هەنگاوەکانیان بەخراپی دەشکێتەوە.

زوربەی گەورەکان کاتێک بڕیار لەسیستمێک دەدەن یا کاری پێدەکەن لەروانگەی خۆیانەوە ئەو کارە دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کەچی بۆ منداڵەکان باشن. دەرئەنجامەکانیش ئەوە دەبن کەگەورەکان لەبری منداڵەکان بیردەکەنەوە. ئەمڕۆ لەتەوای قوتابخانەکانی کوردستاندا گەورەکان بۆ منداڵەکان بیردەکەنەوەو لەبری ئەوان بڕیاردەدەن بەپاساوی ئەوەی ئەوان منداڵنو ناتوانن بیربکەنەوە. ئایا ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە بۆ تاکە گەورەکانی ئێمە ناتوانن بیربکەنەوە؟ بێگومان ئێستا حیزب لەبری ئێمە بیردەکاتەوەو دەیەوێت هەموومان وەکو یەک بیربکەینەوەو ئەو بیرکردنەوەیەش بیرکرنەوەی تاکەکان نییە، بەڵکو بیرکرنەوەی حیزبە. لەم نێوەندەدا حیزب تا بۆی بکرێت سزای ئەو کەسانەش دەدات کەوەکو حیزب بیرناکەنەوە، بەڵام ئەوە مایەی دڵخۆشیە حیزب دەسەڵاتی بەسەر هەموومانەوە نییە. دەرئەنجام مرۆڤ لەوە تێدەکات بۆ حیزب کەسانێکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردە هەڵدەبژێرێت. لەهەمان کاتدا دەرئەنجامەکانیش هەر ئەوەبوون کەحیزب ویستوویەتی، واتە تاکێک دروستببێت کەنەتوانێت بەشێوەیەکی ئازاد بیربکاتەوە یا هەر بیربکاتەوە. ئێمە ئەمڕۆ منداڵەکانمان بەم شێوەیە پەروەردەدەبن.

هەفتەی رابردوو دەرگای قوتابخانەکان ئەوەڵابوونو بەڕێز وەزیری پەروەردە وتارێکی پێشکەشکرد کە لەهەموو رەهەندێکی پەروەردەیی خاڵی بوو. کاتێک مرۆڤ لەدێڕبەدێڕی ئەو وتارە ورددەبێتەوە، هیچ مانایەک لەسیاسەتی حکومەتدا بۆ پەروەردە نابینێتەوەو لەبنەڕەتدا لەوە تێدەگات کەحکومەت سیاسەتێکی زۆر فاشیلانەی بۆ پەروەردە هەیە. گەورەکان بەکۆمەڵێک گرفتی خۆیانەوە دەرگای قوتابخانەکانیان کردەوەو منداڵانیان لەگەڵ خۆیان بردەوە ژوورەوە بەبێ ئەوەی بتوانن گرفتەکانیان چارەسەربکەن. بۆ نمونە ئەوان لەنەورۆزی پارەوە پەیمانیان بەخوێندکاران دابوو کە لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکاندا ئەو گرفتانەیان بۆ چارەسەربکەن کەخۆیان بۆ خوێندکارەکانیان دروستکردبوو، بەڵام تا ئێستاش هیچو سەرەڕای ئەوەش وەزارەتی پەروەردە لەبەرزترین ئاستدا گرفتێکی دیکەی بۆیان دروستکردووە، ئەوەیش تا ئێستا نەیتوانیوە پێنووسو دەفتەرو لاستیک ...هتد بۆ قوتابخانەکان دابینبکات.

# مەترسییەکانی سەر ئازادی



شوان سدیق

چەند ساڵێکە نووسەرانو رۆژنامەنووسان، دەنگ هەڵدەبڕن یان لەسەر ئازادی رادەربڕینو بوونی بەربەست کە بەهۆی فەرهەنگێکی دواکەوتووانە یاخود لەبەرانبەر دەسەڵاتدا ئەوان هەڵوێستیان وەرگرتووە، لەوەڵامی ئەمەشدا رێگاچارە رووبەڕووبوونەوەی نووسەرو رۆژنامەنووسان ئەوە بووە، کەزۆرجار لێیان دراوە یان هەڕەشەی کوشتنو کوژرانو هەندێ جاریش نان بڕینو زۆر شتی لەمانە وەڵام بووە بۆ رۆژنامەنووسان.

بێگومان ئەوە بەهەڵەتێگەیشتە لەوەی کەتەنیا گروپێک لەحیزب یاخود کەسانێک لەناو حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا یان حکومەت بە "دوژمنی ئازادی رۆژنامەگەری یا مەترسی بزانرێن"، نەخێر، چونکە زۆرن ئەوانەی ئەمڕۆ ناویان ناهێنرێت لەو هەڵمەتە ئیعلامییەی کەئێستا لەگۆڕەپانەکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەویش بوونی ئەو هێزە خۆمەڵاس دراوەیە کە بەناوی ئاینەوە کاری خۆیان دەکەنو تەنیا کاریان سودوەرگرتنە لەو دەنگە ناڕەزاییەی ئێستاکە هەیە.

بێگومان هەرچییەک بن هێزە ناسیۆنالو چەپەکان ئەگەر لەدەسەڵاتیشدا بن یا نا، قسەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئایا هێزە ئیسلامییەکان کە بەدیلی ئەوان چاندنی فەرهەنگێکی هاوردەیە بۆ ناو کۆمەڵگەو فەرهەنگێکی دی لەکوردستان، ئامادەی ئەوەیان تێدایە کە لەو ئازادییە بگەن ئەمڕۆ زۆرێک لەخەڵکی کوردستان، لەپاڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا خەونی پێوە دەبینن!!

هەرچەندە لە لایەن خێزانەکەیەوە ناوهێنانی ئازیزەکەیان بەهەرجۆرێک نزیک لەو زانیاریانە رەتدەکرێتەوە، بەڵام روونکردنەوەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی کوردستان "هەولێر" دەربارەی تیرۆرکردنی "سەردەشت عوسمان" کە لەرۆژانی رابردوودا بڵاوکرایەوە، جگە لەوەی کەخێزانی سەردەشت راپۆرتەکەی ئاسایش بەچیرۆکێکی "بێسەرو بەرەو هەڵبەستراو دەزانن" بەڵام ئەو زانیاریانە بەڵگەی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە (ئەنسار ئیسلام) گروپێکی ئیسلامی تیرۆریستییە وەکو باندێک لەکوردستان "فەعالیان" هەیە.

یان وەک بەیاننامەی ئەو گروپە تیرۆریستییە لەبەرانبەر راپۆرتەکەی ئاسایشدا لەرۆژانی رابردوودا بڵاویانکردەوە، کەواتە بوونی ئەو باندە نهێنییە توندڕەوانەو بەو شێوە ئاگادارە لەکاروباری کوردستان ئەمە مەترسییەکی دیکەیە لەسەر مەترسییەکانی تر بۆ سەر کاری رۆژنامەگەریو ئازادی نووسینو رادەربڕین!

وەک چۆن لەکوردستان کاری رۆژنامەگەری رووبەڕووی قەیرانو مەترسی بووەتەوە، بێگومان قسەکردنیش کەدیاردەیەکی ئینسانی ئێجگار گرنگەو ئەمەش بەشێکی دییە لەئازادی دەربڕین، لەبەر ئەوەی قسەکردن تەنیا دەمکردنەوەو فڕێدانی وشەو رستەو پەرەگرافەکان نییەو دەرەنجامی هەیە. بۆیە لەم رۆژگارەی ئێستاماندا ئەگەر حیزبی کوردی قسەکان بە قەولی ئەو نەبێت، بەئاشکرا دژایەتی دەکاو بەحەرامی خۆی دەزانێ، بۆیە بەردەوامیش لەهەوڵی دەمکوتکردنو زار بەستنی کەسی ئازادیخوازدایە.

لەبەرەنگاربوونەوە، لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا تایبەتمەندی بەرچاوی چاخەکانی ناوەڕاست نەبوونی ئازادی تاک بووە. بەڵام تایبەتمەندی لەم سەردەمەی ئێمە لەوەدایە نەک تاک ئازاد نییە لەڕووی هەموو پێکهاتەو هەڵبژاردەکانی ژیانی بگرە لەئێستای ژیانی خۆمان هەر کەسێک بەڕۆڵی خۆی لەسیستمی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا کەزنجیرکراوە، لەرووی قسەکردنو دەربڕینەوە کەسێک ناتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێو ئەگەر بیشیگێڕێت بەربەستو فشاری زۆری بۆ دێتە پێش وەکو ئەو رووداوانەی لەچەند مانگو ساڵی رابردوودا بینیمان.

چونکە ماوەیەکە فشاری هەندێ حیزبو دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان لەسەر ئازادی رادەربڕینو میدیای ئازاد زیاتر هەستی پێدەکرێ، کەگەیشتووەتە ئاستێک مەترسی خستووەتە سەر ئازادی رادەربڕینو ئەزموونی حکومڕانیش لەکوردستان. بێگومان ئەو فشارانەش گەیشتووەتە ئاستێک دەکرێت بەتۆقاندنی سیاسی بەترساندنی رۆژنامەنووسو نووسەرانی لەقەڵەمبدەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە زیاتر ئەوان نەتوانن قسەبکەنو رەخنە لەکەموکوڕییەکانی دەسەڵات نەگرن.

بوونی ئەم فشارو بەربەستانەی کەرەنگدانەوەی نێگەتیڤیان هەیە بەسەر رەوشی رۆژنامەگەریو هەروەها ئەزموونی ئێستای وڵاتیش، بۆیە لەدونیای دەرەوەشدا ئەمڕۆ هەست بەبوونی ئەم رەوشە دەکەن. جگە لەوەی رۆژنامە عەرەبیو بیانییەکان بەوردی چاودێری ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەکەن.

بەپێی ئەو رووپێووخشتەی کەرۆژنامەنووسانی بێسنوور ئاماژەی پێکردووە، لەساڵی ٢٠١٠دا لەدوای وڵاتی ئێران، سعودییە، لیبیا، بۆرماو وڵاتی یەمەنی عەرەبی. عێراق دێت کەهێڵی مەترسی هێنراوە بەسەر نەخشەی وڵاتەکەدا، بێگومان هەرێمی کوردستانیش لەبەر ئەوەی هەندێ میدیا لەکوردستان، بەئاشکرا باسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتداریو بەهەدەردانی سامانی گشتی هەروەها بەئاشکرا دەستتێوەردانی حیزبی لەدامودەزگاکانی حکومەتو دادوەریدا دەخەنەڕوو. کوردستانیشی بۆ خراپی هەر بە بەشێک لەعێراق لەقەڵەمدراوە، گومانی تێدانییە ئەگەر ئازادی رادەربڕین بەربەستی بۆ دروست نەکرابایە، بێگومان کوردستان لەعێراق جیادەکرایەوە.

ئەگەر دەسەڵات ئاوا بڕوانیتە بەرپرسیارێتی خۆی بەرانبەر بەژیانی خەڵکی کوردستانو ئازادی هاووڵاتیان بێگومان ئەو بەرقەراربوونی حوکمی یاساو پاراستنی هاووڵاتییانەی کەئێستا زۆر شانازی پێوە دەکەن، ئەمەش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە!

shwansdiq@yahoo.com

> فشاری هەندێ حیزب و دەسەڵاتی سیاسی مەترسی خستووەتە سەر ئازادی رادەربڕین و ئەزموونی حکومڕانیش لەکوردستان

# چوارشەممەی تەنازول



یوسف حمەکریم

هەندێک لەسیاسییەکان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات هەموو کارێک بەسیاسەت ناوزەددەکەنو تەنانەت خودی زاراوەی سیاسەتیش دەکەنە سیاسەت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بەڵام دوای دەسەڵات قۆناغی بەردەوامی دێت کەزۆرجار سیاسییەکان لەبری سیاسەتی تاکتیکیو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەنا بۆ سیاسەتی سازشکاری دەبەن.

لێرەدا قۆناغەکە دیاریدەکات کەئایا سازشکردن رێگەپێدراوە یاخود نا؟ ئەگەرنا سازش بەمانا سیاسییەکەی وەرگرتنەوەیە بەبێ خواست، بەخشینە بەبێ بەرانبەر، لاوازییە بەبێ گەورەبوون، شکستییە بەبێئەوەی هەڵمەتی هەستانەوە بەهێزبکات، بەڵام لەمەفهومی ئاینیو کۆمەڵایەتییەوە "مەبەست" مانا دەبەخشێتە "سازش"، چونکە بەپێی پێوەری کۆمەڵایەتی "سازش" لەدەسەڵاتدا پێگە بەهێزدەکاتو لەئایندا چەند سازشبکرێت ئەوەندی پلەی سازشکار لەلای خودا بەرزدەبێتەوە.

هێزە سیاسییەکانی عێراق بەقۆناغێکی هەستیارو چارەنووسسازدا تێدەپەڕن، چوارساڵی داهاتوو بۆ ئەوان چوارساڵی یەکلاکەرەوە دەبێت، چونکە ئەم هێزانە لەتاقیکردنەوەی هەڵبژاردن دەرچوونو وەرگرتنیان لەکۆلێژی "بەردەوامی، ململانێو لەناوچوون" پەیوەندی بەسیاسەتی ئێستایانەوەیە، بۆیە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلو سەروەری عێراق ئامادەن دژ بەیەکتری بوەستنەوەو سازش بەرانبەر ئەو وڵاتانە بکەن کەچوارشەممەی خوێناوییان خستە فەرهەنگی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانەوە.


دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر کارەساتی (چوارشەممەی خوێناوی) کە بەپێی لێدوانەکانی ئەوکاتەی مالکی، سوریا لەپشت کارەساتەکەوەیەو لەماوەی٢٤ کاتژمێردا باڵیۆزی هەردوو وڵات کشانەوەو لێدوانی "عوکاز"یان بەرانبەر بەیەکتر بەکاردەهێنا، ئەوکات لێدوانەکانی مالکی واپێویستی دەکردو لەبەرژەوەندی حیزبەکەیدا بوو کەپەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بخاتە ئاستێکی مەترسیدارو تەنانەت سیاسییەکانی عێراقی بۆ دووبەرە دابەشکرد، بەرەی (بەرژەوەندی عێراق) کەسوننەکانو کورد لایەنگرییان دەکردو بەرەی (سەروەرییەکانی عێراق) کەمالکی سەرۆکایەتی دەکردو پێیوابوو سەروەری عێراق بەزێنراوە.

لەئێستادا مالکی بۆ بەردەوامبوون لەپۆستەکەی پەنا بۆ سیاسەتی سازشکردن دەبات لەگەڵ ئەو لایەنانەی کەدژایەتی کردوون، وەک چۆن بینیمان لەماوەی چوار ساڵی سەرۆک وەزیریدا تەنیا یەکجارو لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆمار سەردانی "دوکان"ی کردوو لەدوای هەڵبژاردنو لەماوەی دوو مانگدا دووجار سەردانی هەرێمی کرد، هەروەها رۆژی چوارشەممەی رابروود (١٥-٩-٢٠١٠) مالکی شاندێکی رەوانەی سوریا کرد کەپێکهاتبوون لەئەندامانی حیزبەکەی، بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو سوریا لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی وەزارەتی دەرەوەی عێراقە، نەک حیزبی دەعوە، لەڕاستیدا بچوکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ دەوڵەتی یاسا بەزاندنی سەروەرییەکانی عێراقە، بۆیە بەم هەڵوێستە مالکی (چوارشەممەی خوێناوی) کردە (چوارشەممەی تەنازول).

usf_da@yahoo.com

# ئایا ئەفغانستان گۆڕستانی ئیمپراتۆرییەتەکانە؟

## گەر دەتەوێت رێگەی ئەفغانستان بدۆزیتەوە، شێواندنی مێژوو دەستپێکێکی باش نییە



ن. کریستیان کارێڵ
و. شالاو فەتاح

گۆڕستانەکە داپۆشن
ئەوە دایکی هەموو کلێشەکانە، بەڕادەیەک کەس ناتوانێت بەربەرەکانی بکات، کۆنە ژنەراڵە عاقڵەکان تا رەخنەگرە توندەکانی لەبلۆگەکانیاندا بەکاریانهێناوە، لەکەناڵە ئینگلیزی زمانەکەی روسیاوە تا رۆژنامە شرەکانی پاکستانو رادیۆی نیشتمانی ئەمریکا. وادیارە هەفینگتۆن پۆستیش بەبێ ئەوە ناژی، تەنانەت یەکێک لەکتێبەکان تایتڵەکەی بەمشێوەیەیە، ئەفغانستان، پێمانوترا کە "گۆڕستانی ئیمپراتۆرییەتەکان"ە.

بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەتی زەمەنی ڤیکتۆریا، بەشێک بوون لەزنجیرەی درێژی ئەو داگیرکارە لەخۆباییانەی کەرووبەڕووی زەواڵی خۆیان لەخێڵەکییە زینۆفۆبییە فاناتیکە شەڕانییەکان بوونەوە. گەر سەیری ریکۆردەکانیش بکەین، روون دیارە ئەو هەوڵەی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکەی، ناتۆوە دەدرێت بۆ جێگیرکردنی حکومەتە شلۆقەکەی کابوڵ، عاقیبەتی شکست بووە.

بڕوانە، شکست هەمیشە دەرەنجامێک بووە، بەتایبەت بەحوکمدان لەسەر شێوازی رووداوەکانی ئەم دواییە. بەڵام گەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکەی بەشی خۆیان لەهاوکێشەکە بشێوێنن، ئەوە لۆمەی بڕیارە سیاسییە خراپەکانیان بکە. لۆمەی ڤێرژنێکی سادەکراوەی مێژووی ئەفغانستان مەکە (بەتایبەت گەر دووبارە بەوردی سەیری درێژەی رووداوەکان بکەین).

وەک رۆژێک تۆماس باریفێڵد ئاماژەی پێکرد، لەراستیدا ئەفغانستان، بەشێکی زۆری مێژووەکەی، لانکەی ئیمپراتۆرییەتەکان بووە نەک گۆڕ. باریفێڵد کە لەزانکۆی بۆستن ئەنترۆپۆلۆژیستە، لەسەرەتای حەفتاکانەوە لێکۆڵینەوەی ئەفغانستان دەکات، کتێبێکی نووسیوە لەژێر ناوی "ئەفغانستان.. مێژووی سیاسیو کلتووری" خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەو جۆرە لێکدانەوەو تێگەیشتنە کۆنەی دەربارەی ئەو شوێنە هەمانە.

یەکێک لەو ئەفسانانە ئەوەیە کەئەفغانستان شوێنێکی داگیرنەکراوە، لەبەر ناهەمواری دانیشتووانیو سروشتی سەختی ناوچەکە. بەڵام ئەمە هەمووی ناخرێتە ئەستۆی مێژوو. تا ساڵی ١٨٤٠یش، ئەفغانستان بە "شەقامی سەرەکی داگیرکاری" ناسرابوو نەک "گۆڕستانی ئیمپراتۆرییەتەکان"، وەک باریفێڵد وتی، "بۆ ماوەی ٢٥٠٠ ساڵ هەمیشە بەشێک بووە لەئیمپراتۆرییەتێک، کە بەئیمپراتۆرییەتی فارس لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە دەستپێدەکات".

دوای فارسەکان سەرەی ئەسکەندەری گەورە بوو. هەندێک مشتومڕی ئەوە دەکەن ئەسکەندەریش لەئەفغانستان تووشی زەواڵی خۆی بووە، چونکە تیرەندازێکی ئەفغانی پاژنەی بریندارکرد، کەکۆمەڵێک بەدبەختی تری بەدواداهات تا بووە هۆی مردنی ئەو داگیرکارە گەورەیە. دەبێت گومان لەوانە بکەین کەباوەڕیان بەوە هەیە، چونکە تائێستاش دراوی یۆنانی لەئەفغانستان ماوە. لەڕاستیدا دوای مردنی ئەسکەندەریش، جێگرەوەکانی توانیان بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن، ئەمەش زۆر خراپ نییە. لەبەر مەرکەزییەتی ئەفغانستان لەبازرگانی جیهانیدا، پێش ئەوەی کەشتییە ئەوروپییەکان کۆتایی بەچاخی مۆنۆپۆلکردنی گواستنەوە لە "رێگەی ئاوریشم" بهێنن چەند ئیمپراتۆرێکی دیکەش بەدوایدا هاتن.

ئەی ئەم رایە باوە چییە کەدەڵێت تەنانەت جەنگیزخانیش لەلایەن ئەفغانییەکانەوە زەلیلکراوە؟ باریفێڵد پێیوایە ئەو رایە بێمانایە. جەنگیز لەداگیرکردنی ئەو شوێنەدا کێشەی نەبووە، جێگرەوەکانیشی چەندین شانشیان دروستکردو ئەفغانستیان کرد بەبنکە. تەیمور (کەزۆربەمان وەک تەیمورلەنگ دەیناسین)، پایتەختەکەی خۆی بەیەکجاری لەسەمەرقەندەوە بۆ شاری کۆزمۆپۆلیتانی هیرات گواستەوە، ئەمەش بەڵگەیە کەحسابی بۆ بەڕێوەبردنی ئەفغانستان کردووە. بابوور کە لەکابوڵ نێژراوە، ئەفغانستانی بەکارهێنا بۆ دەستپێکی چەند داگیرکارییەک دژی بەشێکی هیندستانو بۆ ماوەی چەند سەدەیەکیش حوکمی موسڵمانانی تێدا دامەزراند. ئەفغانستان تەواو دڵخۆش بوو بەمە.

لەڕاستیدا حوکمی خۆیی ئەفغانستان داهێنانی بەشێکی ئەمدواییەی مێژووی ئەفغانستانە کەدەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی سەدەی هەژدە. ماوەی سەدەیەکیشی ویست بۆ ئەوەی سومعەو ناوبانگی "ئیمپراتۆر شکێن" بەدەستبێنن. ئەمەش کاتێک بوو کەئەفغانستان سزای هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیای داو هەموویانی تێکشکاند جگە لەسووپایەکی شانزە هەزاری کەبۆ ئەوە نێردرابوون سزای حوکمدارە ئەفغانییەکان بدەنو وانەیەکیان بدەنێ.

بەڵام کۆنتێکست هەموو شتێکە. هەمووان حەزدەکەن ئەوە لەبیرکەن دوای ئاژاوەی بەریتانییەکان چی روویدا، بەریتانییەکان لەساڵی ١٨٤٢ دووبارە داگیریانکردەوە، هەموو یەکێکیان لەسووپای ئەفغانی تێکشکاند کە لەدژیان نێردرابوون. راستە بەریتانییەکان نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بپێکن لەرێگرتن لەپێشڕەوی رووسیای قەیسەری بەرەو ناوەندی ئاسیا. ناچاربوون چاوەڕوانی دووەمین جەنگی ئەنگلۆ-ئەفغان بکەن لەساڵی (١٨٧٨-١٨٨٠)، لەم جەنگەشدا زۆرینەی ناوچەکانی ئەو وڵاتەیان داگیرکردو حوکمدارە ئەفغانییەکانیشیان ناچارکرد کەمافی ڤیتۆی بەریتانیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەفغانستان قبوڵبکەن. ئەو حەقیقەتەش دەبێت بزانرێت کەشەڕی یەکەمی ئەنگلۆ-ئەفغان پێش کۆتاییهێنان بەئیمپراتۆرییەتی ئینگلیزی بەسەدەیەک کۆتاییهات. لەراستیدا لەندەن هەرگیز نەیدەویست ئەفغانستان بکاتە بەشێک لەئیمپراتۆرییەتەکەی. ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە بەدەستیشهات، ئەوەبوو کەئەفغانستان بکاتە وڵاتی بەربەست لەبەردەم ئیمپراتۆرییەتە رکابەرەکانی وەک رووسیا.

ئەی دەربارەی سۆڤیەت چی؟ لەڕاستیدا ئەو شلۆقییەی تووشیان بوو لە ئەفغانستان (بەهەموو دواهاتە سیاسیو ئابووریو سایکۆلۆژییەکەوە) فاکتەری سەرەکی رووخانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بوو. بەڵام تەنانەت بەدگومانترین مێژوونووسەکانیش بەوە قایلن کە لە ١٩٨٤دا، سۆڤێتەکان بارودۆخیان لەموجاهیدین باشتربوو. ئەوە بڕیاری ئەمریکا بوو کەموشەکی دژەفڕین بۆ بەربەرەکانیکارە ئەفغانییەکان بنێرێت، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی توانای باڵای کۆپتەرە رووسییەکان، دواجار بووە هۆی گەڕانەوەی گەریلاکان بۆ شەڕ.

خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە، داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە نوێنەرایەتی دابڕانێکی سەرەکی بوو لەرابردووی ئەو وڵاتە، نەک بەردەوامی پێدانێک بووبێت. سۆڤێتو هاوپەیمانانی وڵاتەکەیان وێرانکردو زۆر لادێیان رووخاند، ملیۆنانیان بۆ سەر سنوور ئاوارەکرد. ئەوان دامودەزگاو بژاردە تەقلیدییەکانیان کردە ئامانجو بوونە هۆی دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات کە بەپەرۆشەوە لەلایەن ئیسلامیستە شۆڕشگێڕەکانەوە (کە لەلایەن پاکستانەوە پشتگیری دەکرانو لەلایەن جەنگیارەکانی شەڕی سارد لەواشنتۆن هاندەدران) پڕکرایەوە، بەڵام لەڕاستیدا هیچ کاتێک بەتەواوەتی پڕنەکرایەوە.

ئەو هەوڵەی کۆمۆنیستەکان بۆ سەپاندنی رشتەیەکی یۆتۆپی بەسەر کۆمەڵگەیەکی تەواو تەقلیدییدا بووە هۆی "یەکەمین یاخیبوونی نیشتمانی" لەئەفغانستان، بەجۆرێک بووە هۆی تێپەڕاندنی سنوورە کۆنەکانی خێڵو ئێتنیک. وەک باریفێڵد دەستنیشانیدەکات، شەڕی دژ بەسۆڤیەت تەواو جیاواز بوو لەگشت شەڕەکانی دیکەی ئەفغانستان وەک وڵات کەزۆربەی کات لەسەر کێشە ناوخۆییەکان بوو، لەدەوری کێشەی جێگرتنەوەی شا دەسووڕایەوە. باریفێڵد دەڵێت، "لەساڵی ١٩٢٩ تا ١٩٧٨، وڵاتەکە تەواو لەئاشتیدا بوو". رەنگە هەندێک سەیریان لەیاخیبوونی ئێستا بێتو پێیانوابێت ئاکامی کۆنەقینێکە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا (وەک کێشەیەکی نێوان پەشتوونەکان). بەڵام ئەمە بەتەنیا پاساوی کێشەکە ناکات. لەڕاستیدا پێچەوانەکەی دروستە.

بەداخەوە، رای شەقامو جەماوەری ئەم وڵاتە بەهۆی سی ساڵ جەنگی ئەم دواییەوە شێوەی پێ بەخشراوە نەک هۆشیارییەکی مێژوویی بێت. چالاکوانانی دژەجەنگ رۆتینیانە لۆمەی سووپای خۆرئاوا دەکەن کە لەدوای ٢٠٠١وە بوونەتە هۆی تێکشکانی ژێرخانی ئابووریو بڵاوبوونەوەی فێربوونی بەکارهێنانی خەشخاش. بەڵام ئەو دووانەی سەرەوە هەردوو بۆ کاتی داگیرکاری سۆڤیەتو شەڕی ناوخۆی دوای ئەو دەگەڕێتەوە. هەندێکی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کەئەفغانستان هەر بەسرووشت دژە شارستانییەتە. ستیڤن هارپەری سەرۆک وەزیرانی کەنەدا لەساڵی ٢٠٠٩و لە سی.ئێن.ئێن وتی، "هەرگیز ناتوانین یاخیبووان تێکبشکێنین، بەپێی خوێندنەوەم بۆ مێژووی ئەفغانستان، هەمیشە یاخیبوونی هەبووە".

باریفێڵد پێیوایە ئەفغانییەکان دەمێکە لەوە تێگەیشتوون کەبیانییەکان وەک دڕندەی ماڵی نەکراو دەیان ناسن، بەڵام خۆیان دەیانەوێت ئەم ستێریۆتایپە، ئەم رایە بپارێزن هەڵبەت بۆ سوودی خۆیان. ئەو دەڵێت، "ئەفغانییەکان زیادگۆیی لەگێڕانەوەی مێژوویان دەکەن کاتێک باس لەبەهێزییان دەکەن لەدەرکردنی داگیرکارەکاندا. لەم حاڵەتەدا کەمی زانیاری دەربارەی مێژووی ئەفغانستان دەبێتە هۆی خۆبەدوورگرتنی ئەوانی دی، بەڵام ئەمە تەنیا وەهمێکی ترسناکەو هیچی تر". باریفێڵد پێیوابوو لەساڵی ٢٠٠١دا، ئوسامە بن لادنو مەلا عومەر ئەم ئەفسانەیەیان بۆخۆیان تەبەنیکردەوە (بەڵام سەیری حوکمی تاڵیبانو نوای ئارامی قاعیدە بکە، هەردوو لەژێر بۆمبارانی ئەمریکادا هەرەسیان هێناوە).

من هەمان ساڵ سەردانی ئەفغانستانم کرد. ئەو ئەفغانییانەی من پێیانگەیشتم نە زینۆفۆبی بوونو نە شەڕانی. ئەوەی دەیانویست ئاشتی بوو، متمانەیان بەسەرکردەکانی خۆیان نەبوو کەبۆیان دابین بکەن. شەڕکەرێکی سەری سپیو نەخوێندەوار پێیوتم، "ئێمە لەشەڕ بێزاربووین، رقمان لەشەڕە، دەمانەوێت هەڵبژاردنی ئازادمان هەبێت"، دواتر "رێبدەن با نەتەوەیەکگرتووەکان بێتە ناوەوەو رێ بەدەستتێوەردانی سەرانی شەڕ بگرێت، بەدڵنیاییەوە دادپەروەرانە دەبێت". لەمجۆرە تێڕوانینەم لەلایەن ئەفغانییەکانەوە بەرگوێ دەکەوت. بەڵام ئەم تێڕوانینە بۆ ئێستا لەخەون دەچێت، ئەوەش قورسە کەبزانیت چەندێک لەهاوکارانی هەمان تێڕوانینیان هەبووە، حەماسەتیشیانم بیرچووەتەوە. شتێک کەدڵنیام لێی ئەوەیە، گەر بەڕاستی داهاتوویەکمان بۆ ئەفغانییەکان دەوێت کەشایانیان بێت، خۆبەستنەوە بەمێژوویەکی شێواوەوە یارمەتیمان نادات.

## ئەفغانستان

**کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان دەکەوێتە باشووری ئاسیای ناوەڕاستەوە، هەرچەندە پێشتر بەو جۆرە پۆلێنکرابوو کە لەچوارچێوەی باشووری ئاسیادا بێت. هەریەک لەوڵاتانی ئێران لەخۆرئاواوەو تاجیکستانو ئۆزبەکستانو تورکمانستان لەباکوورو چین لەباکووری خۆرهەڵاتەوەو پاکستان لەباشوورو خۆرهەڵاتەوە دراوسێن.**

**ئەفغانستان بەیەکێک لەخاڵەکانی پەیوەندی بۆ گواستنەوەی حەریرو کۆچو رەوی مرۆڤایەتی لەکۆندا دادەنرێت. ئەفغانستان کەخاوەنی هەڵکەوتەیەکی جیۆستراتیژییە هەریەک لەخۆرئاواو خۆرهەڵاتو باشوورو ناوەڕاستی ئاسیا پێکەوە دەبەستێتەوە. نیشتمانی زۆرێک لەنەتەوە کۆنو نوێکانی ناوچەکە بووە لەقۆناغە یەک لەدوای یەکەکاندا. لەسەدەی هەژدەیەمو لەگەڵ دەرکەوتنی تیرەی پشتۆندا مێژووی سیاسی ئەو وڵاتە دەستپێدەکات ئەو کاتەی ئەحمەد شا دەرانی لەساڵی ١٧٠٩دا لەقەندەهار دەسەڵاتی گرتەدەست. لەساڵی ١٧٧٦دا پایتەختی ئەفغانستان لەقەندەهارەوە گۆڕا بۆ کابوڵ. لە١٩ی ئۆگەستی ساڵی ١٩١٩داو دوای جەنگی سێیەمی ئینگلیزەکانو ئەفغانییەکان ئەو وڵاتە توانی سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت.**

**لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ئەفغانستان بەئەزموونێکی تاڵی شەڕی نێوخۆدا تێپەڕیو لەساڵی ١٩٧٩دا جارێکی دیکە لەلایەن بیانییەکانەوە لەجەنگی سۆڤییەتدا داگیرکرایەوە. دواتر لەساڵی ٢٠٠١داو بەڕابەرایەتی ئەمریکا "پرۆسەی ئازادی رەها" دەستیپێکرد کەکۆتایی بەحوکمی تاڵیبان لەو وڵاتە هێنا. لەدیسەمبەری هەمان ساڵیشدا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری پێکهێنانی هێزی ئیسافی بۆ هاریکاریکردنی ئیدارەی کارەزای پێکهێنا.**

# کۆماری بێدەنگی



ژان پۆل سارتەر
و: لەفارسییەوە محەمەد هاشمی

ئێمە هیچ کات بەرادەی سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە ئازاد نەبووین. ئێمە هەموو مافەکانمانو یەکەمینیان مافی دەربڕینمان لێزەوتکرابوو. هەموو رۆژێک، چاو لەناو چاو، سووکایەتییان پێدەکردینو دەبوو بێدەنگ بووینایە. ئێمەیان کۆمەڵ بەکۆمەڵ دووردەخستەوە بۆ تاراوگە، بەناوی کرێکار، جوولەکەو زیندانی سیاسی، هەر شوێنێک، لەسەر دیوارەکان، لەرۆژنامەکانو لەسەر پەردەی سینەما، ئەو وێنا بێ رۆحو قێزەونەمان دەبینی کەستەمکاران دەیانویست خۆمان دەرخواردی خۆمانی بدەین، لەبەر هەموو ئەمانە، ئێمە ئازاد بووین. لەو رووەوە کەپێدەچوو ژەهری نازی چووبێتە ناو مێشکی ئێمەوە، هەر ئەندێشەیەکی دروست سەرکەوتنێک ئەژماردەکرا، لەکاتێکدا پۆلیسێکی کارامەو شارەزا لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەبێدەنگمان راگرێت، هەر وتەیەک راگەیاندنی دووبارەی باوەڕە بنەڕەتییەکانمان بوو، لەکاتێکدا کەئێمەیان خستبووە دواوە، هەر جوڵەیەکی ئێمە دەبوو بە بەهای بەڵێنێک. دۆخو هەلومەرجی ترسناکی خەباتی ئێمە، لەکۆتاییدا ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمە دەڕەخساند کە بەبێ دەمامکو بەبێ پۆشش لەو دۆخە بێ قەرار ئامێزو چارهەڵنەگرە بژین کەپێیاندەوت مەرجەکانی ژیانی مرۆیی. دوورخستنەوە بۆ تاراوگە، دیلیو بەتایبەتی مەرگ (کە لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا لەسەردەمە خۆشەکان خۆمان لێ دەدزییەوە) دەبووە مەراقی ئاڵۆزی هەمیشەیی مێشکی ئێمە. فێردەبووین کەئەمانە نە ئەو رووداوانەن کەدەکرا پێشیان پێبگرینو نەک تەنانەت هەڕەشەی هەمیشەییو رواڵەتی: ئەمانە بەشو پشکی ئێمە، چارەنووسی ئێمەو لەبنەڕەتدا راستی ئێمە وەک مرۆڤە. هەر ساتێک لەژیانی ئێمەدا لێکدانەوەی تەواوی ئەم واتا گاڵتەجاڕانەیە بوو: (مرۆڤ فانییە). هەر بڕیارێک کەهەر کام لەئێمە بۆ خۆی دەیدات، بڕیارێکی باوەڕپێکراو دەهاتە ئەژمار، چونکە لەکاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا دەدرا، چونکە هەرجارێک دەیتوانی بەشێوەی (مەرگ باشترە تا...) دەردەبڕا. من لێرەدا رووی قسەم لەو کۆمەڵە هەڵکەوتووەی ئێمە نییە کە لەبزووتنەوەی بەرەنگاریدا بوون، بەڵکو هەموو ئەو فەرەنسایییانەی کە لەهەر سەعاتێک لەم چوار ساڵەدا وتیان نا! بەڵام دڕندەیی دوژمن هەر کام لەئێمەی بەرەو کۆتاییەکی ئەم کۆمەڵە پاڵ پێوە دەناو لەخۆمان کۆمەڵێک پرسیارمان دەپرسی، کەهیچ کەس لەکاتی ئاشتیدا لەخۆی ناپرسێت: هەر کام لەوانەی ناو ئێمە کە لەوردەکارییەکانی بەرەنگاری بەئاگابوون، کام فەرەنسایی لانیکەم یەکجار لەم دۆخە نەکەوتبوو؟، بەدڵەڕاوکێوە لەخۆیان دەپرسی: (ئایا ئەگەر ئەشکەنجە بدرێم، بەرگەدەگرم؟). بەمجۆرە بنەڕەتیترین پرسیارەکانی ئازادی دەهاتە گۆڕێو ئێمە بەسەر قوڵترین مەعریفەتێکدا زاڵ بووین کەمرۆڤ دەیتوانی لەخۆی ببینێت. چونکە رازی مرۆڤ گرێی ئۆدیپ یان گرێی خۆبەکەمزانین نییە، بەڵکو سنووری ئازادی خۆیەتی، توانایی ئەوە لەبەرەنگاربوونەوە لەبەرانبەر رەنجو مەرگدا.

هەلومەرجەکانی تێکۆشانی ئەو کەسانەی کەسەرقاڵی چالاکی ژێرزەمینی بوون، ئەزموونێکی نوێی بۆ خولقاندن: ئەوان وەک سەربازەکان لەرۆژی رووناکدا نەدەجەنگان. ئەوان تەنیا دەکەوتنە دواوەو لەتەنیاییدا بەدیلدەگیران. بێ یارو هاودەمو دۆستو هاوڕێ خۆڕاگریان دەنواند، تەنیاو رووتو قووت پێشیان بەجەلادەکان دەگرت کەریشیان تاشرابوو، باشیان خواردبوو، باشیان پۆشیبوو و بەلەشی بێ هێزی ئەوان پێدەکەنین، ئەو ئەشکەنجەچییانەی کەویژدانی بێ کێشەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکەیان، ئەوانی بەرحەقو رەوای دەنواند. تەنیا، بەبێ دەستێکی خۆشەویستی یان وشەیەکی هاندەرانە. بەهەرحاڵ، لەقوڵایی تەنیاییەکەیان، خەریکبوون پشتیوانیان لەوانیتر دەکرد، هەموو ئەوانیتر، هەموو هاوڕێکانی بزووتنەوەی بەرەنگاری. وشەیەک تەواو بوو تا دەیانو سەدان دەستگیریتر رووبدات. بەرپرسیارێتی تەواو لەتەنیایی تەواودا، ئایا هەمان پێناسەی ئازادی ئێمە نییە؟ ئەم بێبەشییە، ئەم تەنیاییە، ئەم مەترسییە گەورەیە بۆ هەمووان یەکسان بوو. بۆ رێبەرانو رێڕەوانی رێبەر، سزا بۆ ئەو کەسانەی کەپەیامو بروسکەکانیان دەگەیاند بێئەوەی بزانن ناوەڕۆکەکەی چییەو بۆ ئەو کەسانەی کەبزووتنەوەی بەرەنگارییان رێبەری دەکرد، یەکسان بوو: دیلی، دوورخستنەوە بۆ تاراوگەو مەرگ. هیچ ئەرتەشێک لەجیهاندا بوونی نییە کەمەترسی بۆ فەرماندە گشتییەکەی ئەو لەگەڵ سەربازێکی سادە وەک یەک وا بێت. هەر بۆیە بزووتنەوەی بەرەنگاری کۆمارێکی راستەقینە بوو: سەربازو فەرماندە لەبەردەم هەمان مەترسیدا، هەمان دوورخستنەوە، هەمان بەرپرسیارێتی تەواو گرنگو هەمان ئازادی رەهای دەروونی ئەم سیستمە بوون. بەمجۆرە، لەخوێنو تاریکیدا، بەهێزترین کۆمار بنیاتنرا. هەر کام لەشارۆمەندانی ئەم کۆمارە دەیانزانی کەقەرزداری هەموو ئەوانی ترنو تەنیا دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن، هەر کام لەوان لەتەنیاییەکەیدا دەربارەی رۆڵە مێژووییەکەی بەئاگابوو. هەر کام لەوان، لەبەرانبەر ستەمکاران، لەپێی گرێبەستێکی ئازادانەو بێ هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ خۆیدا وەستابوو. بەهەڵبژاردنی ئازادانەی خۆی، ئازادی بۆ هەمووان هەڵدەبژارد. ئەم کۆمارە بەبێ دامەزراوەکانی، بەبێ ئەرتەشو بەبێ پۆلیس شتێک بوو کەهەر فەرەنسییەک لەهەر ساتێک کەدەستی دەخستو دژی نازیزم شایەتی دەدا. کەس لەبەڕێوەبردنی ئەرکە راسپێردراوەکەی نەمایەوە.

ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم کۆمارێکی دیکەدایین: دەبێت ئەم کۆمارە کە لەرووناکی رۆژدا بنیاتدەنرێت، خاڵە بەهێزە تاڵەکانی، کۆمارەکەی شەو و بێدەنگی بپارێزێت.

ژان پۆل سارتەر- ١٩٤٤

# سەرنجێک لەسەر روانینو ئەندێشەی شاعیرانە

ئا: ئازاد بەهین

شیعر ژیانەو ژیان شیعرێکە کەهەموو ساتێک روودەدات. رووداوی شیعرو ژیان بەدوو توخمی گەورەی هەستی مرۆڤەوە، واتە ئەندێشەو هەستەوە بەندە. جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ زیندەوەرەکانی تری جیهانی خوڵقاو ئەوەیە کەبیردەکاتەوەو هەستدەکات. بیردەکاتەوە تا لەجیهانو لەبوونی خۆی لەجیهاندا تێبگاو هەستدەکات لەبەرئەوەی دەیەوێ لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا لەپەیوەندیدا بێو کاریگەر بێو بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. ئێستا شاعیر وەک تاکێک کە لەجیهانی وشەکاندا دەژیو جیهانی وشەکان پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئەندێشەو هەستی مرۆڤدا هەیە، زیاتر لەویتر بیردەکاتەوەو هەستی هەستیارترو لاوازترە لەمرۆڤەکانیتر. ئەندێشەو هەستی شاعیر ناچاریدەکەن بچێتە ناو خۆیەوە. چوونە ناوخۆی شاعیر وەک چوونە ناو بوونی وشەکانو پەیوەندی ئەوان وایە لەگەڵ یەکتردا. وشەکان، ئەندێشەو هەستی شاعیر بەرەولای خۆیان رادەکێشنو لەواندا خۆیان دەنوێنن. ئەم نواندنە بەرۆڵی توخمە تەکنیکیو تاکتیکەکانی شیعر بەڕێوەدەچێ. ئەندێشە پەیوەندی بەزمانەوە هەیەو هەست بەفۆرمەلەبوونی لەچوارچێوەی تایبەتی خۆیدا. بەڵام ئەو شتەی کەلێرەدا جێی باسو ئاوڕلێدانەوەیە، ئەندێشەی شاعیرانەو چۆنییەتی فۆرمەلەبوونییەتی لەزەینی شاعیردا.

**دیتن یان بینینی شاعیرانە**

بێگومان سەرەتاییترین قۆناغی فۆرمەلەبوونی شیعر لەزەینی شاعیردا، سەرنجدان یان روانگەی شاعیرانەیە. روانگەیەک کەهەندێ جار بەجیهانی ناوەوەی خۆیەتیو شاعیر دەڕوانێتە قوڵایی خۆیو هەندێ جار لەلایەن دیتنی رۆژانەوە دەڕوانێتە جیهانی دەرەوەی خۆی. زەینی شاعیر بۆ دابینکردن پێویستی بەروانگەیە. شاعیر لەرێگای دیتنەوە دەگا بەوێنەو وێنە هەمان وشەیە. د.رەزا بەراهەنی لەبابەتی "ئیلهامو دۆزینەوە"دا دەنووسێ: "خوڵقاندنی شیعر لەو جێیەوە دەستپێدەکات کە لەناکاو لەژوورێکدا کەدانیشتوویت، دەستێکی نەبینراو چراکە هەڵدەکا. لەساتێکدا هەرچی کە لەژوورەکەدایە دەیبینی، هەموو شتەکانی ناو ژوورەکە بەرەو چاوی تۆ هێرش دێننو پەلامارت دەدەنو لەزەینی تۆدا خۆیان تۆماردەکەن. لەناکاو دەستێکی نەبینراو چراکە دەکوژێنێتەوەو تۆ دەمێنیتەوەو تاریکی ژوورەکەو بیرەوەری ئەو شتانەی ناو ژوورەکەت کە لەکاتی رووناکبوونی ژوورەکە لێت روانیون". ئەوە هەمان دیتنە. دیتنی شاعیرانە. دیتنێک کە لەساتێکدا روودەدات. ئەو ژوورەی کە د.رەزا بەراهەنی قسەی لەسەر دەکات رەنگە بەئیستعارە هەر ئەو جیهانە ناوەوەو دەرەوەیەی شاعیر بێو ئەو دەستە نەبینراوە پاڵنەری زەینێک بێ کە لەساتێکدا شاعیر ناچار بەجۆرێکیتری دیتن دەکات.

ئەم جۆرە دیتنەی تری شاعیر یەکێکە هەر لەو جیاوازیانەی ئەندێشەو هەستی شاعیر لەگەڵ مرۆڤەکانیترو ئەم جۆرە دیتنەیتر هەر ئەم تەقینەوەیەیە کەدەبێتە هۆی فۆرمەلەبوونی ئەندێشەو هەست لەزەینی شاعیردا. روانینی شاعیر لەساتێکدا دەبێتە هۆی بزواندنی ئەندێشەو هەستی. لەساتێکدا کەشاعیر لەسروشتی روانینی بەردەوامی خۆیدا نییە، شتێک دەیبا بۆ ئەودیوی دیتنە ناسکەکان. د.شەفیعی کەدکەنی لە کتێبی "سۆری خەیاڵدا" لەمەڕ روانگەی شاعیرانە لەبەرانبەر جیهانی دەوروبەری خۆیدا دەنووسێ: داگیرکردنی زەینی شاعیر لەچەمکە ئاساییەکانو پەیوەندییەکانی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، یان سروشت لەگەڵ سروشتدا بەو جۆرەی کەدەزانین بەرهەمی چەشنێک وریایی ئەوە لەبەرانبەر تێگەیشتنی ئەو پەیوەندییانەدا. زەینی شاعیر تەنیا زەینێکە کەدەتوانێ لەبەرانبەر هەستە پەیوەندیدارەکاندا وریا بێ. وریایی داگیرکردنی زەین هەر ئەو دیتنەیە. دیتنێک کەناوەڕۆکی چەمکی شتەکان داگیردەکاتو دوای دەروونیکردنیان بەرهەمیان دێنێتەوە. بەڵام لەتێڕوانینێکی وردبیانەتردا لەوتەی د.شەفیع کەدکەنی بەوە دەگەین کەزەینی مرۆڤ وەک ئەنباری دیتنەکانی شاعیرانە بەردەوام لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی لەپەیوەندیدایە. زەینی شاعیر لەکەمینی ئەو پەیوەندیانەدایە کەمرۆڤ لەگەڵ سروشت یان سروشت لەگەڵ سروشت دەیگرن. هەڵبەت شتێک کەدەکرێ بەوتەی د.شەفیعی کەدکەنی زیادبکرێ، ئەوەیە کەئەو جۆرە سروشتەی کەئەو قسەی لەسەر کردوون سروشتی ناوەوەیە کەپەیوەندی شاعیر لەگەڵ ئەم چەشنە سروشتە زۆرترو پڕرەنگترە. زەینی شاعیر بەدیتنی ئەم پەیوەندییانە تێردەکرێو هێزی بزاوتن دەگرێ. هێزی بزاوتنێک کەزەین لەدیتن یان لەروانگە دەیگرێ، توخمی خەیاڵە. هەر ئەو توخمە زیادییەی کەدەبێتە هۆی جیاوازی روانینی شاعیرانە لەگەڵ روانگەی مرۆڤەکانیتر. دیتنی شاعیر خەیاڵاویانەیە. هەڵبەت مەبەست لەخەیاڵ بەتەواوی ئەو واتا گوماناوییە نییە، بەڵکو خەیاڵ هەر ئەو جیاوازییەیە لەروانگەی شاعیردا کەدەیباتە ئەودیوی دیتنە ناسکەکان. خەیاڵکردن رازی سەرکەوتنی روانگەی شاعیرانەیە. ئەگەر روانینی شاعیریش بەدونیای دەوروبەری خۆی هەر وەک روانینە سروشتییەکانی رۆژانە بێ، کەواتە ناتوانێ جیاوازییەک هەبێ لەنێوان چەمکی قسەو باسەکانی رۆژانەی مرۆڤەکان لەگەڵ شیعری سەردەمی خۆیاندا. روانینی شاعیرانە لەتوخمی خەیاڵدا روودەدات.

بەپێی تەواوی بەڵگە مێژووییەکان سەبارەت بەشیعر، توخمو ماکی خەیاڵ یەکێک لەسەرەکیترین بنەماکانی هونەری شیعر بووە. توخمێک کەبوونی سەرەتا لەروانینی شاعیردا سەرهەڵدەداو دواتر لەبەشەکانی تری شیعردا خۆی تۆماردەکات. بەڵام فۆرمەلەبوونی توخمی خەیاڵ لەناوەڕۆکی ئەندێشەیەک رودەدا کە لەروانینی شاعیرانەوە هەڵدەقوڵێ. د.شەفیعی کەدکەنی لەبەشێک لەقسەو باسەکانی خۆیدا لەبواری توخمی خەیاڵدا ئاماژە بەوە دەکات کەخەیاڵ بەرهەمی چەشنێک ئەزموونە کە لەروانینی شاعیرانەدا بەدەست دێ. لەدرێژەی ئەودا لەخەیاڵ وەک "وێنە" یان "ئیماژ"یش باسدەکەن کە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی دیتنو روانینێک کەهەڵقوڵاوی ئەندێشەو بیرکردنەوەیە.





# دەربارەی "خەون بینەکان"ی بێرتۆلۆچی

ن: ئومید مێهرەگان
و: سەرگوڵ خودایار

لەم سالانەدا کەدروشمی "سینەما مردووە" کەوتووەتە سەر زاران و هەموو کەس ڕێگە بەخۆی دەدات دەربارەی گرنگترین دیاردەی سەدەی بیستەم قسەبکات، کۆمەڵێ دەرهێنەر دەبینین کەفیلم سازدەکەن، ڕوانگەیەکی جیا لەم ڕوانگەیە بخەنەڕوو. فیلمی نوێی بێرنارد بێرتۆلۆچی، "خەون بینەکان" بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەم پرسە. ئەم دەرهێنەرە ناودارەی سینەمای ئیتاڵیا، زۆرجارو لەسەردەمە جیاوازەکاندا فیلمگەلێکی بەرهەمهێناوە کە لەگەڵ ئەوەی وەک فیلم درەوشاوەو هەرمان بوون، هەڵگری پرسە ڕۆژانەو ڕوانگە گشتییەکانی جیهانیش بوون. دوایین بەرهەمەکەی دەربارەی ساڵانێکی نە زۆر دوورە کەکۆمەڵێک خوێندکاری فەڕەنسایی ڕژانە سەر شەقام، بەوەی ناڕەزایەتی خۆیان بەجەنەڕاڵ دووگول نیشانبدەن و هەروەها نیشانیبدەن کەزۆر کاریان لەدەستدێ. بەڵام گەر لامان وابێت "خەون بینەکان" فیلمێکە کەتەنیا دەیەوێ باس لەو ئاخێزە خوێندکارییە بکات، لەهەڵەداین، کەشوهەوای ئەو سەردەمەم بیانوویەکی باش بووە بەوەی بێرتۆلۆچی گرنگترین کەڵکەڵەی ئەو سەردەمی بەشێوەی فیلم دەربڕێ. سینەمای ئەو لەم سالانەدا کەبەردەوام خەریکی کارکردن و فیلمسازکردنە، سینەمایەکە کەپەیامی پێیە. قسەیەکی پێیەو مەبەستی سەرەکی دەربڕینی ئەو قسەیەیە. لەخەون بینەکانیشدا ئەم بوونی پەیامە بەجوانی دەبیندرێ. سەرجەم ئەوانەی وتار یان کتێبیان دەربارەی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٩٦٨ خوێندووەتەوە، یان لاپەڕەیان لەکتێبەکان داوە، زۆرباش دەزانن ئەو خوێندکارانە چ خواستگەلێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراویان هەبوو. ئازادیخوازی گرنگترین خواستی ئەوان بوو و بێرتۆلۆچی لەم فیلمەیدا بەجوانی ئەم ئازادییە بەوێنادەکێشێ.

بەرێکەوت لەسایتە ئینگلیزییەکاندا، نووسینێکم دەربارەی فیلمی "خەون بینەکان" خوێندەوە کەپەڕەگرافی بەر لەکۆتایی بابەتەکە بەم شێوەیە دەستی پێکردبوو. "بیرتۆلۆچی خۆشی نازانێ چی دەوێ. ئاخۆ ئەو دەیەوێ فیلمێک دەربارەی شۆڕشی خوێندکاران دروستبکات، یان دەربارەی وزەو توانای گەنجێتی؟"و تا کۆتایی بابەتەکە هیچ وەڵامێکیشم بۆ ئەم پرسیارە دەست نەکەوت. ڕەنگە ئەمە پەرچەکەکردارێکی باو بێت. فیلمەکانی بێرتۆلۆچی هەم دەربارەی شۆڕشە، هەم سینەماو هەم وزەو توانایی و شەوقی گەنجێتی، سێ چەمک کە بەپێی سەنتز، یان بەپێی دیدی مارکۆزەیی لەم فیلمەدا پێکەوە گرێدراون. هەڵبەت وێڕای پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ئایدیای ئیرۆسی مارکۆزەو شۆڕش، بەمانای نەهێشتنی سەرکوت و ڕامکردنێ کەشارستانییەتی پیشەیی دایدەسەپێنێ. ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆ نووسینی ڕەخنەیەکی تێۆریک لەسەر فیلمی "خەون بینەکان" خوێندنەوەیەکی نیوە سینەمایی بەپێی ئەم سێ چەمکەو گرێدانەوەیان لەگەڵ دەقی ڕووداوی فیلمدا، واتە هەمان بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٩٦٨.

بێگومان ژمارەیەکی زۆر لەبەردەنگەکان کە لەهەر چەشنە ڕایکالیسمێکی بابەتییانە دەترسن، لەڕاستیدا هەمان ئەو بەردەنگ (ڕەخنەگرانەی کەجنێودان بەهەر چەشنە چەپگەراییەک بووە بەنوقڵی سەر زاریان و بەشانازییەوە، ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت بەمانای مەرگی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە دەزانن)، زۆر سادە "خەون بینەکان" بەفیلمێک دەزانن دژ بەبزووتنەوەی ١٩٦٨و وەک تەنزێک لەسەر ڕادیکالیزمی "گەنجان"ی بێ ئەزموون چاوی لێدەکەن. لەدۆخی ١٩٨٩ بەدواوەو گرنگتر لەوە لەدوای ٢٠٠١ پارێزگاربوون و "دەستگرتن بەکڵاوی خۆتەوە کەنەکەوێ" گەورەییەکی لیبراڵە کەبێ بەریبوون لەو گەورەییە، وەک ئەوە وایە بۆنت بێت لەبەر ئەوەی نەچوویتەتە گەرماو. بەڵام "خەون بینەکان"ی بێرتۆلۆچی لەناو ئەو ژمارە زۆرە فیلمەدا

کە لەسەر ١٩٦٨ سازکراوە، دەکرێ بڵێین تایبەتە (لەدیدی ئەم نووسراوەوە)، لەڕاستیدا فیلمێکی تەواو نوێیە. بێرتۆلۆچی لەم فیلمەدا لەمارکۆزە مارکۆزەیی ترە. ئەو (بێرتۆلۆچی) درێژە بەڕێگاکەی مارکۆزە دەداو پڕۆژەی "ڕزگاریخوازی" مارکۆزە دەگەیەنێ بەئەنجامێکی لۆژیکیانە، لەڕاستیدا دەگا بەئەنجامە ناکۆکە لۆژیکییەکانی. هەڵبەت جگە لەمارکۆزەو خوێندنەوە تایبەت و ئاشکراکانی ئەو بۆ شۆڕش، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕوانگەی گشتی دەربارەی شۆڕش و دەبێ بەوانەی ئەم فیلمە بەگاڵتەکردن بەهەر چەشنە شۆڕشێ دەزانن، بوترێ شۆڕش بەهەمان ئەندازە کە لەشەقامەکاندا ڕوودەدات، ڕوودانیشی لەناوەوەو لەچواردیواری (Interior)یشدا گرنگەو "خەون بینەکان" دەپەرژێتە سەر ئەم لایەنەی شۆڕش. دەکرێ دیمەنەکانی فیلم بەدوو بەشی ناوەوەو دەرەوە دابەشبکەین. ئەوانەی لەدەرەوەن زۆربەی کات سەرقاڵن بەوەی لەشەقامەکاندا کۆببنەوەو لەگەڵ پۆلیس لەسەر شەقام و لەبەردەم سینەماتێک و زانکۆکاندا شەڕ بکەن و ئەوانەی ناوەوەش هەموویان لەماڵی ئیزابێل و تیئۆدان. ئەو خانووەی کەدایک و باوکی تێدا نییە (ئەوا ڕۆیشتوون بۆ پشوو)و ئەم براو خوشکە چەن جار هاوڕێ تازە ئەمریکاییەکەیان (ماتیۆ) بانگهێشتدەکەن بۆ ماڵەوە. ئەم ڕووداوە لەدوای تێپەڕبوونی یەک لەچواری فیلمەکەوە ڕوودەدات. هەر لێرەدایە کەڕووداوەکانی دەرەوەو ناوەوەی ماڵ هاوتەریبی یەکتر دەڕۆنە پێش. لەڕاستیدا بەمانای جوڵەی شۆڕشە لەناوەوە (Interior)و دەرەوە (Exterior).

من لاموایە مەبەستی سەرەکی فیلم ڕووبەڕووبوونەوە، یان باشتر بڵێم هەمان دیالکتیکی دەرەوەو ناوەوەیە لەدەقی خواستی شۆڕشدا. ئەم سێ گەنجە لەپەرەستگەی ناوەوەدا سەرقاڵی ڕەوتی خەیاڵئامێز باڵقبوون و سێکسکردنن. تەنیا هەندێ جار لەنهۆمی سێیەمەوەو لەناوەوە تەماشای دەرەوەی شۆڕش و شەقامی پڕ لەگەنج و خوێندکاری شۆڕش دەکەن . ڕەنگە بێرتۆلۆچی بەئەنقەست دیمەنە دەرەکییەکانی فیلمەکەی کەشەڕی نێوان پۆلیس و گەنجە خوێندکارەکانە بەشێوەی گاڵتەجاڕ سازکردبێ. ئەم بەناو شۆڕشە زیاتر وەک ململانێیەکی گاڵتەجاڕانە دەچێت لەشەقامەکانی پاریسدا. لەبەرانبەر دیمەنە پڕئاڵۆز و ململانێ قوڵ و هەندێ جار لایەنە ئاینییەکانی ناوەوەدا. ئیرۆس (هەستی ژیان و عەشق) بەکۆمەڵێ ڕێورەسم و بەنێوەندارێتی خەیاڵ، یان هەمان (phantasy) لەوەدایە کەبەدی بێت. لێرەدا فانتزی لەتەک لایەنی مارکۆزەییەکەیدا دەردەکەوێ، هەم لەپێگەی ئەو شتەدا کە بەنێوەندارێتییەکەی هەست دروستدەبێ و شێوەی بەدیهاتنی دەردەکەوێ و هەم لەپێگەی هەمان لایەندا کە لەڕوانگەی مارکۆزەوە شارستانییەت نەیتوانیوە سەرکوتی بکات و بەردەوام یەکەی پتانیسەلی ڕزگاریخوازییە (emancipatory). لەم فیلمەدا فانتزی بەشێوەی مێدیۆمی (medium) سینەماو "بەبیرهێنانەوەی" فیلمە کلاسیک و هەروەها شەپۆلە نوێکان دەردەکەوێ. ئەو سێ گەنجە خەریکی یارییەکن بەو شێوەیەی یەکیان جوڵەی بێدەنگی هەیەو ئەوانیتر دەبێ بێتەوە یادیان ئەم دیمەنی کامە فیلمە. ئەگەر نەتوانن وەڵامی ڕاستبدەنەوە، ناچاردەبن کارێ بکەن کە کەسی یەکەم فەرمانی دەدات. تەمبێکان بەزۆری تەمبێی ئیرۆتیکییە. لەم ناوەوەدا کەپڕە لەجوڵە "بەبیرهێنانەوە" بەمانای هەمان "لایەنی جوانیناسی مارکۆزییە" کەبڕیارە ڕزگاریدەربێت، فەرمانێکە کەناکرێ لێی لا بدەی و بەڕێوەی نەبەی. ئەم فەرمانی " بەبیرهێنانەوە" چاودێری هەست و ئیرۆس دەکات. دروشمی شۆڕش لەناوەوە هەمان بەبیرهێنانەوەو بەدەستهێنانەوەی بیرەوەری "هەستە". لەدەقی بەڵگاندنەکانی "خەون بینەکان"دا وەک ئەوە وایە شۆڕشی ڕاستەقینەو ئازادی ڕاستەقینە هەر ئەم شۆڕشەی هەست و مەترسییەکردنەیە لەپانتای ئیرۆسداو گۆڕانی دۆخی هەبووە لەناوەوە لەنەبوونی باوک و دایکدا کەنوێنەرانی نەریتی سەرکوتگەرن. گەنجبوون و هەست و شۆڕش سێ ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم فیلمەن کەپێکەوە گرێدراون.

" خەون بینەکان" تەنیا گاڵتەکردن نییە بەشۆڕشگێڕە لاوەکانی ١٩٦٨ کەڕەخنەگرە "عاقڵ و شارەزاکانی" ئێمە باسی لێدەکەن. ئەم فیلمە لایەنێکی بنەڕەتی لەم ڕووداوە چارەنووسسازە دەخاتەڕوو، کەدواتر بەشی زۆری ئەم لایەنە لەلۆژیکی سیستەم و دۆخی هەبوودا هەرسدەکرێ و دەبێ بە بەشێک لەو سیستەمە. ئیرۆسی مارکۆزەیی و ڕێگا سەیرو سەمەرەو " ڕادیکاڵ"ی بەختەوەرکردنی لەباشترین و کامڵترین شێوەدا لەلایەن بۆرژوازییەوە بەشێوەی کاڵای ڕازاوەو سەرنجراکێش هاتە بازاڕەوە.

ئەوەی لەدەرەوە لەبەردەم سینەماتێکی پاریسدا، ئەم پەرەستگەیەی فانتێزی و ڕزگاری و بەختەوەریدا ڕوودەدات، ڕاست خاڵی لەو چەشنەی لەناوەوەی ئەم سێ " گەنج"ەدا دەڕواتە پێش. "خەون بینەکان" باسکردنێکی بێ ڕۆح نییە لەچەمکی شۆڕش. ئاماژەی ئاشکراو بێ پەردەی بەکردە ئیرۆتیکییەکانە ماتیۆو تیئۆو ئیزابێل لەماڵێکی تەواو بۆرژوازیدا بەشێوەیەکی ڕاست و هەڵبەت بێ ڕەحمانە باس لەچەمکی شۆڕش دەکات. ئازادی دەروونی، بەپێچەوانەی مانای ئیدئۆلۆژیکی ئازادی، پێویستی بەنەهێشتنی کۆتە لەو کۆت و بەرتەسکانەی کەدۆخی هەبوو زۆری پێویست پێیەتی. ئەم س□ی کەسە لەناوەوە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ شۆڕش، هەڵبەت هەندێ شتیان نەدەزانی. ئیزابیل دەترسێ و کەدەزانێ دایک و باوکی بەپێوەندییەکانی ئەویان زانییوە، دەیەوێ خۆی بکوژێ. شکاندنی شووشەی ئاپارتمان بە بەردی خوێندکارانی سەر شەقام ئەو ڕزگاردەکات. ڕەنگە ئەم دیمەنە دەربڕینێکی باش بێت بۆ دیالکتێکی exteriorو interior. بەڵام بەمەشەوە بێرۆلۆچی exterior بەشتێکی بێ بەها دەزانێ. گێڕانەوەکەی ئەو لەبونیادیدا لیبرالیستییە نەک ڕادیکاڵ، یان لانیکەم لیبرالیزمی ڕادیکاڵ. زۆر نا سیاسیبوونی ڕوانگەی بێرتۆلۆچی بۆ شۆڕشی دەروونی وێڕای ناکۆکییەکانی، لیبرالیزمی " گەنجەکان"ی ئەو لەبەیندەبات.

## بەرد ئاکامێکە لەتاقیکردنەوەی وشە

عەلی حسەینی

ئێمەی هەنگاو بەردەوامین
پێڵاو یارمەتیمان نادات
سوورین ئێمە تا ئێوارە
هێشوویەک بەرەو ئێوارە
جووتێ ماچی مەحسووری ئاڵ
شاعیرەکە دەئاگرێنێ و
سەمەرەیە! مەگەر کچەکە نازانێ
ئاگر ڕیوایەتێکە لەبەژنی تین
تینیش چرکەیەک بەڕووی ئەو دیوا
هەتاکو بڵێی سووتانە؟!
زۆرجار بەردبوون

بەقەد هاسانبوونی دیژوار نییە
گەردنی شاخ
بێ ملوانکە
ئەم هەموو سەرەی نووسیوە
کۆڵانی بەرد جارێکیش بێت
لەسەفەری ڕەنگەکانا
وشەی شێعراویی ناسیوە
لەسەرەتای بارانەکەوە
بەرد ئاکامێکە لەتاقیکردنەوەی وشەو
دوو گزینگ لەو بەر وشەوە
ئاخۆ شێعر چۆن بێتەپەیڤین بۆ زەمەن؟!


سەوز بەشێکی هەرە بچوکە
لەنەریتی بەشکۆی گەڵا
هەر نەتزانی
وەرز ئاوڕدانەوەیەکە لەڕەنگ

یان ڕەنگ باڵاپۆشی وەرزە!
ڕەنگەکانی ناو ئەنرێشەت لێڵ دەنوێنن
جارو بارێک
ئەو مەترسییە بەدی ئەکەم
بەشێعرە پلاستیکییەکەدا
بخزێتە کۆڵان و بنێشت
ناو بەناویش
ئەو هەستە دەستم پێ ئەدا
ئەو پەڕی تماشا بڵێیت و
ترۆپکی تارمایی بەزێنی
ناتەباییەکە لەوەدایە
تۆ دەڵێی هەنگاو کەمە بۆ تاقەتی جادەو
من دەڵێم هەنگاو زۆرە بۆ تاقەتی جادە.
کێ ناڵێ پزیسک زۆرترین نووسراوەو
یان کێ دەڵێ بڵێسە کەمترین خوێندنەوەیە
لەهێزی ڕەنگینی ئاگر؟

گوڵلە لەخەمزەی تفەنگەوە
سوور سوور ئەسپی دەنووسێ و
مێژوو چڕزا
مرۆڤەکەش هەرقەپاڵێ لەسەوز ئەدا.
شەوێک دێت و
شەوێک ئەڕوا
شەکەتی پڕە لەوشەو
لەو پەڕی ڕەنگەکانەوە
لەسەفەری سووری دێڕدا
کچە چاوشینە خۆش نیگاکە
چەندین وشەی سەر بەمۆری
بەبۆنی نیشتمانەوە
لەشێعرێکی دوو ئێکس لارجا
هاویشتە وێب سایتەکەوەو
ئاوی شێعری ئەم گۆی زەوییەی دایەوە.

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# کۆرپەلەیەک کەسەری هاوشێوەی سەری بۆقە لەعێراق لەدایکدەبێت



دەستوور

لەڕووداوێکی سەیروسەمەرەدا ژنێکی تەمەن ٢٣ ساڵ لەباشووری عێراق منداڵێکی بوو کەسەری هاوشێوەی سەری بۆقە.

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئەلزەهراوی شاری عەمارە بەئاژانسەکانی هەواڵی ڕاگەیاندووە ڕۆژی پێنجشەممە ئەو منداڵە لەدایکبووەو دوای چەند کاتژمێرێک گیانی لەدەستداوە.

دکتۆر موعتەمەد حنون وتی سەری ئەو منداڵە بەبێ ئێسقان بووەو مێشکیشی لەبەشی پێشەوەی سەریدا بووە.

وتیشی لێکۆڵینەوەکان لەو بارەیەوە بەردەوامەو ئەگەر ئەو بابەتە بۆ کێشەی جینی نەگەڕێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو لەدایکبوونە بەهۆی بڵاوبوونەوەی رادیوئەکتیف لەجەنگی ئەمەریکاو عێراق بووە.

دایکی منداڵەکە شەش منداڵی دیکەی هەیەو هەر شەشیان لەبارودۆخێکی تەندروستدا ژیان بەسەردەبەن.

# دایکێک دوو منداڵی دەسوتێنێت




دەستوور

پۆلیسی ئەفەریقای باشوور ڕایگەیاند دایکێک دەستگیرکراوە کەدوو منداڵی لەناو ئاگردا سوتاندووە.

جۆردا ئیستوارت وتەبێژی پۆلیسی ناوچەی کیپ لەئەفەریقای باشوور بەئاژانسەکانی هەواڵی ڕاگەیاند لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان نیشانیدەدات دایکی ئەو دوو منداڵە لەکاتی ئاگرکەوتنەوەکە لەچێشتخانەی ماڵەکەدا بووە.

جۆردا ئیستوارت وتی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ئاشکرایدەکات ئاگرکەوتنەوەکە بەئەنقەست بووەو هەردوو منداڵە ٥ مانگو ٤ ساڵانەکە بەهۆی ئەو ئاگرکەوتنەوەیەوە گیانیانلەدەستداوە.

هەروەها وتیشی دایکەکە لەدوای ئاگرکەوتنەوەکە بەخێرایەکی زۆر ماڵەکەی چۆڵکردووەو داوای هاوکاری لەخەڵک کردووە.

ئێستا ئەو ژنە بەکوشتنی منداڵەکانی تۆمەتبارکراوەو دەستگیرکراوە.

# کوڕێکی ١٥ ساڵ ١٠ کەس دەکوژێت


دەستوور

کوڕێکی ١٥ ساڵەی خەڵکی وڵاتی پیرۆ دانی نا بەکوشتنی ١٠ کەسو بنکەی ئینتەرنێتی هەراڵد تریبون نازناوی گەنجترین بکوژی جیهانی بەو کوڕە بەخشی.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی هەراڵد تریبون کوڕەکە بە "گرین گاچۆ" ناسراوەو لە١٢ ساڵییەوە تێکەڵ بەباندەکانی تاوانکاری لەناوچەی تریجیلیۆی پیرۆ بووە.

گرین گاچۆ دانی بەکوشتنی ١٠ کەس ناوەو یەکێک لەکوژراوەکان ژنێکی دووگیان بووەو لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەبارەی تاوانەکانەوە بەردەوامە.

ناوچەی تریجیلیۆی پیرۆ ئامارێکی باڵای لەتاوانو توندوتیژی تێدا تۆمارکراوەو یەکێک لەناسراوترین ناوچەکانی پیرۆیە بۆ چالاکیی باندەکانی تاوانو مادە هۆشبەرەکان.




# ئەو کەسانەی فەیسبووکیان بۆ دزی بەکاردەهێنا، دەستگیرکران

دەستوور

سێ کەس بەتۆمەتی دزیکردن لەڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکەوە لەئەمریکا دەستگیرکران.

ئاژانسی هەواڵی گیزمۆدۆ ئاشکرایکرد ئەو کەسانە بینو لێکدانەوەیان بۆ فەیسبووکی چەندان هاووڵاتیی ئەمەریکی لەو کاتانەی لەماڵ نەبوون کردووەو دواتریش دزیان لەماڵی ئەو کەسانە کردووە.

بەوتەی پۆلیس دزەکان تائێستا بەو شێوەیە کەلوپەلی ٥٠ ماڵیان دزیوە.

ئاژانسەکە هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە ئەو دزانە زیرەک نەبوون، لەبەرئەوەی بە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی foursquare ئاسانتر دەیانتوانی دزیبکەن.

# ماستاو بەکولێرەی گەرمەوە

## بەشێک لەخەڵکی سلێمانی، بەبێ ژەمە ماستاو ناتوانن ڕۆژ بەسەربەرن





مەعاز فەرحان

خالید هەموو ڕۆژێک لەگەڵ سپێدەی بەرەبەیان دوکانەکەی بەڕووی کڕیارەکانیدا دەکاتەوە، ئەوانەی ساڵانێکی زۆرە لەهەرکوێیەک بن، ڕۆژانە ژەمێک خواردنیان لەماستەکەی ڕەحیم دەبێت، خالید کە لەپێنج ساڵیەوە لەبەردەستی باوکیدا ماستاوی فرۆشتووە، تائێستاش بەردەوامە، ئێستا دوای ئەوەی باوکی پیربووە، خالید ماستاو دەفرۆشێت، ڕۆژانە لەناو سەدان کڕیاری دێرینو نوێ ڕۆژ بەسەردەبات.

خالید وتی "ماوەی چل ساڵە ماستاو دەفرۆشین، لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە موشتەریمان هەیە، ڕۆژانە دێنە لامان".

خالید حاجی ڕەحیم، خۆی بە بەختەوەر دەزانێت کاتێک ڕۆژانە ئەو مەکینەی ماستاوە دەگرێت بەدەستییەوە، کە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردووە باوکی ماستاوی خەستی بۆ کڕیارەکانی پێکردووە. دەڵێت دڵخۆشە بەوەی لەسەر پیشەکەی باوکی بەردەوامە.

ماستی ڕەحیم یەکێکە لەدوکانە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی، کەڕۆژانە کڕیارێکی زۆر بۆ خواردنەوەی ماستاو لەگەڵ کولێرەی گەرم، یان ماستو چا ڕووی تێدەکەن.

ماستاوکردن بەیەکێک لەخواردنە کوردەوارییەکان دادەنرێتو لەزۆربەی چایخانەو گازینۆو چێشتخانەکانی شارەکانی کوردستان دەفرۆشرێت، خەڵێکی زۆر خوویان پێوەگرتووەو ناتوانن دەستبەرداری بین.

ئاوات حەمەئەمین، ٤٠ ساڵ، لەبازاڕی ڕەشەمۆڵەوە هاتبوو بۆ خواردنەوەی ماستاوەکەی حاجی ڕەحیمو ماوەی شەش ساڵە بە بەردەوامی لەم دوکانەدا ماستاو دەخواتەوە، وتی "ئەگەر هەر بۆم نەکرێت هەموو ڕۆژێک بێم، لەهەفتەیەکدا سێجار ماستاو دەخۆمەوە".

ئاوات بەدەم خواردنەوەی جامێک ماستاوەوە، وتی "ماستاو خواردنێکی زۆر خۆشەو بۆ تەندروستی سوودی زۆرە، هەستدەکەم تەندروستیم زۆرباشە کاتێک ماستاو دەخۆمەوە".

کەمال مستەفا، مامۆستایە، لەساڵی ١٩٩٢وە بە بەردەوامی ماستاو دەخواتەوە، وتی "بەیانیی هەموو ڕۆژێک جامێک ماستاو دەخۆمەوە، کەوەک دەرمان وایە بۆ پاککردنەوەی گەدە".

کەمال دەڵێت کاتێک سەفەردەکات بۆ دەرەوەی وڵات، بیری ماستاوەکەی حاجی ڕەحیم دەکات.

دوکانەکەی حاجی ڕەحیم ڕووبەرەکەی کەمترە لە٣٠ مەتر، لەکۆڵانێکی تەسکی شەقامی مەولەویدایە، بەڵام بە بەردەوامی کورسییەکان خەڵکی لەسەرەو لەبەردەم دوکانەکاندا چەند کڕیارێک لەسەرەدا وەستاون.

خالید ڕۆژانە ١٠٠ کیلۆ ماست دەکات بەماستاو، دەڵێت ڕۆژانە کرێکارو خاوەن چێشتخانەو شوفێرەکان دەوریان قەرەباڵغ دەکەنو ماستاوەکەی ئەوان دەخۆنەوە.

چەندان دوکان لەشاری سلێمانیدا هەن کەمێژووی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەستا بەناوبانگەکانی ماستاو فرۆشتن دەڵێن مەگەر مردن لەمەکینەو ماستی کوردییان داببڕێت.

قادر مستەفا ماوەی ٣٠ ساڵە ماستاو دەفرۆشێت، ئاماژە بەوە دەدات بۆ ساتێکیش ماستاو لەژیانی ئەودا فەرامۆشنەکراوە، قادر ڕۆژانە نزیکەی ٧٠ بۆ ١٠٠ کیلۆ ماست دەکات بەماستاو.

قادر وتی "موشتەریم هەیە سی ساڵە هەموو ڕۆژێک ژەمێک ماستاو دەخواتەوە، هەیە ڕۆژانە دوو ژەم ماستاو لای ئێمە دەخواتەوە".

ئەوەشی وت زۆرترین کڕیارەکانیان کرێکاران، بۆیە ناوی چایخانەکەشیان بەناوی کرێکارانەوەیە.

چایخانەکەی ستاری چایچی لەنێو بازاڕی حەوزە وشکەکەی شاری سلێمانی، بەیەکێک لەناونیشانە دیارەکانی ئەو گوزەرە دادەنرێت، یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٦ دەرگای بەڕووی کڕیارانی ماستاودا کردووەتەوە، ستاری چایچی کەسەروریشی بەتەواوەتی سپی بووە، دەڵێت "منداڵ بوو دەستمپێکردو ئێستا وا خەریکە کۆتایی بەژیانم دێت".

ستار ڕەزا، وتی "هەتا بەپێوەبم ماستاو دەفرۆشم، چونکە کاسپییەکی حەڵاڵەو دۆستێکی زۆرم گرتووە بەهۆی ماستاوەکەمەوە".

ستاری چایچی ڕۆژانە ٢٠ تا٢٥ کیلۆ ماست دەکات بەماستاو. وتی "زۆربەی موشتەرییەکانم مردوون، ئێستا موشتەریی گەنجم زۆرە، ئەوانەی لەگەڵ مندا لەم گوزرەدابوون، یەک کەسیان نەماوە".

پارک
ڕۆژانی هەموو دووشەممەیەک
لەماڵپەڕی دەستوور نێت گەرماوگەرم هەواڵو گۆڕانکاریە نوێیەکان دەخوێنیتەوە
www.destur.net